له یادی (٧٤) ساڵەی دامەزراندنی پارتیمان

نووسەر و رۆژنامەنووس و هونەرمەندانی کوردستان رووی گەشی شارستانی و هەوێنی پێشکەوتنی کۆمەڵگان، بەڕێزەوە لە بەرهەم و هزر و بیروڕای جیاوازیان دەڕوانین



ـمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

74

١٦ی ئابی ١٩٤٦ - ١٦ی ئابی ٢٠٢٠

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5989) سێشەممە 18ی ئابی 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان میکانیزمی دابەشکردنی مووچە تاوتوێ دەکات

بڕیار درا مووچەی ئەم مانگە بە پێی میکانیزمی خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی دارایی لە زووترین کاتدا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت



دوێنێ دووشەممە 17/8/2020 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیران، لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە کۆبوونەوە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



بەبۆنەی یادی حەفتا و چوار ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

ژمارەیەک کەسایەتی و سەرکردەی سیاسی لە ڕێی تەلەفۆنەوە پیرۆزبایی لە سەرۆک بارزانی دەکەن

بەبۆنەی یادی حەفتا و چوار ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارەیەك کەسایەتی و سەرکردەی سیاسی لە ڕێی تەلەفۆنەوە پیرۆزبایی لە سەرۆك بارزانی دەکەن. ئێوارەی ڕۆژی 16ی 8ی 2020 بە بۆنەی یادی حەفتا و چوار ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان هەر یەك لە بەڕێزان عومەر سەید عەلی ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان و محەمەد حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆسیایست دیموکراتی کوردستان و بەڵێن عەبدوڵڵا سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و چیا نەوشیروان مستەفا و سەلیم جبووری ئەندام و سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە ڕێی تەلەفۆنەوە پەیوەندییان بە سەرۆك مسعود بارزانییەوە کرد و بە بۆنەی یادی حەفتا و چوار ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزباییان لە سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتی و کادیر و ئەندام و لایەنگرانی پارتی کرد. لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییانەدا جەخت لە پەیوەندیی دوو لایەنە و هەماهەنگی و دۆستایەتیی نێوانیان کرایەوە.

داعش زۆرترین کردەوە تیرۆریستییەکانی لە ناوچە کوردستانییەکان ئەنجام دەدات

بابەکر زێباری شارەزای بواری سەربازی ڕایگەیاند، زۆربەی چەکدارانی تیرۆریستی داعش سوننە مەزهەبی عێراقین، بە ئامانجی شێواندنی باری ئەمنیی ناوچە کوردستانییەکانی دەڕەوەی هەرێم کردەوە تیرۆریستییەکانیان لەو سنوورانە ئەنجام دەدەن.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



3

د.مەیادە نەجارِ بۆ خەبات: هەولێر ناوەندی بڕیاری دیبلۆماسییەو لەکۆتاییدا هەر دەبێت بەغدا بۆ ڕێککەوتن ڕوو لە هەولێر بکات

هەولێر.. کۆنسولخانەی کۆریای باشوور بە مەراسیمێک یادی ئەنفال دەکاتەوە

کۆنسولخانەی کۆریای باشوور لە هەولێر لە 25ی ئاب بە مەراسیمێك یادی ئەنفال دەکاتەوە و چەندین چالاکی جۆراوجۆریش ڕێکدەخات، کۆنسولی کۆریاش گۆرانییەکی تایبەتی خۆی لەسەر ئەنفال پێشکەش دەکات و کتێبێکی شعریش بەناوی (گوڵاڵە سوورە) بڵاودەکاتەوە.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)



7

زیاتر لە ملیۆن تەن گەنم لە دەرەوەی سایلۆکان ماوەتەوە



د. ئەحمەد سەفار بۆ خەبات: هەولێر و بەغدا لەسەر بودجەی 2021 ڕێکدەکەون

بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا گرنگیی خۆی دەبێت بۆ دیاریکردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ساڵی 2021ی عێراقدا.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)




14

بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا پلانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری هەرێم وەستاوە



13

کاردانەوەی لایەنەکانی فەڵەستین بەرامبەر ڕێککەوتننامەی نێوان ئیسرائیل و ئیمارات



فارس عیسا:

ژمارەیەک لە بەرپرسانی هەرێم یاوەری کازمی دەکەن لە سەردانەکەی بۆ ئەمەریکا

بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە 18ی ئاب، سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی بگاتە واشنتۆن و لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ کۆببێتەوە و نوێنەرانی هەرێمی کوردستانیش بەشێك لە ئەندامانی شاندەکە پێکدەهێنن.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

لە یادی 16ی ئابدا، پارتیمان پاڵپشتی لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم و داموودەزگا پەیوەندیدارەکان دەکات بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و، پاراستنی سەلامەتی و تەندروستی هاوڵاتیانی خۆشەویستی کوردستان

بابەکر زێباری بۆ خەبات:

داعش زۆرترین کردەوە تیرۆریستییەکانی لە ناوچە کوردستانییەکان ئەنجام دەدات



بابەکر زێباری شارەزای بواری سەربازی ڕایگەیاند، زۆربەی چەکدارانی تیرۆریستی داعش سونن مەزهەبی عێراقین، بە ئامانجی شێواندنی باری ئەمنیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کردەوە تیرۆریستییەکانیان لەو سنوورانە ئەنجام دەدەن.

فەریقی یەکەم بابەکر زێباری ڕاوێژکاری سەربازی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شارەزای بواری سەربازیی بە خەباتی ڕاگەیاند: بەئامانجی تێکدانی دۆخی ئەمنیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لای دانیشتوانی ئەو ناوچانە، چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش ئێستا زۆرینەی جموجۆڵ و کردەوە تیرۆریستییەکانیان لەو ناوچانە ئەنجام دەدەن، بۆ ئەوەی ناوچەکە جێبهێڵن».

زێباری ڕاشیگەیاند: ئێستا زۆرینەی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش عێراقین بە جۆرێک سەتا 95 بۆ 98یان سونن مەزهەبن، بۆیە شارەزای تەواویشیان لەو ناوچانە هەیە و بە ئاسانی لە تیرۆریستییەکانیان جێبەجێ دەکەن.

ئەو شارەزایەی بواری سەربازی ڕاشیگەیاند: بەشێك لەو چەکدارانەی ئێستا لە ڕیزی داعشن عەرەبی هاوردەن و کاتی خۆی لە هەڵمەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان هاتوونەتە ناوچەکە، بەڵام دوای نەمانی پێشمەرگە لەو ناوچانە دووبارە عەرەبە هاوردەکان گەڕانەوە و بوونە داعش، ئەمانە خەڵکێکی شۆڤێنی داخ لە دڵن و مەبەستیانە ڕێژەی کورد لەوناوچانە کەم بێتەوە.



کەرکووک.. کۆژرانی سێ کارمەندی پۆلیسی فیدرالێ

بەڕێوبەری ناحیەی ڕەشاد لە کەرکووک ڕایگەیاند، کاتژمێر 11ی شەوی دووشەممە بۆمبێکی چێنراو لە گوندی تەل ئەلقائد سەربە ناحیەی ڕەشادی سنووری قەزای حەویجە تەقیوەتەوە و بەهۆیەوە سێ کارمەندی فەوجی یەکی لیوای 18ی پۆلیسی فیدرالێ کوژران بەناوەکانی (عەلی حسێن فازڵ) و (محەمەد سالح عەبدولهادی) و (ئەحمەد عەواد محەمەد) و پۆلیسێکی دیکەیش بەناوی (ریاز ناسر حوسێن) بریندارببوو.

هێمن هەورامی پێشوازیی لەکونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لەهەرێمی کوردستان کرد



دوێنێ دووشەممە 2020/8/17، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەنوسینگەی تایبەتیی خۆی لەتەلاری پەرلەمان پێشوازیی لە ڕۆب والەر کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لەهەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری کرد. لەدیدارەکەدا کە ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان لە فراکسیۆنە جیاوازەکان ئامادەیبوون، هێمن هەورامی بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە پیرۆزبایی لەکونسوڵی گشتیی ئەمەریکا کرد بەبۆنەی دەستبەکاربوونی وەك کونسوڵی نوێ لەهەرێمی کوردستان، پاشان بەوردی تیشکی خستەسەر دۆخی تەندروستی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتە ئابووریییەکانی لەهەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و جموجۆڵەکانی داعش و ئاماژەشی بەهەنگاوەکانی چاکسازی لەهەرێمی کوردستان کردو ڕایگەیاند: حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەکارنامەی کابینەی خۆیدا بەڕوونی باسی لەئەنجامدانی چاکسازییەکی گشتگیر لەسەرجەم سێکتەرەکاندا کردۆتەوە بەتایبەتی لەڕووی کارگێڕی و دارایی و بۆ ئەم مەبەستەش پەرلەمانی کوردستان پاڵپشت و هەماهەنگ دەبێ لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا. سەبارەت بەپەیوەندییەکانی نێوان هەولێرو بەغداش، جێگری سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان پشتگیری لەهەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغداو ڕێککەوتنیان لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا دەکات.

لای خۆیەوە ڕۆب والەر کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لەهەرێمی کوردستان، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی بەسەردانەکەی بۆ پەرلەمانی کوردستان، جەختی لەپەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کردەوە. هەردوولا گفتوگۆشیان لەبارەی جموجۆلی داعش و لێکەوتە ئابووریییەکان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەجیهاندا کرد. لەکۆتایی دیدارەکەشدا هەردوولا جەختیان لەپێویستیی بوونی پەیوەندییەکی باشتر لەنێوان هەرێمی کوردستان و ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا کردەوە، بەتاییەت لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و کۆنگرێسی ئەمەریکا.

خورماتوو. ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان گەنجانی کورد و حەشدی شەعبی هەیە

میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دانیشتوانی گەڕەکێکی کوردانیان لە شاری خورماتوو هەراسان کردووە و گەنجێکی دیاری دانیشتووی گەڕەکەکەش ئەوە دەخاتە ڕوو، ئەگەری شەڕی گەورە لە نێوان گەنجانی گەڕەکەکە و ئەو چەکدارانەی حەشدی شەعبی هەیە. دوێنێدووشەممە 2020/8/17، نەبەز جەهاد، یەکێکە لە گەنجە دیارەکانی گەڕەکی ڕزگاری شاری خورماتوو، بە خەباتی ڕاگەیاند: «لەڕاستیدا چەکدارانی حەشدی شەعبی ماوەیەکە بەتایبەت لە شەواندا بەمەبەستی چوون بۆ سەر مەزارگەی ئیمام عەلی لەسەر چیای هەنجیرە، بە ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیل بەسەر جووتسایدی گەڕەکی ڕزگاری هاتوچۆیەکی زۆر دەکەن و ئەوەی دەیکەن لەدژی دانیشتوانی ئەو گەڕەکەیە، چونکە دەزانن گەڕەکەکە کوردنشینە و جاری وا هەیە دوای کاتژمێر 12ی شەو دەیان ماتۆرسکیلیان کە دەنگی سالەنسەکەیان تێکداوە و بەرزیان کردوەتەوە دێن و دەڕۆن و خەویان لە خەڵکیش تێکداوە.

گوتیشی: ماوەیەکە میلیشیاکانی حەشدی ئەو مەزارگەیەیان لەسەر ئەو چیایە دروست کردووە و خۆ دەتوانن لە ڕێگایەکی تردە بڕۆنە ئەو شوێنە، بەڵام بەئەنقەست ئەو کارە دەکەن و لە پێش چاوی گەنجە کوردەکان بە ئاڵای حەشدی شەعبییەوە دێن و دەڕۆن و سوور دەزانن کە کورد بەو کارە ڕقیان هەڵدەستێت، میلیشیاکان کردەوەکانیان زۆر خراپە، نەك هەر بۆ کورد، بەڵکوو بۆ تەواوی پێکهاتەکانی دیکەش.

ئەو گەنجە، ئەوەشی خستە ڕوو: وەك گەنجانی گەڕەکەکە داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن، چونکە ئەگەر وا بڕوات، ئەوا ڕەنگە شەڕێکی قورس لەنێوان گەنجانی گەڕەکەکە و ئەو چەکدارانەی حەشدی شەعبی دروست بێت کە بە شەو و ڕۆژ هاتوچۆیانە بەتایبەت لەسەر جووتسایدی سەرەکیی گەڕەکی ڕزگاری و بە شێوەیەکی زۆر ناشارستانی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیل لێ دەخوڕن کە تەنیا مەبەستیانە خەڵك هەراسان بکەن کە ئەوەش نیگەرانیی زۆری دروست کردووە.

نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگەش لەنێو شاندەکە دایە

فارس عیسا: ژمارەیەک لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان یاوەری کازمی دەکەن لە سەردانەکەی بۆ ئەمەریکا



بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە 18ی ئاب، سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی بگاتە واشنتۆن و لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ کۆبێتەوە و نوێنەرانی هەرێمی کوردستانیش بەشێك لە ئەندامانی شاندەکە پێکدەهێنن.

دوێنێ دووشەممە سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی بە یاوەری شاندێك کە پێکدێت لە وەزیری بەرگری، جومعە عناد و وەزیری نەوت، ئیحسان عەبدولجەبار و وەزیری کارەبا، ماجید مەهدی و وەزیری پلاندانان، خالد بەتال نەجم و وەزیری کۆچ و کۆچبەران، ئیڤان فایەق و ژمارەیەك لە ڕاوێژکاران بەرەو واشنتۆن بەڕێکەوت. ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممەش، وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن بەرەو واشنتۆن بەڕێکەوتبوو بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ پێشوازیکردن لە شاندەکەی حکوومەتی عێراق. لەمبارەیەوە سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، فارس عیسا ڕایگەیاند کە ژمارەیەك لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان یاوەری سەرۆکوەزیرانی عێراق دەکەن و لەوێ دیدار و کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی واشنتۆن دەبێت.

فارس عیسا ئاشکرایشی کرد کە ئەندامانی شاندەکەی هەرێمی کوردستان پێکدێت لە؛ سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، فەوزی هەریری و سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئامانج ڕەحیم و نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا، بەیان سامی عەبدولڕەحمان، هەروەها نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگەیش لەنێو شاندەکە دایە.

لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا، ئەمەریکا و عێراق دەستیان بە گفتوگۆی ستراتیجیی نێوانیان کرد لەسەر پرسی دیاریکردنی چارەنووسی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و پێشبینی دەکرێت ئەو بابەتە یەکێك بێت لە تەوەرە سەرەکییەکانی گفتوگۆی نێوان مستەفا کازمی و بەرپرسانی ئەمەریکا، هەروەها پرسەکانی ئابووریی، تەندروستیی و ڤایرۆسی کۆرۆنا و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر تەوەرەکانی دیکەی کۆبوونەوەکان دەبن. ڕۆژی 21ی تەموزی ئەمساڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی سەردانی ئێرانی کرد و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتە کۆبوونەوەو و ڕۆژی 22ی تەموز کۆتایی بە سەردانەکەی بۆ ئێران هێنا و گەڕایەوە بەغدا.

دۆنالد ترەمپ: هەفتەی داهاتوو کۆمەڵێک سزای نوێ بەسەر ئێراندا دەسەپێنین




سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ لە میانی گەشتی کۆتایی هەفتەدا سەردانی ویلایەتی نیوجێرسی کرد و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا لە بارەی ڕۆژەفە گرنگەکانی ولاتەکەیەوە دوا. دۆنالد ترەمپ دەربارەی بڕیارەکەی ڕۆژی هەینیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتیی بۆ درێژ نەکردنەوەی «سزای بازرگانی چەك» بەسەر ئێراندا، ڕایگەیاند: ئەم بڕیارە چاوەڕوانکراو بوو، وەك کاردانەوەیەکیش کۆمەڵێك سزای نوێ بەسەر ئێراندا دەسەپێنین و لە هەفتەی داهاتوودا ئەم سزایانە دەبینن.

سەرۆکی ئەمەریکا ئەوەشی ئاشکراشی کرد کە لەئێستادا، بیر لە بەشداریکردن لەو کۆبونەوەیەدا ناکەنەوە کە سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین لە بارەی ئەم پرسەوە پێشنیازی ئەنجامدانی کردبوو. جێی باسە لە دەنگدانی ڕۆژی هەینییدا ئەنجوومەنی ئاسایش داواکاری ئەمەریکای بۆ درێژکردنەوەی «سزای بازرگانی چەك» بەسەر ئێران-دا پەسەند نەکرد.

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان میکانیزمی دابەشکردنی مووچە تاوتوێ دەکات

بڕیار درا مووچەی ئەم مانگە بە پێی میکانیزمی خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی دارایی لە زووترین کاتدا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت

پابەندنەبوون بە ڕێکار و ڕێنماییەکان بووە هۆی ئەوەی دۆخی تەندروستی بگاتە ئەم ئاستە مەترسیدارەی ئەمڕۆ



دوێنێ دووشەممە 17/8/2020 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران، لە ڕێگەی قیدیۆ کۆنفرانسەوە کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و میکانیزمی دابەشکردنی مووچە تاوتوێ کرا. سەبارەت بە دابەشکردنی مووچە، پاش ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا و بەرچاوڕوونی زیاتر لەبارەی دۆخی دارایی هەرێم، بڕیاردرا مووچە بە پێی ئەو داهاتەی کە لەبەر دەستە، لە زووترین کاتدا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت. بۆ لەمەودواش، پێویستە بە میکانیزمی خۆگونجاندن لەگەڵ داهاتی مانگانە و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مووچە لە کاتی گونجاودا دابەش بکرێت بە پشتبەستن بەداهاتەکانی هەرێم کە داهاتی نەوتی و نا نەوتی و ئەو بڕە پارەیەی کە لە بەغداوە دێت بۆ هەرێم، هەموو مانگێک ڕێژەی مووچە بە پێی داهات دەبێت.

لە کۆبوونەوەکەدا هەروەها گفتوگۆ دەربارەی دۆخی تەندروستی و ڕێکار و هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان کرا کە بەداخەوە ئێستا هەرێمی کوردستان، لە دۆخێکی مەترسیدار دایە و ڕێژەی تووشبوون و گیان لە دەستدان لە بەرزبوونەوەدایە. بۆیە پێویستە هاوواڵتیان، پابەندی ڕێکارەکانی خۆپارێزی و ڕێنماییە تەندروستییەکان بن. ئاماژەش بەوە درا کە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکاری پێویستی گرتەبەر و توانی تا ئاستێکی باش، دۆخەکە کۆنترۆڵ بکات کە بووە جێی دەستخۆشی و ستایشی خەڵک لە ناوخۆ و دەرەوە، بەڵام بەداخەوە پابەندنەبوون بە ڕێکار و ڕێنماییەکان، بووە هۆی ئەوەی دۆخی تەندروستی بگاتە ئەم ئاستە مەترسیدارەی ئەمڕۆ. بۆیە لە کاتێکدا داموودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەت بەردەوام دەبن لە جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی، داوا لە هاووڵاتیانیش دەکەین لە پێناو پاراستنی خۆیان و کەسوکاریان، پابەندبن و خۆیان بپارێزن .

د. ئەحمەد سەفار بۆ خەبات:

هەولێر و بەغدا لەسەر بودجەی 2021 ڕێکدەکەون



بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا گرنگیی خۆی دەبێت بۆ دیاریکردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ساڵی 2021ی عێراقدا. د. ئەحمەد سەفار، بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند: ئەم ڕێککەوتنەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق کراوە، گرنگی خۆی دەبێت بۆ ئەوەی گفتوگۆکان باش و بنیاتنەر بن بۆ ڕێککەوتن لەسەر بودجەی ساڵی 2021ی عێراق، بە تایبەتیش لەسەر پشکی هەرێمی کوردستان، بۆیە هەردوولا کۆدەبنەوە، تاوەکوو ڕێکبکەون لەسەر بودجەی 2021، دەبێت ڕێککەوتنی سیاسیش بکرێت تاوەکو فراکسیۆن و لایەنە سیاسییەکان لەناو پەرلەمان دەنگ بۆ ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بدەن.

بەپێی ڕێککارەکان، بەدێبت حکوومەتی عێراقی تاوەکوو 15ی 10ی 2020، ڕەشنووسی بودجە ئامادە بکات و بۆ پەرلەمانی بنێرێت. سەفار ئاماژەی بەوەشدا، بەهۆی خۆپیشاندانەکان و دەست لەکارکێشانەوەی حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی و دۆخی پەتای کۆرۆنا، یاسای بودجەی 2020 لە عێراق دەرنەکرا.

د. ئەحمەد سەفار گوتیشی: کار بۆ ئامادەکردنی بودجەی ساڵی 2021 لە نێوان وەزارەتی دارایی و پلاندانان دەکرێت، ئێمەش لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، لیژنەیەکی ستراتیژیی فەرعیان بۆ بودجە پێکهێناوە، بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزارەتی دارایی، لە هەفتەی داهاتوو کاری خۆمان دەکەین تاوەکوو پرۆژەکە زوو ئامادە بکرێت.

جێی باسە شەوی شەممە 15-8-2020، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و مستەفا کازمیی، سەرۆک وەزیرانی عێراق پەیوەندییەکی تەلەفۆنییان ئەنجام دا و لەو پەیوەندییەکەدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق ڕێککەوتن لەسەر نارنی 320 ملیار دینار بۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.

ئەو سەرمایەدارانەی قەرزاری حکوومەتن مۆڵکەکانیان دەخرێتە زیادکردنی ئاشکراوە و دەفڕۆشرێن

بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان فەرمان بۆ سەرجەم بانکە بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان دەرچووە کە نووسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن بکەن بەمەبەستی وەرگرتنەوەی قەرزی ئاسانکاری لەڕێگای فرۆشتنی ئاشکرا. لە نووسراوەکەی وەزارەتی داراییدا هاتووە «ئاماژە بە نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە 29361 لە 2020/4/16 تایبەت بە یاسای چاکسازی و نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە 2069 لە 2020/5/13 و نووسراوەکانمان ژمارە (626 و 694 و 969 و 981 لە 2020/4/14 و 2020/5/13 و 2و ی 2020/6/30 و 2020/7/19) ئاگادارتان دەکەینەوە نووسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن بکرێت بەمەبەستی وەرگرتنەوەی قەرزی ئاسانکاری لەڕێگای فرۆشتنی ئاشکرا (موزایدە) بە دواییەن ڕێکارە یاساییەکانتان بە وەرگرتنەوەی قەرز». نووسراوەکەی وەزارەتی دارایی ئاماژەی بە یاسای کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستانیش داوە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکەیان و داواش دەکات کە بەمەبەستی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لەڕێگای لیژنەکە لە بوونی هەر گرفتێک لە فرۆشتنی مۆڵکەکان بە نووسراوی فەرمی ئاگاداریان بکەنەوە.

لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی ناوەڕۆکی پێشنیازەیاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنیی ڕەتکردەوە



سەبارەت بەپێشنیازەیاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لەهەرێمی کوردستان، لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی لەپەرلەمانی کوردستان ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوەو تیایدا بڕیاریدا ئەو پێشنیازەیاسایە ڕەتبکاتەوە، ئەمەش دەقی ڕاگەیەنراوەکەیە:

ڕاگەیەنراوێک لەلیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی لەپەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەپێشنیازەیاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لەهەرێمی کوردستان-عێراق

پێشنیازەیاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی پێشنیازەیاسای هیچ فراکسیۆن و کەسێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو پێشنیازەیاسایەکە بەواژۆی 53 پەرلەمانتار لەفراکسیۆنە جیاوازەکان ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کراوە، ئامانج لێی زیادکردن و پاراستنی مەودای ئازادیی ڕادەربڕین و پاراستنی ڕۆژنامەنووسانی میدیای ئەلیکترۆنییە لەحوکمدانیان بەیاسای ژمارە 6ی ساڵی 2008 یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن. بەڵام دوای ئەو تێبینییانەی سەبارەت بەناوەڕۆکی پێشنیازەیاساکە گەیشتە لیژنەکەمان، لەڕێکەوتی 17.8.2020 بڕیارماندا ناوەڕۆکی پێشنیازەیاساکە ڕەتبکەینەوە بەوشێوازەی ئێستا هەیەو ئامادەکاری بکەین دوای پرس و ڕاوێژ لەگەڵ پسپۆڕان و میدیاکاران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەمەبەستی ئامادەکردنەوەی بەناوەڕۆکێکی گونجاو کە تێکهەڵکێشی بێیت بەو سەرنج و تێبینییانەی لەلایەن پسپۆڕان و میدیاکارانەوە بۆ لیژنەکەمان هاتووە.

لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی لەپەرلەمانی کوردستان
17/8/2020

د.مەیادە نەجار بۆ خەبات:

هەولێر ناوەندی بڕیاری دیبلۆماسییەو لەکۆتاییدا هەر دەبێت بەغدا بۆ ڕێککەوتن ڕوو لە هەولێر بکات



خەبات/ تریفە ئازاد

ئەندامێکی لیژنەی دارایی و ئابووری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەنێت، ئەوانەی بانگەشەی نەمانی قەوارەی هەرێمی کوردستانیان دەکرد خەونەکەیان کۆتایی پێهات، هەرێمی کوردستان لە بەهێزی دایەو حکوومەتی عێراقیش ناچارە ڕێککەوتنی لەگەڵدا ئەنجام بدات.

د . مەیادە نەجار ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو نەیارانی حکوومەتی هەرێم بانگەشەی جیاوازییان بۆ دژایەتی کردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکرد، ئەمجارە بەهۆی قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەشێک لە خائینانی ناوخۆ کەوتنە بانگەشەی نەهێشتنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە سۆشیال میدیا و کۆکردنەوەی واژوو و زۆر ڕێگەی دیکەشیان بەکارهێنا، بەڵام بینیمان دیبلۆماسیەتی سەرۆکی حکوومەت کۆتایی بەو خەونەی ئەوان هێنا.

د . مەیادە نەجار ڕاشیگەیاند: هەموو لایەک دەزانێت لە پێشتریش گوتمان هەولێر ناوەندی بڕیاری دیبلۆماسییەو لەکۆتاییدا هەر دەبێت بەغدا بۆ ڕێکەوتن ڕوو لەهەولێر بکات، ئەوەتا ئەمڕۆ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕیزدار (مەسرور بارزانی) بەتەنیا یەک تەلەفون توانی ڕێککەوتن لەگەڵ بغدا ئەنجامبدات، خەونی ئەو کەسانەی لەگۆڕنا کە دەیانەوێت هەرێم و بەغدا نە گەنە ڕێکەوتن، ئەم هەنگاوە دیپلۆماسیەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم وەڵامێکی تووندبوو بۆ ئەو کەسانەی بانگەشەی نەمانی قەوارەی هەرێمیان دەکرد.

مەیادە نەجار ئاماژەی بە ئەوەش دا: ئەوەی بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان گرنگە و پێویستە بیزانن هەرێم لەقۆناغێکی بەهێز دایە و بەغدا ناچارە ڕێککەوتن بکات، چونکە لەم قۆناغەی ئەمڕۆی عێراقدا، کازمی زۆرباش دەزانێت بەبێ هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نابێت و لەبەر ئەوە ناچارە دەستوور جێبەجی بکات و بودجەو ماف و شایستە داراییەکان بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت، چونکە نایەوێت بەدەردی مالیکی و جەعفەری و عەبادی بچێت بەڵکو دەیەوێت بگاتە ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێم و کێشەکانی ناوخۆی عێراقیش چارەسەر بکات، واتا کازمی نەک گوێ لەنەیارانی هەرێمی کوردستان ناگرێت بەڵکو ناچارە ئەو دەنگە نەشازانە فەرامۆش بکات، کازمی ناچارە ڕوو لەهەولێر بکات بۆ چارەسەری کێشەکان. بەدیوێکی تردا کەسانێک لەناوخۆ کەوتووبوونە جموجۆڵ بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کەهەرێمی کوردستان توانای دانی مووچەی نییە و کێشە و گیروگرفتیان دروست دەکرد، ئەمڕۆ کاتێک ئەو کەسانە بینیان چۆن کازمی بەتەنیا یەک تەلەفۆنی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مەسرور بارزانی ڕێککەوتنی کرد و بڕیاری نارنی بەشە پارەی مانگانەیەی دا کە بڕەکەی (320 ملیار) دینارە، هەرچەندە ماف و تموحاتی هەرێمی کوردستان لەم بڕە پارەیە زیاترە، بەڵام بەگشتی بۆ ئەم کاتەی عێراق و دابەزینی نرخی نەوت و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرنا تاڕادەیەک هەنگاوێکی باشە، بەشێکی دەبێت لەدابینکردنی سەرچاوەکانی داراییی هەرێم. وە لەبودجەی ساڵی داهاتوودا بەهەوڵی هەموومان دەتوانین بەشە بودجەی هەرێم جێگیربکەین و ماف و ئیمتیازاتی هەرێمی کوردستان وەک دابین بکەین.

بۆ دەقتەرا سیاسی ئا پارتییا دەمۆکراتا کوردستانێ (پارتی هاندەرێ هەستێن نەتەوییێن میللەتێ کوردە)

پیرۆز بە 74 سالا دامەزراندنا پارتییا دەمۆقراتا کوردستانێ

د گەل رێز و سلاڤێن گەرم و برایانە،
رێزداران، برادەرانێ تەکۆشەر،

ئیسال 74 سالڤەگەرا دامەزراندنا پارتیا دەمۆکراتا کوردستانێ یە.

پدك د سالا 1946دە، ب كەد و خەباتا مەلا مستەفایێ نەمر د رۆژا 16ێ تەباخێ دە هاتیە ئاڤا كرن و ب سەربلندی هەتانی ئیرۆ،ب بیر و باوەریەكە بەرز و قەدربلند، د ناڤ گەلەك تەنگاسی و چەتناهیانەدە دەرباس بویە. پدك، بێ گومان ب سەربۆری و كریارێن خوە، هەتانی ئیرۆ بویە هاندەرێ هەستێن نەتەوییێن ملەتێ كورد.

پیرۆزبە 74. سالیادا دامەزراندنا پدك.

هەروها ئەو رۆژا پیرۆز ژ بۆ مەلا مستەفایێ سەرۆكێ نەتەویێ ملەتێ كورد، ئەوقاس رۆژەكە دلخوەش بویە كو د هەمان رۆژێ دە، خوەدێ كوورەكی دایە جەنابێ وی، مەلا مستەفا ناڤێ وی دانیە مەسعود. هەر بژی و بێ كوول و دەرد بی مەسعود بەرزانی، هەڤتەمەنێ پدك-پارتیا دەمۆكراتا كوردستانێ. هەر دایم بی شەوق و رۆنی و هیڤی و وومودا سەرخوەبوونا كوردستانێ سەرۆك مەسعود بارزانی.

دامەزراندنا پارتیا دەمۆقراتا كوردستانێ،(پدك) پر گاڤەكە گرنگە د دیرۆكا ملەتێ كورد ئە. تەڤگەرا رزگاریا كوردستانێ قەرزدارێ رێبازا مەلا مستەفایێ بارزانی یە. پدك ژی رۆژا دامەزراندینێ و هەتانی ئیرۆ بویە وەك ئاكادەمی و خوەندنگەهەكە نەتەوی ژ بۆ هەمو كوردێن تەكۆشەر و وەلاتپەروەر.ب سایا پدك و یەكەم سەرۆكێ وێ مەلا مستەفایێ بارزانی،ملەتێ كورد ل هەمبەر ئەوقاس دژواری، بەدبەختی،نەداری، تونـدی و كوشتن و تـۆپ و گولەیان رۆهـی ملیێ ملەتێ كورد مایێ زندی.كدپ هەر تم وەك فانووسەك چار پارچەییێن كوردستانێ رۆناهی كریە و كوردا یەتیێ د هەر هال و مەرجەك دە، بهێزتر كریە. پارتی ژی هەلوەستا یەكیتیا كوردستانێ زایە و هەر نها ژی ژ بۆ كوردستانەكی سەربخوە هەول دده.

پارتیا دەمۆقراتا كوردستانێ سكان و پایتەخت و ناڤنیشان و ناڤندەكە قایمە ژ بۆ یەكیتی و یەكریزیا هەلوەستێن كوردەواری كو ل هەمو پارچەییێن كوردستانێ وەك رێنیشاندەر بی ریز و گیرامی تێ یاد كرن. پارتیا دەمۆقراتا كوردستانێ،هیڤی و ئومێدەكە مایندەیە ژ بۆنا ملەتێ كوردەو ب خەبات و چالاكیا خوە كاریە ئیرۆ كوردستانەكە ئازاد ب بەخشینە ملەتێ كورد ل باشوورێ كوردستانێ. هەروها پدك ب بریاری و باوەریەكە خورت ئامادەیە كو د رۆژێن پێش دە،كوردستانەكە سەربخوە،ب جامێری پێشكێشی ملەتێ كورد بكە.

سەدەم ڤێ یەكێ لازمە هەمو كوردێن جیهانێ یار و یاریدەرێ ڤێ ئامانجا پیرۆز بن.هێز و رێخستن و سازوومان و دەم و دەزگەییێن هەر چار پارچەییێن كوردستانێ بالدار بن كو ب هیچ شێوەیەك خەساریێ نەدن مەشا سەرخوەبونا كوردستانێ.

د مەشا 74سالیدا، پدك؛ گەلەك سەركەڤتن و دەستكەڤتیان دیت و بێ گومان گەلەك جاران ژی،شكەست خوار. لێ، د هەر هالەك دە، هەر تم كاری رۆهـی ملەت ساخ و زیندە بهێلە. ئەڤ هۆستاهیەك گەلەك ب نرخە كو ئیرۆ هەمو تەڤگەرێر و رێخستینێن كوردا لازمە ژ ڤێ هۆستاهیێ دەرس وەربگرن، سوود و كەلك بستینن. نەمر مەلا مستەفا د دەما خوە دە وها كەرەم كربو: "كوردنۆ، شیرەتا من ل وە بە. هەرگیر د سەركەڤتن و دەستكەڤتنان دە زێدە كووباریێ نەكن و د شكەستن و تەكچوونان دە ژی،بێهێڤی و دلشكەستی نەبن."

رۆژ ئەو رۆژە كو كورد هەموو پال و پشتا هەڤبن، ئالیكار و هەڤكاریێ هەڤ بن. لازمە كورد ژ خەبات و رێچ و ریێ و رێبازا مەلا مستەفا دوور نەكەڤن. ئەز ل سەر ناڤێ پارتیا ماف و ئازادیان ب گەرمترین هەستێن برایانە 74 سالیا پدك و هەر وها 74.رۆژبوینا جەنابێ سەرۆك مەسوود بارزانی پیرۆز دكم. سەد سلاڤێن دلینی ل سەر پێشمەرگەیێن قەهرەمان وورۆهـێ پاقـژێ شـەهیدێن نەمرێن دۆزا كوردستانێ بە. سلاڤێن گەرم و دۆستانە ژ بۆ هەموو ئەندام و ئالیگر و رێڤەبەر و رایەدارێن پارتیا دەمۆقراتا كوردستانێ. هاك-پار ب رێبازا بنەمالا بارزانی شانازە و هێڤیدارە كو ئەو رۆناهیا كو بەری 74 سالان پێكەتبو، هەر تم گەشتر ببە. ئوو ملەتێ كورد بگێژینە سەرفرازیەك ماییندە. پارتیا ماف و ئازادیان خوە، وەك برایەكە بچووكێ پارتیا دەمۆقراتا كوردستانێ هەساب دكە.

هەر بژی و هەر پیرۆز بە سالیادا دامەزراندنا پارتیا دەمۆكراتا كوردستانێ.

رۆژبونا جەنابێ سەرۆك مەسود بارزانی پیرۆز بە.خوەدێ لێ ژ سەرێ كوردان كێم نەكە.

لەتیف ئەپزدەمیر
سەرۆكێ گشتیێ پارتیا ماف و ئازادیان-هاك-پار

پەیامی پیرۆزبایی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ 13ەمین ساڵیادی دامەزراندنی کەنالی تەلەفزیۆنی قەڵات

بەڕێزان/بەڕێوەبەر و ستافی بەڕێوەبردن و کادیر و کارمەندانی کەنالی تەلەفزیۆنی قەڵات.

بەبۆنەی (13) یەمین ساڵیادی دامەزراندنی (قەڵات تیڤی) گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و بینەران دەکەین، ئومێدەوارین بۆ ساڵی داهاتوو لەڕێی بەرنامەکانتانەوە خزمەتی زیاتر و بەرچاوتری بواری رۆشنبیریی و راگەیاندن و کولتووری بکەن.

کاریگەریی میدیای بینراو زۆر هەستیار و گرنگە، بەتایبەتی لەو هەلومەرجەی ئەمڕۆدا بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان و رێنماییکردنی بینەران بۆ خۆپاراستن و پابەندبوونیان بە رێنماییە تەندروستییەکان بۆیە پێویستە وەك ئەرکی سەرشانی هەموو لایەك لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتیە نیشتیمانیە دابین.

خوازیارین لەو بۆنەیەدا زیاتر و لە گشت رووبەکەوە بەرەو پێش بچن و شانبەشانی کەنالەکانی دیکەی میدیایی، لەخزمەت کێشە رەواکانمان و داواکاریی و خواستی هاوڵاتیان دابن.

جارێکی دیکە پالپشتی و پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ کەنالی (قەڵات تیڤی) دووپات دەکەینەوە و، هیوای پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتر لە چالاکیی و کارەکانتان بۆ دەخوازین..

دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
17ی8ی2020

هەولێر. کۆنسولخانەی کۆریای باشوور لە 25ی ئاب بە مەراسیمێک یادی ئەنفال دەکاتەوە



کۆنسولخانەی کۆریای باشوور لە هەولێر لە 25ی ئاب بە مەراسیمێك یادی ئەنفال دەکاتەوە و چەندین چالاکی جۆراوجۆریش رێکدەخات، کۆنسولی کۆریاش گۆرانییەکی تایبەتی خۆی لەسەر ئەنفال پێشکەش دەکات و کتێبێکی شعریش بەناوی (گوڵاڵە سوورە) بڵاودەکاتەوە.


وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە کۆنسولخانەی کۆریای باشوور لە هەولێر رۆژی 25ی ئاب یادی ئەنفال دەکاتەوە. دوێنێ دووشەممە وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان لە راگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە کۆنسولی کۆریای باشوور لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ وەزیری رۆشنبیری و لاوان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بریارەی کۆنسولخانەکەی پێ راگەیاندوون و وەزارەتی رۆشنبیریش ئامادەیی پیشان داوە کە هاوکاری چالاکی و مەراسیمەکە بێت. لە راگەیەنراوەکەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاواندا هاتووە «ئەمڕۆ لە دیوانی وەزارەت، وەزیری رۆشنبیری و لاوان، حەمەی حەمە سەعید پێشوازی کردووە لە کۆنسولی گشتیی کۆماری کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان، چۆی کوانژین. راشیگەیاندووە کە لە کۆبونەوەکەدا، کۆنسولی کۆریای باشوور، چۆی کوانژین ئاماژەی بەوە کردووە کە لە 25ی ئابی ئەمساڵ مەراسیمی یادی ئەنفال ئەنجامدەدەن و هەر لەم مەراسیمەیشدا گۆرانییەکی تایبەتی خۆی لەسەر ئەنفال و کتێبێکی شعری بەناوی (گوڵاڵە سوورە) بڵاودەکاتەوە، بڕیاریشە لە مانگی 10ی ئەمساڵ هەفتەی رۆشنبیری ئەنجام بدەن کە تیایدا چالاکی وەرزشی تایکواندۆ و قسەکردن بە زمانی کۆری بە ئۆنلاین ئەنجام بدەن و بڕیارە فێستیڤاڵی فیلمی کۆری لە گۆڕەپانێك نمایش بکرێت کە ئامادەبووان بتوانن لەنێو ئۆتۆمبێلەکانیانەوە بینەری فیلمەکان بن.

لە راگەیەنراوەکەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاواندا ئاماژە بەوەیش دراوە کە وەزیری رۆشنبیری و لاوان رایگەیاندووە «لە رابردوودا چەندین چالاکی جۆراوجۆری رۆشنبیری و هونەری و کولتووری هاوبەشمان هەبووە، بەڵام لەئێستادا بەهۆی بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا و قەیرانی دارایی، ناتوانین بەردەوامی بە کارو چالاکییەکان بدەین، بەڵام لە هەمان کات کاردەکەین بۆ بەردوان بە پەیوەندی نێوان هەردوولا لەئێستا و داهاتووشدا.

هەر بەپێی راگەیەندراوەکە وەزیری رۆشنبیری ئامادەیی وەزارەتی دەربڕیوە لەسەر هەر هاوکاریەکی لۆجستی کە پەیوەندی بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانەوە هەبێت و رایگەیاندووە کە هیوادارن لە چالاکییەکانیان رەچاوی رێنمایەکانی لیژنەی بەرەنگاربونەوەی کۆرۆنا و هەریەك لە وەزارەتی ناوخۆ و تەندروستی بکەن و رێکارەکانی خۆپارێزی دژبە کۆرۆنا جێبەجێ بکەن.

تا ئێستا 777 کەس لە هەرێمی کوردستان بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە

هەرێمی کوردستان.. 463 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و 24 تووشبووی دیکەش گیانیان لەدەست دا



وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، 463 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 24 کەسی دیکەیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە.

دوێنێ دووشەممە وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە دا کە لە میانی 24 کاتژمێری رابردوودا، 463 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەش 213 کەس لە هەولێر، 58 لە سلێمانی، 34 لە گەرمیان، 116 لە دهۆك و 15 کەسیش لە هەڵەبجە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.

وەزارەتی تەندروستی ئەوەیشی خستوتەڕوو کە ژمارەی ئەو کەسانەی لە میانی 24 کاتژمێری رابردوودا، گیانیان لەدەستداوە بریتیین لە 24 کەس و لەو ژمارەیەش 10 لە هەولێر، پێنج لە سلێمانی، پێنج لە دهۆك، دوو لە گەرمیان و دوو کەسیش لە ڕاپەڕین. وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەیش کردووە کە لە میانی ئەو 24 کاتژمێرەدا چوار هەزار و 258 پشکنینی نوێ بۆ هاوڵاتیان ئەنجامدراوە و دە هەزار و 28 کەسیش چاکبوونەتەوە.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، کۆی گشتی ئەو پشکنینانەی کە بۆ هاوڵاتیان ئەنجامدراوە بریتییە لە 252 هەزار و 551 پشکنین و تا ئێستاش 21 هەزار و 660 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، 12 هەزار و 524 کەسیش دوای وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی گەڕاونەتەوە ناو ماڵەکانییان، هەشت هەزار و 359 کەسیش لە نەخۆشەخانەکان چارەسەری پزیشکی وەردەگرن و بەکۆی گشتیش تا ئێستا 777 کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە کە لەو ژمارەیە 254 کەس لە هەولێر، 493 کەس لە سلێمانی، 18 کەس لە دهۆك و 12 کەسیش لە هەڵەبجە بەهۆی تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە.

رۆژئاوای کوردستان.. فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمەریکا بۆردومانی خاڵێکی پشکنینی رژێمەکەی ئەسەد دەکەن



لە هێرشێکی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمەریکادا بۆسەر خاڵێکی پشکنینی رژێمەکەی ئەسەد لە گوندەواری پارێزگای حەسەکە، لانیکەم سەربازێك کوژراوە و دووی دیکەیش بریندارببوون. دوێنێ دووشەممە فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمەریکا، هێرشیان کردە سەر خاڵێکی پشکنینی سەربە رژێمەکەی بەشار ئەسەد لە گوندەواری پارێزگای حەسەکە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا و بەپێی ئامارە بەرایییەکان لە هێرشەکەدا، لانیکەم سەربازێك کوژراوە و دووی دیکەیش بریندارببوون.

بەپێی ئەو زانیارییەی لە سەرچاوە ناوخۆییەکانەوە دەستکەوتووە، کاروانێکی سەربازیی ئەمەریکا، کاتێك بەگوندی تەل ئەلزەهەب باشووری شارۆچکەی قامشلۆ سەربە گوندەواری پارێزگای حەسەکەدا تێپەڕیوون کەوتووەتە ناو خاڵێکی پشکنینی سەربە رژێمەکەی ئەسەد. دوای ئەوەی رێگە بە کاروانەکەی ئەمەریکا نەدرا تێپەڕێت، فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمەریکا بە چەکی قورس بۆردومانی خاڵەکەیان کردووە. بە گوێرەی زانیارییەکانیش لە بۆردومانەکەدا، لانیکەم سەربازێکی رژێم کوژرا و دووی دیکەیش بریندار بوون.

بەڵام هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ڕوونکردنەوەیەکدا بۆردومانکردنی بنکەیەکی سەربازیی سوپای رژێمی سووریای بە فڕۆکە لە شاری قامیشلۆ لە رۆژئاوای کوردستان، رەتکردەوە. لە ڕوونکردنەوەکەدا، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی رایگەیاندووە، کاتژمێر 9 و 20 خولەکی سەرلەبەیانیی دوێنێ دووشەممە کاروانێکی هاوپەیمانان و هێزەکانی سووریای دیموکراتی (هەسەدە) بە خاڵێکی پشکنینی هێزەکانی سەر بە رژێمی سووریا لە نزیك گوندی تەل زەهەب لە باشووری رۆژهەڵاتی قامیشلۆدا ڕەتبوون. دوای ڕەتبوونی کاروانەکە، ژمارەیەك چەکداری سەر بە رژێمی سووریا بە چەکی سووك تەقەیان لە کاروانەکە کردووە و سەربازانی هاوپەیمانان و شەڕڤانانی هەسەدەش وەڵامیان داونەتەوە، بەڵام هیچ فڕۆکەیەك بنکە سەربازییەکەی رژێمی سووریای بۆردومان نەکردووە.

نەرویژ .. لە یادی 16ی ئاب و ڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆک بارزانی بارەگای نوێی لیژنەی ناوچەی پارتی کرایەوە



ساسان دەروێش – نەرویژ

16ی ئابی 1946 دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژی لە دایکبوونی سەرۆك بارزانی لە هەمان ڕۆژ لە ژێر ئاڵای کوردستان لە مهاباد، دوو یادی گرێدراوی یەك میژوویین بۆ گەلی کورد و ئەندامان و دەروێشانی ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر کە لەسەردەستی خۆیان ئەم پارتە بنیادنراوە، بە ئایدیایەکی نەتەوەییانەو خزمەتکردن بەگەل کە هاوکات لەگەڵ بەرزڕاگرتنی هەردوو یادەوەرییەکە و هەر بەم بۆنەیەشەوە لە شاری ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ بە مەراسیمێك بارەگای نوێی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەشداری ژمارەیەکی کەم تەنها وەك سیمبولێك لە هەڤاڵانی لیژنەی ناوچەی نەرویژ و هەردوو ڕێکخراوی کادیرانی دڵسۆز و ڕۆمەریکەی تێکۆشەر و بەرپرسی ئەنجوومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە نەرویژ کرایەوە.

سەرەتای مەراسیمەکەش بە خولەکێك وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی بەرزەفڕی شەهیدانی کورد و کوردستان و سەروەریی بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو لەگەڵ مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دەستپێکرد، لە دوای بەخێرهێنانی هەمووڵایەك و پیرۆزباییکردنی ئەم دوو یادەوەرییەو کردنەوەی بارەگاکەیان لەم بۆنە خۆشەدا پێکەوە کێکی نەخشێنراو بە 16ی ئابی1946یان بڕی و هەموو پێکەوە سۆز و بەڵێنیان دووپات کردەوە کە هەمیشە خزمەتکاری گەلی خۆیان بن و پەیڕەوی ڕێبازە پیرۆزەکەی بارزانی و قوتابخانە مەزنەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن لە تاراوگەدا.

هەر لەمیانەی ئەم بۆنەیەشدا هەڤاڵ محەمەد ئەسکەندەر بەرپرسی ڕێکخستنەکانی لیژنەی ناوچەی نەرویژ بەم جۆرە بۆ خەبات دوا: سەرەتا پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی هەموو هەڤاڵانمان دەکەین، بەهیوایین ئەم یادکردنەوەیە ببێتە هەوێنی خوشگوزەرانیی نێوماڵی کورد و پاراستنی دەسکەوتەکانمان، خۆشحاڵ بووین لەم دوو بۆنە گرنگەدا کە ماوەیەکی زۆرە خۆبەخشانەو لەسەر ئەرکی خۆمان، سەرقاڵی ئەوەین کە بارەگایەك بکرێتەوە بەڕووی هەموو دڵسۆزانی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان وەك بارەگای لیژنەی ناوچەی نەرویژ و هەمووان بەماڵی خۆیانی بزانن کە پارتی لەو پێناوەدا دامەزراوە کە خزمەتکاری گەل و پارێزەری خاکی خۆی بێت.

ئەگەر ڕەوشەکە ئاسایی بووایە بەرنامەمان وابوو کە بانگهێشتنامەی تایبەت بۆ نوێنەرانی هەموو حزب و ڕێکخراوە سیاسی و ڕێکخراوە تێکۆشەرەکانی سەر بە ناوچەکەمان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵە کولتوورییە کوردیەکان و کەسایەتیە سیاسییەکان و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران بانگ بکەین و لەگەڵمان قردێلەی چوونە ژوورەوەی بارەگاکەمان ببڕین کە مانگێکە بۆ هەموان. لێرەوە بەدەرفەتی دەزانم زۆر داوای لێبوردن لە هەموو لایەك بکەین کە نەمانتوانی بەو شێوە فراوانە بۆنەکە پیرۆزبکەین، ئەوەش تەنها لەبەر پارێزگاری هەموو لایەکمان بوو، بەڵای ئێمەوە وەك ئەوە وایە هەموو لایەکتان بەشداربووبن دڵنیاین لە دڵسۆزیتان لە داهاتوودا لەخزمەتی هەموواندا ئەبین.

هەروەها دکتۆر خاتووزین بەرزنجی بەرپرسی ئەنجوومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە نەرویژ بۆ خەبات گوتی: پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی هەموو دڵسۆزانی ئەم ڕێبازە دەکەین کە خزمەت بەخاك و گەلی خۆیان دەکەن کە بناغەی پارتیبوونی لەسەر دامەزراوە، لەم بۆنە خۆشەدا کە کردنەوەی بارەگایەکی نوێی پارتییە بەڕووی هەموو دڵسۆزانی هەر چوار پارچەی کوردستان، هەروەها لە دایکبوونی سەرکردەیەکە هەموو ژیانی گەنجیی خۆی لە خەباتی شاخ و دەربەدەری بەڕێکرد، جەنابی سەرۆك بارزانی کوڕی دامەزرێنەری ئەم پارتە مەزنە ژنەڕاڵ مستەفا بارزانی کە تەمەنی پارتەکەی گەیشتە 74 ساڵ خەبات و بەرخودان لەپێناو یەك ئامانج کە ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە و چرای شۆڕشی هەڵکرد تا ئەمڕۆکەش ڕۆژ بە ڕۆژ گەشاوەتر دەبێت، دروود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان .

دەستگیرکردنی سێ گەورە تیرۆریستی داعش لە باکووری عێراق

ئاژانسی هەواڵگریی سەربە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند کە سێ گەورە تیرۆریستی داعش لە سنووری پارێزگای سەڵاحەددین باکووری عێراق، دەستگیرکراون. ئاژانسی هەواڵگریی سەربە وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە هێزەکانیان پشت بەستن بە زانیاریەکانی هەواڵگریی و لە میانی ئۆپەراسیۆنێکدا، سێ گەورە تیرۆریستی داعشیان لە ناحیەی عەلەم سەربە پارێزگای سەڵاحەددین دەستگیرکردووە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، ئەو دەستگیرکراوانە بەناو بەرپرسی پێشکەشکردنی پاڵپشتی لۆجستیی بوون بە ڕێکخراوی داعش لە زنجیرە چیاکانی حەمرین. باس لەوەیش کراوە کە پێشتر ئەو سێ گەورە تیرۆریستەی داعش لە سنووری پارێزگای کەرکووك بەرەو سنووری پارێزگای سەڵاحەددین هەڵاتبوون.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە، تیرۆریستە دەستگیرکراوەکان دانیان بەوەدا ناوە کە بەشداریان کردووە لە چەندین کردەی تیرۆریستی دژبە هێزە ئەمنییەکان و هاوواڵتیان. لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەی ئاژانسی هەواڵگریی ئاماژە بەوە دراوە، تیرۆریستە دەستگیرکراوەکان کە بەپێی ماددەی چواری تیرۆر داواکراون، دوای وەرگرتنی گوتەکانیان، بە مەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکان لەگەڵیاندا ڕەوانەی لایەنی دادوەریی کراون.

ئیمارات وەڵامی هەڕەشەکانی ئێران لەبارەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل دەداتەوە




خەبات – مەریوان نەقشبەندی

ئاژانسی میهری ئێرانی لەسەر زاری حەسەن ڕوحانی سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئێران بڵاوی کردەوە کە ئیماراتی عەرەبی هەڵەیەکی گەورەی کردووە بەئاسایکردنەوە و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەم ئاساییکردنەوە بەمانای هێنانی دەوڵەتێکی دوژمنی ئێرانە بۆ کەنداو کە ئەوەش جێگەی قبووڵ نییە و ئەگەر ئیمارات بەو بڕیارەیدا نەچێتەوە ئەوە ئاکامی خراپی دەبێت بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە و بۆ خودی دەسەڵاتدارانی ئیماراتیش.

ئەم لێدوانەی سەرۆکی ئێران ئیماراتی تووڕەکردوە و دوێنێ دووشەممە وەزارەتی دەرەوەی ئیمارات بانگهێشتی هەڵسوڕێنەری کاروباری ئێرانی لەئیمارات کرد و یاداشتێکی ناڕەزایی تونڈی لەسەر ئەم هەڵوێستە داوەتە ئێران و بەدەستوەردان لەکاروباری ناوخۆ و بڕیاری سیاسیی وڵاتێکی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەندام لە کۆمکاری عەرەبی و ئەندامی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو لەقەڵەم داوە و بەرپرسیاریەتی سەلامەتی دبلۆماتکار و هاوواڵتیانی ئیماراتیشی لە ئێران خستۆتە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە، ئەمەش وەك وەبیرهێنانەوەی ڕووداوی هەڵکوتانە سەر باڵیۆزخانەی سعودیە لە تاران لێکدەدرێتەوە، کاتێ سعودیە هاووڵاتیەکی شیعە مەزهەبی خۆی لەسێدارەدا.

جێی باسە لە سەرەتای ئەم هەفتەیە دۆنااڵد ترەمپ هەواڵی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئیمارات و ئیسرائیلی ڕاگەیاند و بەبڕیارێکی ئازایانەی ئیماراتی وەسفکرد و زۆربەی وڵاتانی کەنداویش بە ئیجابی سەیری بڕیارەکەیان کرد.



ماوچە پێداویستییەکی زۆر گرنگە.. بەڵام ڕووبارێک خوێن تەنها بۆ ماوچە بوو؟

شەنگە هاوار کاکەیی*

بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقی فیدراڵ بە ئەجیندای دەرەکی بۆ بچووك بینینی دۆزی ڕەوای گەلی کورد، لاپەڕەیەکی تازە نییە لە مێژووی گەلەکەمان، بگرە دیدگاو ڕوانیا و دونیابینینێکە کە دوژمنان بەدرێژایی خەباتی نەپچڕاوەیاندا دایانڕشتووە کە سەرووی سەد ساڵە لە ناوچەکەدا بەرقەڕارە وەکو فاکتێکی بەردەنگاری کە لەپاش کۆتاییهێنان بە جەنگی یەکەمی جیهانی و نەمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سەرپەهڵداوە تا ئەمڕۆمان. ئەمەش لە دەرهاوێشتەی لاپەڕەی مەغبونیەت لە پەیماننامە و ئیتیفاقیاتە نێو دەوڵەتییەکانی وەکو سیڤەر و لۆزان بە نەرمی سیاسەتێکی ژێر بەژێری تەمومژاویی بوو، کە بریتی بوو لە پەراوێز خستنی مافی ڕەوای گەلی کورد، کە لەبنەڕەتدا ئەم ئەجیندانە بۆ خزمەتی گەیشتنی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بوو بەئامانجەکانیان و بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکەدا، بەئاراستەی هەر دوو ڕووبەری بەرفراوانی سۆشیالیزمی و کەپیتالیزمی لەسەر بنەمای سیاسەتی سەرتاپاگیری «فەرق تەسوود» دوور لە لۆژیك و مۆراڵی بنەمای سیاسی کەوتە گەڕ، بۆیە مافی کوردو دۆزی کورد بەبەردەوامی پێشێل کراوە.. بەڵام ئەم هاودژایەتی بوونە نەبووە بەربەست لەسڵ نەکردنی خەبات کردنی گەلەکەمان بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکەنمان، بگرە هۆکارێك بوو بۆ هەڵگیرساندنەوەی بڵێسەی شۆڕشی بەردەنگاری لە دڵ و دەروونی تاکی کوردی و پارتە شۆڕشگێڕەکان و بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان کە کە وەکو پارتی دایك ئەژمارە لە سازشنەکردنی لە پرسە نیشتیمانییەکان و لە سەربەخۆیی کوردستان.

ئەمڕۆ کە دەبینین ئامانجی دوژمن درێژەپێدەری هەمان ڕێچکەی سەدەی ڕابردووە لە کوشتن و وەلانانی خەونی کوردی و پەرتەوازەکردنی نێوماڵی کوردی، پێمان سەیر نییە پراکتیزەیی سیاسەتی بێ مۆراڵ لە گۆڕەپانەکەدا ئەمجارە لەلایەن ڕووبەری «عەرەبی عێراقی» بۆ بەرداوامیەت بەو ناحەقیە و بە دژایەتی کردنی گەلی کورد بەو پێیەی کەوا گۆڕەپانی «کوردی، عەرەبی» دەمێکە تیایدا ئاکامی دانوستانەکان نادیار و ناشەفافن، ئەمەش فاکتەرێکە بۆ سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانی شەقامی کوردی و مانەوەی کێشە ستراتیژییەکان بە هەڵپەسێردراوی لە نێوان هەردوو حکوومەتی هەولێر و بەغداو تێپەڕاندنی دانوستاندنەکان بە ئاقاری تاریکی و بێ متمانەییدا.


هەروەها بە ستراکتۆری هەمان سیاسەتدا بەردەوامن چ لەخروقاتە دەستوورییەکان و لەجێبەجێ نەکردنی مادەی 140، چ لە بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و بەکارهێنانی وەکو کارتی گوشار بۆ گەڕانەوەی هەرێم بۆ سنووری وڵاتێکی بەزۆرلکێندراو، کە لە ڕکێفیدا هیچ کاتێك دان بە دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ نەنراوە. چوونکە گرێ کوێرەی عێراقچێتی بە پلانێکی دەرەکی لە سایکۆلۆژیەت و لەئەتمۆسفیری ئەم وڵاتەدا سەقامگیرە و ڕووداوەکانی ڕۆژ و دەنگی ناڕەزایەتییەکانی شەقام کە لە هەڵکشانە باشترین ئاماژەن کەوا ئاسۆی چارەسەر و گفتوگۆ و حیوار لە داخراویی دەخولێنەوە.

ئەگەرچی لەم یاریکردنە زۆر پارت و ڕەنگی کوردی بە هۆی پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان هاوئاهەنگ و بەشدارن و مەرامبازن، بۆیە ئەمڕۆ کێشەی کورد قەتیس کراوە بە نەدانی مووچە، تەنها مووچە! وەکو ئەوەی خەباتی نەپچڕاوەی گەلی کورد لەپێناو بەها باڵاکانی مرۆڤ نەبوو بێ! لەپێناو سەربەخۆیی ئازادی ڕاستەقینە نەبووبێ! لەپێناو سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی نەبووبێ!! هەروەها ئەو ڕووبارە خوێنەی کە ڕژاوەو ئەو قوربانیانەی کە دراون لە شەهیدان و ئەنفال و زیندانیان تەنها بۆ ئەوە بوونە کەوا چینی مووچەخۆران بێ بەش نەبن لەمووچە و بەرپرسە کوردەکانیش لەپایەتەختی ڕەشید بێ بەش نەبن لەو ژیانە شاهانەیان کەوا فەراهەمیان کردووە بۆ خۆشبەختی تایبەتیی خۆیان. بۆیە بۆ ڕیشەکێشکردنی گرفتەکان لەم ئانەدا وەکو زەروورەت پێویستە گەلی کورد یەکهەڵوێست بن بە میکانیزمی سیاسەتێکی پاراو بۆ ئەم هەموو ئەم دۆسێیە هەڵپەسێردراوانە کە هەن وەکو مەنفەز و ئالیەتێکی جێبەجێکار لە نەخشەی سیاسی عێراقدا.

ئەوەی ماوە بڵێین ئەوەیە کە بچووککردنەوەی کێشەی کورد بە مووچە، نیشانەی هەرەسهێنانی سیاسەتە، خۆ دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعسی فاشی مووچەی فەرمانبەرانی دەنارد و بژێوی ژیانی ئاسایی تاکی کوردیشی فەراهەم کردبوو، بەڵام تاکی کورد سەرتاپاگیر بوو لە کێشەی! وەك کێشەی بێ دەوڵەتی و بێ ناسنامەیی و بێ کیانێکی سەربەخۆ.. کەواتە بە گۆڕینی قۆناغ خواستە نەتەوایەتییەکان لە دروستبوونی کیانێکی کوردی نایەتە گۆڕان بەڵکو دەبووا لەپێناو کوردستانێکی ئازاد، زیاتر و جدیتر هەڵبکۆڵین لەپێناو مرۆڤبوونمان.

* ماستەر لەیاسای گشتی - زانکۆی حیکمە بەیروت

پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا ئەندامێن پەرلەمانێ کوردستانێ نونەرێن خەلکێ زاخو کر



راگەهاندنا/پارێزگەهێ
دوهی نیڤرۆ 2020-8-17 د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا ئەندامێن پەرلەمانێ کوردستانێ نونەرێن خەلکێ زاخو کر.

دهەڤدیتنەکێدا ئەندامێن پەرلەمانێ کوردستانێ نونەرێن خەلکێ زاخو بنافێ خو و خەلکێ دەڤەرا زاخو پیروزباهیا پارێزگەرێ دهۆکێ کر و سەرکەفتن بو خواست هەروەسا پێدڤیێن خەلکێ قەزا زاخو ژپروژێن خزمەتگوزاری و کارگێری بەرچاڤکرن بو وێ یەکێ خزمەتا خەلکێ قەزا زاخو باشتر بهێتە کرن.
ژلایێ خوڤە پارێزگەرێ دهۆکێ بخێر هاتنا شاندێ ئەندامێن پەرلەمانێ کوردستانێ نونەرێن خەلکێ زاخو کر و پشتەڤانیا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەموو داخازییێن خەلکێ زاخو وتەکەز کر کو سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ بەرێز مەسرور بارزانی رازیبونا خو ل سەر بجهئینانا ژمارەکا پرۆژێن خزمەتگوزاری بێن بلەز بو خەلکێ زاخو دەربریە کو ئەوژی (49) پروژەنە و پتر ژ بیست پروژا راستەوخو دێ هێنە ئەنجامدان هندەك کەتینە دواڕێ بجهئینانێ دا و هندەك ژی ب رێکا تەندەرا دێ هێنە راگەهاندن ژوانا پروژێ ئافا باتیفا و چێکرنا چەند جادا و ئوفەرپاسین گرنگ ل زاخو.
هەروەسا گوهورینێن کارگێری ژی دێ ل قەزا زاخو هێنە ئەنجامدان و دەست ب هندەك گوهورینا ژی هاتیە کرن .

پرسەنامە

هەڤاڵی بەڕێز شەمسەدین محەمەد

بەداخەوە هەواڵی کۆچی برای بەڕێزتان خوالێخۆشبوو(نەجمەدین محەمەد)مان بیست.
بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و سەرجەم کەسوکار و دۆست و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.
لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی برای کۆچکردویشتان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان



پارێزگای هەولێر لەبارەی کەمکردنەوەی نرخی خزمەتگوزاری یەکەکانی نیشتەجێبون راگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

لە ئەگەری پابەند نەبوونی ئەو کۆمپانیایانەی کە ئێستا خزمەتگوزاری لە یەکەکان پێشکەش دەکەن بەو نرخەی کە لەلایەن لێژنەکەمانەوە بۆیان دیاریی کراوە، ئەوا CV ئەو کۆمپانیایانە وەردەگرن کە دەیانەوێت خزمەتگوزاری ئەو یەکە و شارە نیشتەجێبووانە پێشکەش بکەن.
لێژنەی بەدواداچوون و دانانی نرخی خزمەتگوزاری پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە پارێزگای هەولێر لە راگەیەندراوێکدا بڵاوی کردووەتەوە کە دوا بەدوای بڕیاری پارێزگای هەولێر بۆ کەمکردنەوە و دیاریکردنی نرخی خزمەتگوزاری یەکە و شارەکانی نێشتەجێبوون و لە ئەگەری پابەند نەبوونی ئەو کۆمپانیایانەی کە ئێستا خزمەتگوزاری لە یەکە و شارە نیشتەجێبووەکان پێشکەش دەکەن بەو نرخەی کە لەلایەن لێژنەکەمانەوە بۆیان دیاریی کراوە، هەر کۆمپانیایەکی تر دەیەوێت بەو نرخەی دیاریی کراوە لە شوێنی ئەوان خزمەتگوزاریی یەکە و شارە نیشتەجێبووەکان پێشکەش بکات، ئەوا دەتوانێت سەردانی پارێزگای هەولێر بکات بۆ پێشکەشکردنی (CV) کۆمپانیاکەی.
مانگی رابردوو، لێژنەی بەدواداچوون و دانانی نرخی خزمەتگوزاری پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە پارێزگای هەولێر نرخی خزمەتگوزاری چەند پرۆژەیەکی نیشتەجێبونی کەم کردەوە و هەفتەی رابردووش چەند یەکەیەکی نیشتەجێبوون ناویان لە لیستی کەمکردنەوەی نرخی خزمەتگوزارییەکان بوو، ئەمەیش نیگەرانی بەشێک لە خاوەن پرۆژەکانی لێ کەوتووەتەوە و بۆ ئەم مەبەستەیش لێژنەکە داوا دەکات هەر کەس دەیەوێت لە شوێنی کۆمپانیا ناڕازییەکان دەست بەکاربێت ئەوا سی ڤی کۆمپانیاکەی پێشکەش بە لێژنەکە بکات لە پارێزگای هەولێر.

وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم نووسراوێک ئاراستەی بانکە بازرگانییەکان دەکات

وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسراوێکی فەرمی لە بارەی وەرگرتنەوەی قەرزە ئاسانکارییەکان ئاراستەی بانکە بازرگانییەکان کرد.
وەزارەتی دارایی لە نووسراوەکەدا ڕایگەیاندووە: بەمەبەستی جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی و وەرگرتنەوەی قەرزە ئاسانکاریەکان، (ئاوات جەناب نوری) وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆی کرد لەسەر نووسراوی تایبەت بەگەڕانەوەی قەرزە ئاسانکارییەکان کە ئاماژە دەکات بەوەی نووسراو بکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن، بەمەبەستی وەرگرتنەوەی قەرزی ئاسانکاری لە ڕێگای فرۆشتنی (موزایەدە) ئاشکرای مواڵکەکان.

وەزیرەتی خوێندنی باڵا:

گواستنەوەو دابەزیی خوێندکاران لە نێوان زانکۆکان بە ئەلیکترۆنی دەکرێت

لە دەستپێشخەریەکی نوێدا بەمەبەستی ئەنجامدانی کارئاسانی زیاتر بۆ ئەو خوێندکارو قوتابیانەی لە نێوان زانکۆکان دەیانەوێت پرۆسەی گواستنەوەو دابەزاندن ئەنجامبدەن، و بۆ سەلامەتی تەندروستی گیان خوێندکاران، وەزارەتی خوێندنی باڵا تەواوی پرۆسەکە بە ئەلیکترۆنی دەکات. پلانفۆرمی تایبەت بە گواستنەوەو دابەزینی خوێندکاران/ قوتابیان بۆ ساڵی خوێندنی 2021-202 بەهەماهەنگی ناوەندی وەرگرتن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی لەگەڵ تۆماری گشتی و بەشی IT زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی ئامادەکراوەو لە ئێستادا سەرجەم ئەو خوێندکارو قوتابیانەی دەیانەوێت پرۆسەی (گواستنەوە) لە نێوان زانکۆکان و پرۆسەی (دابەزاندن) لە نێوان بەش و کۆلێژەکان ئەنجام بدەن، پێویست ناکات بەهۆی بارودۆخی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا سەردانی وەزارەت یان زانکۆکان بکەن.

دەست بە دابەشکردنی مووچە دەکرێت و ئەمڕۆ مووچەی وەزارەتی تەندروستی دابەش دەکرێت

دەست بە دابەشکردنی مووچە دەکرێت و ئەمڕۆ وەزارەتی تەندروستی وەکو یەکەم وەزارەت، مووچە وەردەگرێت.
وەزارەتی دارایی رایگەیاند: ئەمڕۆ (سێشەممە 2020-8-18) مووچەی مانگی 3ی 2020ی وەزارەتی تەندروستی خەرج دەکرێت بە هەمان رێژەی مانگی 2ی 2020 .
ئەمە لەکاتێکدایە لە کۆبوونەوەی دوێنێی ئەنجومەنی وەزیراندا بڕیاردرا مووچە بەپێی ئەو داهاتەی لەبەردەستە، لە زووترین کاتدا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت.
ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەکەدا هەروەها بڕیاریدا بۆ لەمەودوا، پێویستە بە میکانیزمی خۆگونجاندن لەگەڵ داهاتی مانگانە و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، مووچە لە کاتی گونجاودا دابەشبکرێت، بە پشتبەستن بە داهاتەکانی هەرێم... هەموو مانگێکیش رێژەی مووچە بە پێی داهات دەبێت .

لە زانکۆی سەلاحەدین بەشی ئەندازیاریی فڕۆکەوانی دەکرێتەوە



سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین ڕایگەیاند، بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ئەمساڵ بەشی ئەندازیاریی فڕۆکەوانی بۆ بەکالۆریۆس، لە کۆلیژی ئەندازیاریی زانکۆی سەلاحەدین بە هەماهەنگیی زانکۆیەکی ئۆکرانی دەکرێتەوە. دەشڵێت، تەنها دەرچوانی زانستی دەتوانن لە بەشەکە بخوێنن بۆ ماوەی چوار ساڵ، کە دوو ساڵی خوێندن لە وڵاتی ئۆکرانیا دەبێت .
د. جەوهەر فەتاح، ڕایگەیاند: ماوەی دوو ساڵ دەبێت زانکۆی سەلاحەدین هەوڵ دەدات بۆ کردنەوەی بەشی ئەندازیاریی فڕۆکەوانی، خۆشبەختانە بۆ ئەمساڵ بەشەکە دەکرێتەوە و قوتابیانی دەرچووی بەشی زانستی دەتوانن بۆ خوێندنی ساڵی 2021-2020 لە بەشەکە بخوێنن.
د. جەوهەر ئەوەیشی ڕاگەیاند: ئامانج لە کردنەوەی بەشەکە بۆ ئەوەیە، کە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا دەتوانن بۆ هەر پێداویستییەکی فڕۆکەوانی سوود لە توانا و پسپۆڕیی ئەو کارماندانە وەربگرن.
ناوبراو دەشڵێت: یەکێک لە زانکۆکانی وڵاتی ئۆکراینا دەستنیشان کراوە، یاریدەڕەی سەرۆکی زانکۆی ئۆکراینی سەردانی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە تا لە نزیکەوە پێدواویستییەکانی کردنەوەی بەشەکە ڕەچاوبکات، بەتایبەتی بوونی تاقیگەی تایبەت بە بواڕەکە، هەروەها سیستەمی خوێندن لە قۆناغی یەکەم و دووەم لە زانکۆی سەلاحەدین وانەکان دەخوێندرێن و قۆناغی سێیەم و چوارەم لە زانکۆیەکەی ئۆکرانیا وانەکان دەخوێندرێن.
گوتیشی: ژمارەی قوتابیان دیاری کراوە بۆ 35 قوتابی بە ڕێگای ئۆنلاین لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی دەتوانن کێبڕکێ بکەن لەسەر نمرەکان بۆ وەرگرتن.



هەولێر.. شارەوانی زبڵدانی کانی قرژاڵە لە مەترسی ئاگرکەوتنەوە دەپارێزێت

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر لەڕێگەی تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری و ژینگەپارێزی هەولێر پرۆژەی لێدانی بیر بۆ دەرکردنی گازی قەتیس ماوە لە زبڵدانی شاری هەولێر لە کانی قرژاڵە خستە بواری جێبەجێکردن،
سیامەند کەریم، گوتەبێژی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ڕایگەیاند: پرۆژەکە لەسەر بودجەی لەناکاوی پارێزگای هەولێر و بەسەرپەرشتی لێژنەی هاوبەشی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری و ژینگەپارێزی جێبەجێ دەکرێت.
گوتیشی: تەنیا دوێنێ 9 بیر لە بەشی ژینگەپارێزی لە زبڵخانەی کانی قرژاڵە تەواو کرا و ڕۆژانی داهاتوو کارکردن بەردەوام دەبێت بۆ لێدانی بیری زیاتر.
سەبارەت بە گرینگی پرۆژەکە گوتەبێژی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ئاماژەی بەوەدا: گرینگی پرۆژەکە لەوەدایە کە نزیکی 13 مەتر زبڵ ڕژێرخاک کراوە کە ئەمەش بڕێکی زۆر گازی لێ قەتیس بووە کە دەبێتە هۆی ئاگرکەوتنەوە و کۆنترۆڵکردنی کاری زۆری دەوێت بەجێبەجێکردنی پرۆژەکە مەترسییەکانی ئاگرکەوتنەوە نامێنێت.



وەزارەتی تەندروستی: قەدەغەی هاتوچۆ ئەگەڕێکی بەهێزە.. ژمارەی تووشبووان بەرەو هەڵکشانە

بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار لە هەرێمی کوردستان و تا دێت ژمارەی تووشبووان بەرەو هەڵکشانە، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیش دەڵێ، قەدەغەی هاتوچۆ ئەگەڕێکی بەهێزە، بەڵام هێشتا بڕیاری لەسەر نەدراوە.
د. محەمەد قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی، ڕایگەیاند: ڕەوشی هەرێمی کوردستان لە بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار و هیچ گەڕەنتییەک نییە ڕەوشەکە بەرەو خراپتربش نەچێت، لەبەرئەوە هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەن کۆنترۆڵ بکرێت و پێویستە هاووڵاتیانیش زۆر پابەندی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی بن لە قۆناغی ئێستادا .
گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی گوتیشی: نەخۆشخانەکان پڕ بوونە و وەزارەتی تەندروستیش لە ئێستادا هەموو پێداویستییەکی لە بەردەستە بۆ تووشبووان، هەتا کارمەندی نەخۆشخانەکانی دیکە ڕاهێنانیان پێ دەکرێت و ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی تایبەت بە کۆرۆنا دەکرێن بۆ چارەسەرکردن و چاودێریکردنی نەخۆش .
لەبارەی قەدەغەی هاتوچۆوە، د. محەمەد ڕوونی کردەوە: دەسەڵاتی تەواو بە پارێزگاکان دراوە ئەگەر بە پێویستی بزانن قەدەغەی هاتوچۆ ڕابگەیەنن و بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆش ئەگەڕێکی بەهێزە، بەڵام هێشتاش دەرنەکراوە .

ستایشی خۆراگری و فیداکاری و لەخۆبوردەیی پزیشک و کارمەندانی تەندروستی دەکەین لە روبەروبونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا

خەبات | www.xebat.net | سێشەممە 2020/8/18 ژمارە(5989) | # ماسك بەستن | ڕیپۆرتاژ | 7 | 74 | ـمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ٢٦ی ئابی ١٩٤٦ - ٢٦ی ئابی ٢٠٢٠



زیاتر لە میلۆنێک تەن گەنم لە دەرەوەی سایلۆکان ماوەتەوە

ئەم حەفتەیە قۆناغی یەکەمی پارەی ئەمسالّی گەنمی جووتیارانی هەولێر دابەشدەکرێت



خەبات: عەلی بانیشاری

وابڕیارە تا کۆتایی ئەمسالّ قۆناغ بە قۆناغ پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان بۆ ساڵی 2020 لە بەغداوە بگاتە هەرێم. وەزارەتی بارزگانی حکوومەتی هەرێم دەڵێت: لە قۆناغی یەکەمدا هەشت ملیار دینار پارەی گەنمی جووتیاران گەیشتووەوە و بەشێکیشی دابەشکراوە. ئەندامێکی لیژنەی کشتوکاڵ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ (خەبات) ئاشکرای دەکات ئەمساڵ زیاتر لە ملیۆنێك تەن گەنمی جووتیارانی کوردستان لە دەرەوەی سایلۆکان ماوەتەوە.

سەرەتای هەفتەی ڕابردوو وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان لەلایەن سایلۆکانەوە کۆتایی هات. بۆ ئەمساڵ بەغدا 390 هەزار تەن گەنمی لە جووتیارانی کوردستان وەرگرت کە بای نزیکەی 200 ملیار دینار بوو. محەمەد ئەمین فارس، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە(خەبات)ی ڕاگەیاند: زیاتر لە ملیۆنێك تەن گەنم لە کوردستان لە دەرەوەی سایلۆکان ماتەوە و پێویستە حکوومەتی هەرێم چارەسەرێکی ئەو گرفتە بکات بۆ ئەوەی جووتیاران زەرەرمەند نەبن.

سێ شەممەی ڕابردوو وەزیری کشتوکاڵی هەرێم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: گەنمی جووتیارانی کوردستان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە قۆناغ بە قۆناغ دەکڕدرێتەوە. لە قۆناغی یەکەمی پڕۆژەی « بەبازاڕکردنی گەنمی جووتیاران» کە پڕۆژەیەکی ستراتیژییە و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکوومەتی هەرێم سەرپەرشتی دەکات و 500 هەزار تەن گەنمی جووتیاران دەکڕدرێتەوە. ئەو گەنمەی لە جووتیاران دەکڕدرێتەوە دەکرێت بە (ئارد، ساوەر، بروش، گەنمە کوتا). بێگەرد تالّەبانی گوتیشی: هێنانی ئەو بەرهەمانە لە دەرەوە قەدەغە دەکرێت.

بۆ ئەمساڵ وەزارەتی بازرگاکانی عێراق تەنێك گەنمی پلەیەکی لە 560 هەزار دینار و پلە دووی بە 480 هەزار دینار و پلە سێی بە 420 هەزار دینار لە جووتیارانی کوردستان کڕییەوە. لەبارەی پارەی گەنمی ئەمساڵی جووتیارانی کوردستان، نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتی بارزگانی هەرێمی کوردستان بە(خەبات)ی ڕاگەیاند: هەشت ملیار دینار پارەی ئەمساڵی جووتیارانی کوردستان وەکو قۆناغی یەکەم گەیشتووەتە هەرێم. گوتیشی: جووتیارانی پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر قۆناغی یەکەمی پارەکەیان لە هەفتەی ڕابردوودا وەرگرتووە و ئەم هەفتەیەش جووتیارانی پارێزگای هەولێر وەریدەگرن. پەیامنێری (خەبات) زانیوویەتی ئەو پارەیەی بەسەر جووتیارانی هەولێردا دابەشدەکرێت دوو ملیار دینارە.

حەمەد ئەمین فارس، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: تا کۆتایی ئەمساڵ قۆناغ بە قۆناغ تەواوی پارەی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020 دەگاتە هەرێم. گوتیشی: گەیشتنی شایستە داراییەکانی جووتیاران بەپێی ئەو پارە نەختینەیە کە وەزارەتی بازرگانی عێراق لە بەدەستی دەبێت. ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا مانەوەی گەنمی جووتیاران لە دەرەوەی سایلۆکان تەنها لە کوردستان نییە، بەڵکوو لە پارێزگاکانی خوار و ناوەڕاستی عێراقیش ئەو گرفتە هەیە.

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەشڵێت: داوامان لە حکوومەتی عێراق کردووە چەند سایلۆیەك لە کوردستان دروست بکات، چونکە ئەو سایلۆیانەی کە هەن کەمن. حەمەد ئەمین فارس جەخت لەسەر ئەوەشدەکاتەوە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان پێویستیان بە سایلۆی نوێ هەیە.

تائێستا بەغدا 557 ملیار دینار پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستانی بۆ ساڵەکانی 2014 و 2015 و 2016 لەلایە. بەوتەی ئەندامەکەی لیژنەی کشتوکاڵ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پێنەدانی شایستە داراییەکانی جووتیارانی هەرێم بۆ ئەو سێ ساڵە لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە «سیاسییە».



ساڵانە زیاتر لە 45 هەزار تەن گەنم بەرهەمدەهێنن

لە دەشتی هەریر زیاتر لە 100 هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵیی هەیە

بەرپرسی بەشی کشتوکاڵی هەریر بۆ خەبات:

ناوچەکەمان وا هەڵکەوتووە کە دەتوانرێت هەموو جۆرێکی کشتوکاڵی تێدا بکرێت

خەبات: حەمید سورچی

فەریق حەسەن بەرپرسی بەشی کشتوکاڵی هەریر لەم دیانەیەیدا لەگەڵ خەبات تیشك دەخاتە سەر ڕەوشی کشتوکاڵ لە دەڤەرەکەو باس لە ئاستی کەرتی کشتوکاڵ و ئاستەنگ و ئاریشەکانی بەردەم کەرتەکە و بایەخدان و هاوکاری جوتیاران و چۆنیەتی پەرەدان بە کشتوکاڵ و ئاستی بەرهەمهێنانی ساڵانە لە بەروبوومەکانی وەك گەنم و برنج و میوەو سامانی ئاژەڵ و ماسی، ئەم پرسانەو چەند پرسێکی تری پەیوەست بە کشتوکاڵی دەڤەرەکە ڕوونەکاتەوە.

فەریق حەسەن بەرپرسی بەشی کشتوکاڵی هەریر سەبارەت بە ئاستی کەرتی کشتوکاڵ لەو دەڤەرە دەڵێت: بە شێوە گشتیەکەی لە سنوری ناوچەی هەریر و دەوروبەری بە بەروارد بە ناوچەکانی تری کوردستان باشە، لەبەر ئەوەی ناوچەکەمان وا هەڵکەوتووە کە بتوانێت جۆرەها بابەتی کشتوکاڵی تیادا پەرە پێبدرێت، لەلایەنی ڕووەکی و ئاژەڵی و هەنگەوانی، جۆری بەروبوومەکان هەلبەزین و دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت لەبەربوونی هۆکار گەلێك بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، کە سەرەکیترینیان قەیرانی دارایی و نەبوونی بازاڕێکی جێگیر بۆ بەبازاڕکردنی هەندێك لە بابەتە کشتوکاڵییەکانە، کە بتوانێت پێشبڕکێی بەروبوومی دەرەوە بکات، لە هەمان جۆرەکەی، ناوچەکەمان ناوچەیەکی باراناوییەو وا هەڵکەوتووە کە بتوانرێت زۆرینەی بابەتە کشتوکاڵییەکان تێیدا پەرەپێبدرێت.

سەبارەت بە داتاو ڕێژەی بەرهەمهێنان لەو دەڤەرە، لەم ساڵانەی دواییدا هەموو جۆرەکانی کشتوکاڵ لەبەرز بوونەوەدایە بەتایبەتی لە دوای دروستبوونی قەیرانی دارایی خەڵکێکی زیاتر ڕوویکردووەتە کشتوکاڵکردن و ئەگەر ڕێگەکانی بەبازاڕکردن زیاتر بکرێن و ڕێگری بکرێت لەهاتنی بەروبومی دەرەکی لەکاتی پێگەیشتنی بەروبومە ناوخۆییەکان .

بەرپرسی بەشی کشتوکاڵی هەریر دەشڵێت: لەبارەی چاندنی برنج لە ناوچەکەمان ئێمە وەکو لایەنی پەیوەندیدار توانای خزمەتکردن و هاوکاریکردنمان سنووردارەو بەستراوەتەوە بەو بەشە خزمەتگوزارییانەی کە بۆمان دابینەدەکرێت و بریتییە لە دەرمانی جۆراوجۆر بەپێی بابەتە جۆراوجۆرەکانی کشتوکاڵ، بۆ ئەو مەبەستەش هەر جوتیارێکی چێنەری برنج سەردانی هۆبەی پاراستنی ڕووەکیمانی کردبێت بەپێی ڕێنماییەکانمان هاوکاریان بووین لە پێدانی دەرمان، جگە لەوەش لەمساڵدا ئامێری چاککردنی گۆڵە برنجمان داوە بە ژمارەیەك جوتیار.

فەریق حەسەن سەبارەت بەوەی دەنگۆی کەمبوونەوە چاندنی برنج هەیە، دەڵێت: بە پێچەوانەوە وەکو لایەنی پەیوەندیدار ئاگادارین لەم دوو ساڵەی دواییدا ڕێژەی چاندنی برنج بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو زیاتر بووەو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی سەرچاوەی ئاوی باشتر لە ئەنجامی بارانبارینی باش و ئەو بارودۆخەی کە هاتووتە پێش کەمبوونەوەی هەلی کاری تر.

بەرپرسی بەشی کشتوکاڵی هەریر لەڕووی سامانی ئاژەڵەوەبە خەباتی گوت: دەتوانین بڵێین ئێرە یەکێکە لە سەرەکیترین ناوچە ئاژەڵدارییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر، لە ئێستاو ڕابردوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ڕەگەزە سەرەکییەکانی بەرزاڕکردنی گەنمەکانیان لە وەرزی هاوین و پێشبینی سالانەمان بۆ برشتی گەنم بۆ هەر دۆنمێك دەتوانین بڵێین سالانە نزیکەی 45000 هەزار تەن بەرهەمان دەبێت.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەیدا فەریق حەسەن دەڵێت: پێدانی خانووی پلاستیکی بە جوتیاران ڕاگیراوە، بەڵام بە پێی توانای دارایی توانراوە هاوکاری جوتیارانی خاوەن خانووی پلاستیکی بکرێت بە پێدانی (نایلۆن و دەرمان و پەینی جۆراوجۆر و تۆڕ) بەخۆشحاڵیەوە جوتیارانمان پەرەی باشیان داوە بە دانانی خانووی پلاستیکی، لە ئێستادا زیاتر لە80 خانوو هەن کە دابەشبوونە بەسەر گوندەکان.

بەرپرسی بەشی کشتوکاڵی هەریر گوتیشی: لەڕووی خاوەندارییەتی زەویە کشتوکاڵییەکان دەتوانین بڵێین سێ بەشیان مولکی تایبەتی جوتیارانن و بەشێکیان زەوی چاکسازی کشتوکاڵین کە بەشێوەی گرێبەست دراون بە جوتیاران بە پێی یاساو ڕێنماییەکان، بەگشتیش ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی لە سنوری بەشەکەمان نزیکەی 103345 دۆنم دەبێت .

لە دواییەتەوەری قسەکانیشیدا فەریق حەسەن بەرپرسی بەشی کشتوکاڵی هەریر گوتی: بەروبوومی سەوزەو میوە وەکو هەموو بەروبوومەکانی تر پەرەی پێدراوەو ڕێژەکە زیاتر بووە لەگەڵ بەرزبوونەوەی خانووی پلاستیکی، ڕێنماییان بۆ بەرەودان بە کەرتی کشتوکاڵی و زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆی لەکارە لە پێشەکانمان بووەو ئەنجامی باشی هەبووە، سەبارەت بە ڕۆڵی وەزارەتمان لە ڕووی بایەخدان بەکەرتی کشتوکاڵ پێمواییە وەکو هەموو ناوچەکانی تری کوردستان بووەو لەم ساڵدا ڕۆڵی وەزارەتمان لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بەکردنەوەی کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر بەرز دەنرخێنین بەهیوای ئەوەین لە ساڵانی داهاتو سوودەکەی ببینین .





لە یادی (74) ساڵەی پارتیماندا،

سڵاو دەنێرین بۆ تێکۆشەران، زیندانیانی سیاسی و تێکۆشەرانی رۆژە سەختەکان



تێکۆشەرو کەسایەتی ناسراو

شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی:

مەسعود بارزانی وەکو پێشمەرگە و کەسایەتییەکی سیاسی و سەربازی رۆڵێکی گرنگی هەبووە و هەیە لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کورددا ئێستاکەش لە هەموو کات زیاتر گەلی کورد پێویستی بەو کاریزمایە هەیە

زانیار سەردار قرگەیی

بەشی دووەم

لەناو هەموو میللەتێکدا سەرکردەکان رۆڵێکی کارایان لە بنیاتنانی نەتەوە و گەیشتن بە ئازادی و سەرفرازیی ئەو نەتەوەیە هەیە، هیچ نەتەوەیەکیش بێ ئەم سەرکردە کاریزمایانە نەیانتوانیوە بەرامبەر داگیرکاران خۆیان ڕابگرن، هەرێزیە نەتەوە ئازادیخوازەکان شانازی بە سەرکردە و بیرەوەرییەکانیانەوە دەکەن، گەلی کوردیش خاوەنی دەیان سەرکردەی گەورەیە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی خۆیدا، کە وەکو زنجیرەیەکی دانەبڕاو پەیوەندییەکی فیکری و ڕۆحیان پێکەوە هەیە. لەم قۆناغە هەستیارەی نەتەوەی کورددا مەسعود بارزانی سەرکردەی ناسراوی گەلی کورد و کوردستان ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی لەسەر ڕووداوەکان و گەیشتن بەسەربەخۆیی هەبووە و هەیە، ئەم سەرۆکە بەدرێژایی تەمەنی پڕ سەروەری تێکۆشاوە و خەباتی کردووە بۆ نەتەوەکەی و ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری لەسەر ڕەوش و ڕووداو و گۆڕانکاریەکان هەبووە و هەیە و مێژووش بە شانازییەوە لاپەڕەی گەشی زێڕینی بۆ تۆمار کردووە، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە بەهۆی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ئەرک و کارەکانی هێجگار گرانتر و پڕ زەحمەت تر و هەستیارتر و تەنانەت مەترسیدارتر بوون بۆ سەر ژیان و کارەکانی.. لە 25/ئەیلوولی/2017 ئەم ڕابەرە مەزنە توانی کارە مەزنەکە (ڕووداوە گەورەکە) ئەنجام بدات کە ئەویش (ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان) بوو، کە بەدرێژایی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی خۆیدا، کە وەکو زنجیرەیەکی دانەبڕاو پەیوەندییەکی فیکری و ڕۆحیان پێکەوە هەیە. لەم قۆناغە هەستیارەی نەتەوەی کورددا مەسعود بارزانی سەرکردەی نەتەوەی کورد و کوردستان ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی لەسەر ڕووداوەکان و گەیشتن بەسەربەخۆیی هەبووە و هەیە، ئەم سەرۆکە بەدرێژایی تەمەنی پڕ سەروەری تێکۆشاوە و خەباتی کردووە بۆ نەتەوەکەی و ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری لەسەر ڕەوش و ڕووداو و گۆڕانکاریەکان هەبووە و هەیە و مێژووش بە شانازییەوە لاپەڕەی گەشی زێڕینی بۆ تۆمار کردووە، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە بەهۆی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ئەرک و کارەکانی هێجگار گرانتر و پڕ زەحمەت تر و هەستیارتر و تەنانەت مەترسیدارتر بوون بۆ سەر ژیان و کارەکانی.. لە 25/ئەیلوولی/2017 ئەم ڕابەرە مەزنە توانی کارە مەزنەکە (ڕووداوە گەورەکە) ئەنجام بدات کە ئەویش (ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان) بوو، کە بەدرێژایی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی خۆیدا، کە وەکو زنجیرەیەکی دانەبڕاو پەیوەندییەکی فیکری و ڕۆحیان پێکەوە هەیە. لەم قۆناغە هەستیارەی نەتەوەی کورددا مەسعود بارزانی سەرکردەی نەتەوەی کورد و کوردستان ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی لەسەر ڕووداوەکان و گەیشتن بەسەربەخۆیی هەبووە و هەیە، ئەم سەرۆکە بەدرێژایی تەمەنی پڕ سەروەری تێکۆشاوە و خەباتی کردووە بۆ نەتەوەکەی و ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری لەسەر ڕەوش و ڕووداو و گۆڕانکاریەکان هەبووە و هەیە و مێژووش بە شانازییەوە لاپەڕەی گەشی زێڕینی بۆ تۆمار کردووە، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە بەهۆی وەرگرتنی



گەشتی مەسعود بارزانی لەگەڵ مستەفا بارزانی بۆ ئەمریکا و مانەوەی بەڕێزیان لەوێ بۆ ماوەیەک دەرفەتێکی زۆرباش بوو بۆ کاراکردنی پەیوەندییەکانی شۆڕشی گوڵان لەگەڵا جیهانی دەرەوە و بیناکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵا چەند حزب و ڕێکخراوەکانی بیانی و ناوەڕاست و پاشان سەردانی بەڕێزیان لە ساڵی 1977 بۆ سووریا و چەند وڵاتێکی تر و گەڕانەوەیان بۆ ئەمریکا.

• بوونی مسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان قۆناغێکی تری ژیانی ئەم سەرکردەیە، هەروەها ئەرکێکی زۆر قورس بوو کە لەو سەردەمەدا ئەم سەرکردەیە شانی دایە بەری تایا ڕۆڵی مەسعود بارزانی لە ڕێکخستنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن بوو؟

- پاش ماڵئاوایی ڕێبەری گەلی کورد مستەفا بارزانی لە 1/3/1979 و، پاشان گرێدانی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی لەگەڵ کەسایەتی و پەنابەرانی کورد.

لە ساڵی 1978 بڕیاریدا بگەڕێتەوە کوردستان و لە نزیکەوە سەرپەرشتی شۆڕشی گوڵان بکات، وەلێ لە کاتی گەڕانەوەیان لە ڕۆژی 9/1/1979 لە ڤییەنای پایتەختی وڵاتی نەمسا تووشی پیلانێکی سیخوڕەکانی ڕژێمی بوژە بەڵام بەسەلامەتی دەرچوو پاش بریندار بوونی ئازاد بەرواری و مامۆستا پیرۆت.

• بەڕێزت باسی قۆناغێکی نوێت کرد لە ژیانی مسعود بارزانی ئەویش شۆڕشی گوڵانە، دەکرێت باسێکی دەستپێکی ئەو شۆڕشەمان بۆ بکەیت؟

- پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بەرپرسیاریەتی مەسعود بارزانی گرانتر بوو، لەلایەک هەوڵی دەدا ئیستیعابی هەلومەرج و کاردانەوەی ئەو ڕەوشە و چارەسەرکردنی ئاریشە و گرفتی ئاوارەکانی ئێران بکات و بەرهەڵستی فشارەکانی هەریەک لە ڕژێمەکانی عێراق و ئێران بکات و ڕێگای نهێنی بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش و سەرهەڵدان بکاتەوە، هەرچەندە ئەو ماوەیە کاتی خۆی خستبووە خزمەتی بارزانی باوک و، لە مانگی شەشی 1976 لەگەڵ بەڕێزیان بۆ چارەسەری نەخوشی سەفەری ئەمەریکایان کرد و شۆڕشی گوڵان دەستی پێکرد و پێشمەرگەی کوردستان شێرئاسا ڕووبەڕووی هێزەکانی ڕژێم بوونەوە.

گەشتی مەسعود بارزانی لەگەڵ مستەفا بارزانی بۆ ئەمریکا و مانەوەی بەڕێزیان لەوێ بۆ ماوەیەک دەرفەتێکی زۆرباش بوو بۆ کاراکردنی پەیوەندییەکانی شۆڕشی گوڵان لەگەڵا جیهانی دەرەوە و بیناکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵا چەند حزب و ڕێکخراوەکانی بیانی و ناوەڕاست و پاشان سەردانی بەڕێزیان لە ساڵی 1977 بۆ سووریا و چەند وڵاتێکی تر و گەڕانەوەیان بۆ ئەمریکا.

لە ئەمەریکا مەسعود بارزانی بە ژیرانە ئەرکەکانی کوردایەتی ئەنجام دەدا و لە پەیوەندی بەردەوامدا بوو لەگەڵ ئیداریس بارزانی و قیادەی موئەقەتی و بەڕەسمی و دۆستانی کورد لە ئەمەریکا و ئەورووپا و شوێنەکانی تر و سەردانەکانی بۆ سووریا و ئینگلستان و چەند وڵاتێکی تر و ئاڵوگۆڕکردنی بیرو بۆچوونەکان لەگەڵ کەسایەتی و پەنابەرانی کورد.

لە ساڵی 1978 بڕیاریدا بگەڕێتەوە کوردستان و لە نزیکەوە سەرپەرشتی شۆڕشی گوڵان بکات، وەلێ لە کاتی گەڕانەوەیان لە ڕۆژی 9/1/1979 لە ڤییەنای پایتەختی وڵاتی نەمسا تووشی پیلانێکی سیخوڕەکانی ڕژێمی بوژە بەڵام بەسەلامەتی دەرچوو پاش بریندار بوونی ئازاد بەرواری و مامۆستا پیرۆت.

• بوونی مسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان قۆناغێکی تری ژیانی ئەم سەرکردەیە، هەروەها ئەرکێکی زۆر قورس بوو کە لەو سەردەمەدا ئەم سەرکردەیە شانی دایە بەری تایا ڕۆڵی مەسعود بارزانی لە ڕێکخستنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن بوو؟

- پاش ماڵئاوایی ڕێبەری گەلی کورد مستەفا بارزانی لە 1/3/1979 و، پاشان گرێدانی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕاژان لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا و، بەم ئەرکە پیرۆزە، باری سەرشانی قورستر بوو.. ڕووبەڕووی زۆر گرفتی ناوخۆیی و دەرەکی بووەوە و ئەجێندای کارەکانی بریتیبوون لە پتەوکردنی ریزەکانی ناوخۆیی و چین و تویژەکانی خەڵکی کوردستان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنانی خەڵکی کوردستان و شۆڕشەکەی بەتایبەتی ڕژێمەی بەعسی عێراقی خوێنمژ و پەیداکردنی دۆستی ڕاستەقینە بۆ پشتگیری کردن لە دۆزی ڕەوای میللەتی کورد بەتایبەتی لەناو میللەتانی ناوچەکە و ئاشتیخوازان و گەیاندنی دەنگی کورد بە هەموو دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ئاشتیخوازان و ڕێکخراوەکانی مافەر مرۆڤ. بەڕێز مەسعود بارزانی بەشەخسی خۆی لەگەڵ کەسایەتی و پەنابەرانی کورد.





بێگومان لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، زەمینەیەکی لەبار هاتە پێشەوە بەتایبەت لە ڕووی سیاسی و دیبلۆماسی، ئەوەبوو بەڕێزان مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی هەوڵی خۆیاندا بۆ سوود وەرگرتن لەو هەلومەرجەی ئەوکاتە، پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانیان کارا و پتەوتر کرد لەگەڵ پارت و وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەکە وەک کۆماری ئیسلامی ئێران و سووریا و لیبیا و، هەستان بە تووندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکانی هێزەکانی باشوور بە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە ساڵی 1987 و یەکگرتنەوەی سەنگەری خەبات و تێکۆشان سەرجەم لایەنە کوردییەکان دژی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا، ئەوەبوو هێزەکانی عێراق بە دڕندەترین شێوە پەلاماری کوردستانی دا و شاڵاوی ئەنفالی ئەنجامدا و چەکی کیمیاوی بەکارهێنا و زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد گوند و چەندین شارۆچکەی کوردستانی وێران کرد و بە هەزارەها خەڵکی بێگوناهی کوشت و بە کۆمەڵ لە بیابانەکانی باشووری عێراقدا زیندەبەچاڵی کردن و بە چەندین قۆناغ هاوڵاتیانی کوردی لە گەرمیان و هەڵەبجە و باڵیسان و بادینان لەناوبران و 182 هەزار کورد بوونە قوربانی ئەو هێرشە دڕندانەی لەگەڵ شەهیدکردنی 5 هەزار کەس لە خەڵکی شاری هەڵەبجە و ئەنفالکردنی 8 هەزار بارزانی و زیندەبەچاڵکردنیان لە گۆڕی بەکۆمەڵ لە خواروو عێراق، لە هەموو ئەو سەرکردەکانی تر دەیانزانی کورد تووشەی نەهامەتییەکی گەورە و بێوێنە هاتووە بەتایبەت دوای ڕاوەستانی شەڕ لەنێوان هێزەکانی عێراق و ئێران لە ساڵی 1988 بەبێ ئاگاداری میللەتی کورد و شۆڕشەکەی، سەرپەرشتی شۆڕشی گوڵان و قیادەی موئەقەتەی دەکرد و دەستی کرد بە بنیاتنانەوەی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و پتەوکردنی ریزەکانی پێشمەرگە و بایەخ دان بە ئاوارەکان.

سەرکەوتنی شۆڕشی ئایەتوڵڵا خومەینی بەسەر ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی شای ئێران لە 1979 و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لەناوچوونی ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران و هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر و هەڵگیرساندنی شەڕ لەنێوان هێزە چەکدارەکانی سوپای عێراق و ئێران و پەرەسەندنی شۆڕشی گوڵان و هاتنی هەزارەها شۆڕشگێڕی خوێن گەرمی کورد بۆ ناو ریزەکانی شۆڕش و وەشاندنی زەبری کوشندە لە هێزی داگیرکەری سوپای عێراق.

خۆیان جارێکی تر بە تەنیا لە مەیدانی جەنگ لە دژی هێزی زەمینی و ئاسمانی عێراق مانەوە، کە سەددام حوسێن فەرمانی پێیان کردبوو بە کشانەوەیان لە سنوورەکانی ئێران بۆ سەر شار و ناوچەکانی کوردستان و خاپوورکردنی ژیان و سروشتی کوردستان.

پاش ڕوودانی چەندین شەڕی گەورە و بێوێنە لەوانە شەڕی چیای خواکورک کە زیاتر لە بیست ڕۆژ بە سەرپەرشتی مەسعود بارزانی خۆی ئەنجام درا و بە کوشتنی سەدان سەربازی عێراقی تەواو بوو، کەچی دواجار وێڕای لەناوبردنی چەک و تفاقێکی زۆری سەربازی. هەموو کوردستانی عێراق کەوتە ژێردەستی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی سەددام و کوردستان وێران و ڕەشپۆش کرا.

• لە ڕاپەڕینی ئاداری 1991 دا کاک مسعود ڕۆڵێکی کاریگەر و گەورەی هەبوو لەگەڵ بەرەی کوردستانی لە داڕشتنی پلان و ئامادەکردنی جەماوەری پارتی و پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول، دەکرێت باسێکی ئەو ڕاپەڕینە و ڕۆڵی کاک مەسعود و ڕۆڵی هاوپەیاننامان بۆ بکەیت؟

- جەنگی عێراق بۆ کورد و عەرەب لە عێراقدا بوو بە دەرفەتێکی باش بۆ ئامادەکاری بۆ بەرهەڵستی و بەرخودان دژی ڕژێمی دیکتاتۆری ئەوەبوو لە باشوور و باکووری عێراق خەڵک دەستیان بە سەرهەڵدان و بەرخودان کرد دژی ڕژێمی سەددام حسین.

لە کاتی هێرشەکانی هێزی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی بۆ سەر عێراق بەرپرسانی بەرەی کوردستانی سەرگەرمی ئامادەکردنی جەماوەری کوردستان بوون بۆ یاخی بوون و سەرهەڵدانی جەماوەری دژی ڕژێمی بەعسی خوێنڕێژ ئەوەبوو لە ڕۆژی 5ی3ی1991 سەرهەڵدان لە شاری ڕانیە و قەڵادزێ دەستی پێ کرد و نەوەستا تاوەکو هەموو شارەکانی کوردستان لە ژێر دەستی ڕژێمی سەددام ڕزگارکران لەوانەش شاری کەرکووک.

لەو سەرهەڵدانەدا مسعود بارزانی ڕۆڵێکی کاریگەر و گەورەی هەبوو لەگەڵ بەرەی کوردستانی لە داڕشتنی پلان و ئامادەکردنی جەماوەری پارتی و پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول و هاندانی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو خاکی کوردستان بۆ لەناوبردنی هێز و بنکەکانی ئەمنی و حزبی بەعس و هاندانی جەماوەری کوردستان بۆ سەرهەڵدان و بەرخودان.

سەرهەڵدانی هەموو چین و تویژەکانی کوردستان لە بەهاری ساڵی 1991 بێ وێنەبوو، لە چەند ڕۆژێکی کەم دا، هەموو کوردستان لە هێز و بنکەکانی ئەمن و بارەگاکانی حزبی بەعس پاککرانەوە و پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بەجۆش و خرۆشەوە جەربەزانە یەکیان گرتەوە و نزیک بوونەوە لە سەرکەوتنی هەمیشەیی، بەڵام بەداخەوە زۆرینەی چین و تویژەکانی خەڵکی کوردستان جارێکی تر تووشی نەهامەتی و دڵەڕاوکێ و هەڵاتن بوونەوە ئەویش بە دەستوور دانی زلهێزەکانی نێودەوڵەتی بۆ سەددام حسین بۆ بەکارهێنانی هێزە ڕووخاوەکەی لە شەڕی کەنداو و ڕێکخستنەوەی و بەکارهێنانی دژی سەرهەڵدانی باکوور و باشوور لەگەڵ بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی دژی خەڵکی سڤیلی کوردستان ئەوەبوو شاڵاوی کۆچی ملیۆنی دەستی پێکرد و زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان ڕوویان کردە سنوورەکانی ئێران و تورکیا لە بەرچاوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی و تەلەفزیۆنەکانی بێگانە و ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەکانیان لەسەر ئەو کۆچکردنە، ویژدانی مرۆڤایەتی و بەرپرسانی ئەورووپا و ئەمەریکای هەژاند و سەرۆک و بەرپرسی وڵاتان لە سەرتاسەری جیهان هاتنە سەرخەت بۆ یارمەتیدانی خەڵکی کوردستان و گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و دابینکردنی ئەمن و ئاسایش بۆیان بەتایبەت سەرۆک (میتران) سەرۆکی فەرەنسا و (جۆن مێجەر) سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و (جۆرج بۆش)ی باوک سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بڕیاری 668 ی نەتەوە یەکگرتووەکان بەدابینکردنی ناوچەیەکی ئارامی بێ فڕینی فڕۆکەکانی جەنگی لە باکووری عێراق یاخود کوردستانی باشوور بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان لە هێرشەکانی سەربازانی عێراق.

لەیادی 16ی ئاب دا، سوپاسی هەموو پێشمەرگە دێرینەکانی ئەیلول و گوڵان و تێکۆشەرانی خۆبەخش و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکەین کەسنگی خۆیان کردۆتە قەڵغان بۆ پارستنی ئەزمونی کوردستان



مسعود بارزانی بە ژیرانە ئەرکەکانی کورد‌ایەتی ئەنجام دەدا و لە پەیوەندی بەردەوامدا بوو لەگەڵ ئیداریس بارزانی و سەرکردایەتی کاتی و بەرپرس و دۆستانی کورد لە ئەمەریکا و ئەوروپا و شوێنەکانی تر و سەردانەکانی بۆ سووریا و ئینگلستان و چەند وڵاتێکی تر و ئاڵوگۆڕکردنی بیرو بۆچوونەکان لەگەڵ کەسایەتی و پەنابەرانی کورد.







• سەرۆك بارزانی بەردەوام شانازی بە پێشمەرگایەتی خۆی دەکا، ناچار لەبەر قۆناغە هەستیارەکە و پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد خۆی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژارد، پرسیار ئەوەیە لەم سەرۆکایەتییەدا دوژمنەکانی کورد زیاتر هێرشیان کردە سەر کورد بۆیە هەرچی قسە و ناوزڕاندن و هێرشێك هەبوو رووبان کردە پۆستی سەرۆکی هەرێم چونکە دەیانزانی سەرکردەیەکی خاوەن مێژوویەکی وا گەورە و بەناوبانگ و بەئەزموون چ مەترسییەکی بۆ سەر پرۆژە شۆڕشگێڕیەکانی ئەوان هەیە، ئایا بارزانی چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەمەدا کرد؟ ئەی چ دەستەکەوتێکی بەدەستهێنا؟

- بە تەواو بوونی دەزگاکانی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان لە دامەزراوە تەشریعی و تەنفیزی و قەزائییەکان ڕۆژی 12/6/2005 پەرلەمانی کوردستان، مەسعود بارزانی هەڵبژارد بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بۆ جاری دووەم بەڕێزیان بە گشتپرسی گشتی لەلایەن خەڵکی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرایەوە بەتەواوی دەسەڵاتەوە لەوانە «فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان» و بڕیاردەرەی لێبوردنی تایبەت بە زیندانییە حوکمدراوەکان و ڕەزامەندی و واژووکردنی پڕۆژە بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی باڵای نیشتمانی و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی کوردستان و کارکردن بۆ بەهێزکردنی دەزگا ئەمنیەکان و پاراستن و زانیاری و گەلێك دەسەڵاتی تر.

لێرەدا دەبینین ڕۆڵی سەرۆك بارزانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەستیارتر دەبێت لە ڕاپەڕاندنی ئەرك و بەرپرسیاریەتیەکانی ناوخۆیی و دەرەوە بەتایبەت چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق و پاراستنی مافەکانی میللەتی کورد و پەرەپێدانی ڕەوشی ئابووری کوردستان و بیناکردنی دەزگا ئیدارییەکان و قەزائییەکان و دادوەری و بەهێزکردنی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و هێزی زێرەڤانی و پێشمەرگەی کوردستان و بایەخدان بە داودەران و کەرتی کۆمەڵایەتی و پشتگیری کردن لە سێکتەرەکانی تەندروستی و پەروەردە و خوێندنی باڵا.

لە ڕۆژی 2009|8|20 سەرۆك بارزانی لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان سوێندی یاسایی بۆ جاری دووەم خوارد کە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە هاتبووە هەڵبژاردن و ئەرك و بەرپرسیاری بەڕێزیان هێندەی دیکە قورستر بوو لە وانەش جێگیر کردنی بڕگەکانی دەستووری تازەی عێراقی بە چەسپاندنی مافە ڕەواکانی میللەتی کورد لە شەراکەتی فیعلی لە حکومڕانی عیراقدا و جێبەجێ کردنی مادەی 140ی دەستووری عێراقی سەبارەت بە ئەنجامدانی سەرژمێری و ڕاپرسی بۆ گەڕاندنەوەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان و مسۆگەر کردنی بەشی کوردستان لە بودجەی ساڵانەی دەوڵەتی فیدرالی عێراق.

گفتوگۆکانی حکوومەتی عێراق و ئەمەریکا سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە خاکی عێراق بابەتێکی گرنگ بوو لەلایەن مەسعود بارزانی و حکوومەتی کوردستان بەتایبەتی لە ڕووی پاراستنی کوردستان و بەرژەوەندییەکانی ئەمنی و سیاسی و ئابووری کە واژوو دەکرێت لەنێوان هەردوو حکوومەتدا، لەلایەکی تر پاشەڕۆژی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و کوردستان لە گۆڕەپانی گفتوگۆی جدی و سەرنج ڕاکێش دابوون لە نێوان بەرپرسانی هەردوولا.

هەر لە 2009 وە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لەلایەن بەڕێزان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی پەسەندکرا و پاشان واژوو کرا، بە ڕێککەوتنێکی گرنگ و سوودبەخش بۆ یەکخستنی نێومااڵی کورد و نەهێشتنی دوو ئیدارەیی دەڕمێردرێ کە زۆر خاڵی گرنگ و بەرهەمداری لەخۆ

هەڵبژاردن؟

- ڕاستە، لە بەهاری 1991 لە کاتی ڕاپەڕین و بەرخودانی گەورەی میللەتی کورد دژی ڕژێمی عێراقی گۆڕبەگۆڕ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە وتارێکی گرینگ و مێژووویی بۆ جەماوەری خەڵکی ئەو شارە پێشکەش کرد و داوای ئەنجامدانی ریفراندۆمێکی ئازاد و دیموکراسیانە و سەرتاسەری کرد بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی (پەرلەمان و دامەزراندنی حکوومەت و داموەزگاکانی حوکمڕانی) لە کوردستاندا ئەوەبوو سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بڕیاری دا ڕۆژێکی گونجاو بۆ بەڕێوەچوونی ریفراندۆمی سەرتاسەری و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی یاخود پەرلەمانی کوردستان دیاری بکات.

• شەڕەکانی عێراق بۆ کورد دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ ئەوەی دوای ئەم شەڕانە بەشێك لە ماف و ئاواتەکانی بەدەست بهێنێت، ئایا مەسعود بارزانی وەکو سەرکردەیەکی دیار و لەبەرچاوی گەلی کوردستان چۆن لەم قۆناغەدا پەتاپەتی لەجەنگی دووەمی کەنداو مامەڵەی کرد؟

- لە پاش ڕاپەڕینی بەهاری 1991ی کوردستان، هەموو حزب و ڕێکخراوەکان و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و بەرپرس و سەرکردەکانی، ڕوویان لە کوردستان کرد. مەسعود بارزانی لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن و نیویۆرك و سەلاحەددین ڕۆڵێکی گەورەی بینی بۆ یەکخستنەوەی ریزەکانی لایەنەکان و دارشتنی ڕێگا چارەیەك بۆ کێشەکانی عێراقی دوای سەددام. تەنانەت مەسعود بارزانی لە چاوپێکەوتن و سەردانی بەرپرس و کاربەدەستانی بیانی و نێودەوڵەتیدا، ماف و مەزڵومیەتی میللەتی کوردی پێ ئاشنا دەکردن و داوای یارمەتیدان و پشتگیری بەڵام نەك ئەو هەوڵانەی حکوومەتی عێراقی سەری نەگرت، بەڵکو بووە هاندەرێکی کارا بۆ گواستنەوەی ئەزموونی کورد بۆ ئایندەیەکی گەشتر و شکۆمەندتر ئەویش بە خۆڕاگرتن و ڕێکخستن و دامەزراندنی دەزگاکانی ئیداری و ئەمنی و سەربازی و خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی داموەزگانی حکوومەت لە سەرتاسەری کوردستان.

• پێم وایە لەو سەردەمەدا کاك مسعود یەکەم کەس بوو کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی قانوونی دەکرد بە شێوازی زیاتری بۆ خەبات و تێکۆشانی ئەم میللەتە دەکرد.

لە کاتی دەستپێکی جەنگی دووەم کەندواوی لە سەرەتای ساڵی 2003 لەسەر فەرمانی سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بوشی کۆر، سەرکردایەتی باشووری کوردستان هەموو ئامادەکاریەکی بۆ ئەم جەنگە کرد و بە هەماهەنگی و هاوکاری خەڵك و پێشمەرگەی کوردستان بەشداریی ئەو شەڕیدان لە دژی ڕژێمی سەددام کرد و کوردستان بووە جێگای متمانە بۆ هەموو هێزەکانی هاوپەیمانان.

پاش سەرکەوتنی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان لە ڕووخاندنی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ ڕۆڵی سەرکردایەتی کوردستان بۆ بنیاتنانەوەی عیراقێکی تازە و سیستەمێکی تازەی حوکمڕانی دیموکراسی، لە پێکهێنانی (مجلس الحکم) بەشداریان کرد و دامەزراوە مەدەنی و سەربازی و دیبلۆماسییەکان و یارمەتیدانی (پۆل بریمەر) لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و حوکمڕانی کە بەڕێز مەسعود بارزانی یەکێك بوو لە ئەندامانی (مجلس الحکم) و ڕۆڵێکی شایستەی لەو سەردەمە هەستیارەی مێژووی عێراقدا گێڕا، بەتایبەتی لە چەسپاندنی حوکمڕانی فیدرالیەت لە عێراق و کوردستاندا.

مسعود بارزانی ڕۆڵێکی کاریگەر و گەورەی هەبوو لەگەڵ بەرەی کوردستانی لە دارشتنی پلان و ئامادەکردنی جەماوەری پارتی و پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول و هاندانی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو خاکی کوردستان بۆ لەناوبردنی هێز و بنکەکانی ئەمنی و حزبی بەعس و هاندانی جەماوەری کوردستان بۆ سەرهەڵدان و بەرخودانی 1991.

• لەوکاتەدا جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی بڕیاری مانەوەی دا و کوردستانی بەجێنەهێشت، ئەوە چۆن بوو؟

- بەڵێ، هەر لەو ڕۆژانەدا بوو مەسعود بارزانی بڕیاری دا هەر لەسەر خاکی کوردستان دەمێنێتەوە و بە زیندوویی یاخود بە مردن جارێکی تر مەحاڵە روو لە وڵاتانی دەرەوە بکات و، تا کۆتایی هەناسەی بەرگری لە خاك و خەڵکی کوردستان دەکات و، خۆی و چەندین پێشمەرگەی کوردستان سەنگەریان دژی هێزەکانی ڕژێمی عێراق قایم کرد و لە شەڕی دەربەندی کۆڕێ کە دەکەوێتە نێوان مەسیف سەلاحەدین و شارۆچکەی شەقڵاوە گەورەترین سەرکەوتنی لەشکری بەسەر هێزەکانی عێراق تۆمار کرد کە تا ئێستایش پاشماوەکانی ئەو جەنگە لە تانك و زرپێوشە تێکشکاوەکانی ئەرتەشی عێراقی وەك نمایشگا لە دەربەندی کۆڕێ ماون و پاش ئەو شەڕە حکوومەتی بەغدا داوای شەڕ ڕاوەستاندن و گفتوگۆ بۆ چارەسەری دۆزی کورد لە عێراق کرد و بۆ ئەم مەبەستە چەند وەفدێکی حزب و لایەنەکانی کوردی سەردانی بەغدایان کرد بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ گرفتەکانی خەڵکی کوردستان، بەڵام ئەنجامی نەبوو و حکوومەتی عێراقی و دەزگاکانی کەوتنە

مديرية تنفيذ ئاكرى
العدد /٣٥٤- ٣٥٣/ت.د/٢٠٢٠
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة /٣٥٤-٣٥٣/ت.د/٢٠٢٠ المتضمن بيع (معمل المنظفات - ماكس بلاس) تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثالث التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة /٣٥٤-٣٥٣/ت.د/٢٠٢٠ النوع معمل المنظفات (ماكس بلاس)مع كافة الاته ومواد الاولية للانتاج الموقع طريق كزنة - اربيل القيمة المقدرة (٨٦,٢٥٠,٠٠٠) ستة وثمانون مليون ومائتان وخمسون الف دينار عراقي
المرفقات :- قائمة بالمبيعات
١- جهاز انتاج الزاهي يتكون من ثلاث خزانات (تانكيات) لخلط المواد الاولية مع جهاز التعبئة سعرها (٣٥,٠٠٠,٠٠٠) خمسة وثلاثون مليون دينار عراقي
٢- جهاز تعبيئة اخر تابع المعمل سعرها (١٠,٠٠٠,٠٠٠) عشرة ملايين دينار عراقي
٣- مولدة كهرباء لانتاج الطاقة للمعمل (٢٥٠ كيفي) نوع (fgwilson) سعرها (٩,٠٠٠,٠٠٠) تسعة ملايين دينار عراقي
٤- ماطور هوار كبير تابع المعمل سعرها (١,٨٠٠,٠٠٠) مليون وثمانمائة الف دينار عراقي
٥- جهاز سيطرة كهرباء داخل بناية المعمل سعرها (٦,٠٠٠,٠٠٠) ستة ملايين دينار عراقي
٦- خزانات (تانكيات) ماء كبيرة عدد ٢ خارج بناية المعمل ليتزويده بالماء سعرها (٣,٧٥٠,٠٠٠) ثلاثة ملايين وسبعمائة وخمسون الف دينار عراقي
٧- براميل بلاستيكية تحتوي مواد اولية (خام) عدد (٦٥) برميل سعرها (٦,٥٠٠,٠٠٠) ستة ملايين وخمسمائة الف دينار عراقي
٨- مادة انتاج الفاس عدد (٥٤) كيس سعرها (٢,٢٠٠,٠٠٠) مليونان ومائتان الف دينار عراقي
٩- عبوات الزاهي بلاستيكية (١٣٥) كيس نايلون تحتوي على عدد كبير من عبوات الزاهي سعرها (٢,٠٠٠,٠٠٠) مليونان دينار عراقي
١٠- سائل غسل الصحون (زاهي) نوع شيداكس جاهز للبيع عدد (١٠٠٠) كارتون زاهي سعرها (٦,٠٠٠,٠٠٠) ستة ملايين دينار عراقي
١١- كارتون فارغ جاهز للتعبئة عدد ٣٠ تكة سعرها (٢,٠٠٠,٠٠٠) مليونان دينار عراقي
١٢- كابينة حراس عدد (٢) سعرها (٢,٠٠٠,٠٠٠) مليونان دينار عراقي
المنفذ العدل / ناطق نافع صديق

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠٦٤/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/١٦
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە رادگەهینیت بفرۆتنا پشکین قەرزدار (سمير منصور هرمز) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێن لخاری دیارکری بو جارا دووی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥پازدە) روژانا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی وەدلالیێ لسەر بکری نە
١- ژمارا مولکی (١) کەرتی (٧٤) قشافر الغربیە ل سیمیلی روبەر (٢٨) دونم و (٢٢) اولك کوژمی سەهان (٩١٤,٤٥٧,٦٠٠) بشکا قەرزا ژ سەهان (١٦,٤٢٠,٣٢٠) بهایی هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری (١٦,٢٠٦,٨٥٥) شازدە ملیون ودوو سەد وشەش هزار وهەشت سەد وپینجی وپینج دینار
٢- ژمارا مولکی (١٢) کەرتی (٧٤) قشافر الغربیە ل سیمیلی روبەر (١١) دونم و (٦) اولك کوژمی سەهان (٩١٤,٤٥٧,٦٠٠) بشکا قەرزا ژ سەهان (١٦,٤٢٠,٣٢٠) بهایی هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری (٦,٠٥٩,٠٠٠) شەش ملیون وپینجی ونەه هزار دینار
٣- ژمارا مولکی (٢٦) کەرتی (٧٤) قشافر الغربیە ل سیمیلی روبەر (٢٩) دونم و (٢٤) اولك کوژمی سەهان (٩١٤,٤٥٧,٦٠٠) بشکا قەرزا ژ سەهان (١٦,٤٢٠,٣٢٠) بهایی هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری (١٩,٥٠٧,٢٥٠) نوزدە ملیون وپینج سەد وحەفت هزار ودوو سەد وپینجی دینار
٤- ژمارا مولکی (٢٨) کەرتی (٧٤) قشافر الغربیە ل سیمیلی روبەر (٤١) دونم و (٥) اولك کوژمی سەهان (٦٧,٧٣٧,٦٠٠) بشکا قەرزا ژ سەهان (٤٠٣,٢٠٠) بهایی هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری (٦,١٣٠,٧٥٠) شەش ملیون وسەد وسیە هزار وحەفت سەدو پینجی دینار
جێ بەجێ کاری داد/ ریبر سلمان خالد

* * *

وون بوون
پاسپۆرتی عیراقی بەناوی کاروان حسن عولا ژمارە A٨٠٥٤٩١٣ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

مصرف فرنسبنك (تحت الصفية)
اعلان تصفيه
استنادا الى قرار مجلس ادراة البنك المركزى العراقى رقم ٩٧ المؤرخ فى ٢٠٢٠/٦/٢١ والذى تم بموجبة الموافقة على التصفية الطوعية اصوليا لفروع مصرف فرنسبنك العاملة فى العراق و بأشراف البنك المركزى العراقى نود ان نشير الى ان المصرف متوقف عن اجراء المعاملات المصرفية بأستثناء الايفاء بكافة التزاماته تجاه المودعين.
مصرف فرنسبنك

* * *

دادگای بەرایی خەبات
ژمارە: ٦٣/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٩
جاردان بەبریار
بۆ داواکراو (هیمداد عبدالله خضر) ئامادە بەداوای بەرایی ژمارە ٦٣/ب/٢٠١٩ تایبەت بەداواکار (علی سلێمان داود) و داواکراو (هیمداد عبدالله خضر) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی ئاشتی بۆیە دادگا بریاری دا بەپێ راگەیاندنت بەرێگای دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگا لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٨/١٩.
دادوەری یەکەم/ سمکۆ روستم سمین

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠٢٠/٦٥٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٦
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠٢٠/٦٥٣) ئۆتۆمبێلی ژمارە (٢١٤٧٢٣) هەولێر تایبەت) جۆری (هیوندای توکسون) مۆدێل (٢٠١١) قەرزار (هاونیاز حمدامین حمد) بەلێك زیادکردنی ئاشکرا دەفڕۆشێت لەجیاتی قەرزی (محمد عمر طه) کە بڕی (١٢,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن) دینارە هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی (٧) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگاداریيە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە دەلالیەکەش لەئەستۆی کریارە و پشکەکانی کۆمپانیا بەبڕی (١٨,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن) دینار قرساوە.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

* * *

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٠٦
ڕێکەوت: ١٧ / ٨ / ٢٠٢٠
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٣٢)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیەنێت بۆ پرۆژەی (دابینکردنی کەل و پەلی پاککردنەوە بۆ سەرجەم نەخۆشخانە و بنکە و سەنتەرەکانی ناوەوە و دەرەوەی شاری هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢ / ٩ / ٢٠٢٠ دەبێت. وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیای بازرگانی تۆمارکراو بێت و مۆڵەتی نوێ کرا بێتەوە.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- هێنان بارمتەی سەرەتایی بەبڕی ٢٠,٠٠٠,٠٠٠ بیست ملیۆن دینار بەشێوەی چەکی پەسندکراو یان (خطاب ضمان) لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا نوێ کراوەبێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٩٠,٠٠٠) نەوەد هەزار دینار.
تێبینی:
١- بەپێی ڕێنماییەکانی ژمارە ٢ ساڵی ٢٠١٦ فرۆشتنی تەندەر ٢ دوو ڕۆژ پێش کردنەوە ڕادەگیرێت.
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن/ هەولێر
کاروباری کارگێڕی

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە لقی کۆمپانیای (عبدالخالق جليل عمر) بۆ (هاوردنی بەروبومی ئاژەل و پەلەوەر/ تاك) بریاری پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر لقی کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ ڕەوا جمعه مدی
ناونیشان/ هەولێر
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٨٦٢٢٢٥

خۆیەتی
ژمارە/ ٥٣٢
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/١٦
بۆ/ فەرمانبەر (کەژاڵ حسین رحیم) بەناونیشانی (ئەندازیار) دانیشتووی شاری هەولێر
ئاگادارکردنەوە
بەهۆی کۆتایی هاتنی مۆڵەتی بەبێ مووچە لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٢ دەست بەکارنەبوونت ئاگادارت دەکەینەوە بەدەست بەکاربوونت ماوەی یەك هەفتە لەناو هەرێم و بۆ ماوەی یەك مانگ لەدەرەوەی هەرێم بەپێچەوانەوە کۆتایی بەڕاژەت دێت بەپێی یاسای ڕێنماییەکان.
ئەندازیار/ ڕزگار نظیف عثمان
بەڕێوەبەری گەیاندنی هەولێر

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچون و ئامار
ژمارە / ٣٣٩ / ٢٠٢٠
ڕێکەوت / ٢٠٢٠/٨/١٦
ئاگاداری
بۆ هەردوو داوالێکراوانی جێبەجێکردن (ڕێباز یاسین رحیم) و (دلێر یاسین رحیم) کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێ بوونتان نادیارە، ئاگادارتان دەکەینەوە کە داواکاری جێبەجێکردن (شاخەوان رفیق عبدالله) لە ڕێگەی بریکارەکەیەوە (پارێزەر / دیار محمد علی) بە پێی بریکارنامەی گشتی ژمارە (٢٥٠٧٢) لە (٢٠١٩/٩/١١) دەرچوو لە (فەرمانگەی دادنووسی بەکرەجۆ هەردوو بڕیاری (دادگای بەرایی سلێمانی / ٥) بە ژمارە (٣٠٨١/ب/٢٠١٩) دەرچوو لە (٢٠٢٠/١/١٢) وەبڕیاری (دادگای بەرایی سلێمانی / ١) بە ژمارە (٣٠٨٢/ب/٢٠١٩) لە (٢٠٢٠/١/١٤) لە بەڕێوەبەرایەتیمان جێبەجێکردووەلە (٢٠٢٠/٢/١٨) کە تایبەتە بە قەرز و کرێی ماندووبونی پارێزەرایەتی و ڕەسمی دادگا بە بڕی (٧٠٠,٧٧٣,٠٠٠) حەوت سەد ملیۆن و حەوت سەد و حەفتا و سێ هەزار دینار بە ڕەسمی جێبەجێکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە دەکەوێتە ئەستۆتان.
پاش ئەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ڕونبوەتەوە بەپێی شەرحی ڕاگەیەنەری دادی و شەرحی موختاری گەڕکی (عەلی ناجی) لە (٢٠٢٠/٣/٩) کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێبونتان نادیارە لەکاتی ئێستادا و بڕیارماندا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگەی ڕۆژنامەوە بۆ بژاردنەوەی قەرزی ئەستۆتان لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەدا بە پێچەوانەوە اجراائاتی یاسایی بە زۆر بەرامبەرتان ئەنجام دەدرێ بە پێی مادەی (٢٧) لە یاسای جێبەجێکردن.
جێبەجێکاری داد/ کۆسرەت علی مجید

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٢٣٨٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (عبدالخالق جليل عمر)
بۆ (هاوردنی بەروبومی ئاژەل و پەلەوەر/ تاك)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (عبدالخالق جليل عمر) بۆ (هاوردنی بەروبومی ئاژەل و پەلەوەر/ تاك) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێ پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (ئەندازیار) دانیشتووی شاری هەولێر وە بەپێی ئەو بڕیارە کۆمپانیا بڕیاری داوە کە ئەو کۆمپانیایە لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەدا بە پێچەوانەوە اجراائاتی یاسایی بە زۆر بەرامبەرتان ئەنجام دەدرێ بە پێی مادەی (٢٧) لە یاسای جێبەجێکردن.
جێبەجێکاری داد/ کۆسرەت علی مجید

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٧٧٤٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Effect) بۆ (ڕێکلام و ڕاگەیاندن و بازرگانی گشتی – هێنان و بردن/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Effect) بۆ (ڕێکلام و ڕاگەیاندن و بازرگانی گشتی – هێنان و بردن/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٧/٢٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێ پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (قاسم محمد عزیز) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو. ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٧/٢٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە لقی کۆمپانیای (Effect) بۆ (ڕێکلام و ڕاگەیاندن و بازرگانی گشتی – هێنان و بردن/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر لقی کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر – فلکەی حی شرطه)
پاکتاوکار/ قاسم محمد عزیز
ناونیشان/ هەولێر - فلکەی حی شرطه
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٥٤٣٤٢

RELIEF INTERNATIONAL

طلب تقديم عروض / دعوة للمناقصة

تعلن هيئة الإغاثة الدولية عن طرحها للمناقصات التالية:

- مناقصة شراء **معدات طبية** رقم **RI/JOR/WOS/2020/039.**
- اخر موعد لتسليم المناقصات هو **7 سبتمبر 2020** لغاية الساعة 5:30 مساءاً
- على الراغبين بالمشاركة الرجاء ارسال تاكيد مشاركة عن طريق طلب اوراق المناقصة مجانا من خلال الموقع الالكتروني (riwos.tenders@ri.org) او عن طريق مكتب هيئة الاغاثة الدولية الكائن في **عنكاوة- محلة قصر روستم- خلف عنكاوة لغسيل للسيارات. رقم الدار 520/8/240**
- الرجاء ارسال المناقصات و العروض داخل **مغلف مغلق و مختوم** الى مكتب هيئة الاغاثة الدولية او عن طريق خدمات التوصيل المعتمدة و ذلك ليس بعد يوم الاغلاق، سوف لا ينظر في اي مناقصة غير متقيدة مع المعايير المذكوره
- يجب ان ترفق المناقصات و العروض بنسخ عن شهادات تسجيل الشركة و رخصة مهن سارية المفعول تفيد بان الشركة مخولة ببيع و تداول السلع الطبية.
- عند استلام نسخ العطاء يجب التاكد من تسجيل اسم الشركة و الشخص المستلم في سجل خاص في مكاتب هيئة الاغاثة الدولية و سيتم اعتماد المراسلات الالكتروني كسجل اذا تم طلب نسخ العطاء عن طريق البريد الالكتروني.
- لمزيد من المعلومات يرجى الإتصال على هاتف رقم (009647504308348) من الساعة التاسعة صباحا و لغاية الساعة الخامسة و النصف مساء باستثناء يومي السبت والجمعة او ارسال الاستفسار الى: riwos.tenders@ri.org

Request for Proposal / Invitation to BID

Relief International– WOS office is soliciting bids from suppliers who are duly registered / licensed by the government of ERBIL for the below Tenders :

- Invitation to Tender **Medical Equipment # RI/JOR/WOS/2020/039.**
- The last day for submitting quotations is **07 September 2020** by end of the day.
- Those who are interested in participating, please confirm your participation by requesting the tender dossier free of charge by email to the email address (riwos.tenders@ri.org) or can be collected from RI office located in **Ankawa - Qaseer Rostam-behind Ankawa car wash- House # 240\8\520.**
- Bids must be delivered in **SEALED ENVELOPE** to RI office on the address above or through courier service not later than the closing deadline. No bid will be considered for further evaluation process if that doesn't meet the stated criteria. Mark Tender reference number on the envelope as indicated above.
- Bids must include copies of company registration certificates, a valid work permit, and relevant company operational certificates. Provide the certificate of authorization to sell and deal in medical commodities.
- It is mandatory to register your company on a provided logbook kept in RI office at the time of collecting tender dossier and submission of bid. For those who request tender dossier by email we use the email exchange for registration purpose same for bids delivered and received through courier.
- For more information, please contact us at (009647504308348) from 9:00 am to 5:30 pm. Except Fridays and Saturdays or send your inquiry to: riwos.tenders@ri.org

سڵاو دەنێرین بۆ جوتیار و کرێکار و رەنجدەرانی کوردستان، کە هەمیشە قەڵغان و پاڵپشتی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستان بوونەکرد

خەبات | www.xebat.net | سێشەممە 2020/8/18 ژمارە(5989) | # ماسك بەستن | ئاگاداریيەکان | 11 | 4 | ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ٦٦ ئاب ١٩٤١ - ٦٦ ئاب ٢٠٢٠

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سەرسنکێ
ژمارە/ ٢٠٢٠/٤ انابە
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٢٩

ڕاگەهاندن

بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە ١٦/١٦ کەرتێ ١٤/قەدش و تومار کریە بناڤێ قەردار کاوە جەال سلیمان و هاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر کومپانیا مللوك بکۆرمێ ٢٦,٧٦٢,٥٠٠ بیست و شەش ملیۆن حەفت سەدو شیست و دوو هزار و پێنج سەد دینار, هەرکەسێ بڤێت بکرێت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ ٣٠ سی ڕۆژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕۆژا پشتی ڕاگەهاندنێ و تەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت ڕێژا ١٠٪ ژ کۆژمێ خەملاندی کو دبیتە ٣,٧٠٠,٠٠٠ سێ ملیون و حەفت سەد هزار دینار دگەل ڕەگەزنامە عیراقی. بو زانین ڕەسمێ تومارکرنێ و دەلالیەت لسەر بکرێ یە..
جێبەجێکاری داد/ ژێهات صبحی تێلی
سالوخەت:-
جھ و ژمارە: ١٦/١٦ کەرتێ ١٤/قەدش
جور:- پێك هاتیە ژ خانیەکێ ئا کنجیو و نێ .
سنورو سالوخەت:- پێك دهێت ژ خانیەکێ ئاکنجی بونێ پێك دهێت ژ دوو ژووریت نقستنێ دگەل لێنانگەهەکێ و هول و صحیاتا و ژ باخچەکی.
ڕووبەری:- مولکێ ژمارە ١٦/١٦ کەرتێ ١٤/قەدش ٢٠٠م٢
کوژمێ خوملاندنی:- ٣٧٠٠٠٠٠٠.

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٣٢٦/ك/٢٠٢٠
ڕۆژ: ٢٠٢٠/٦/١٠
بۆ/ تاوانبار/ چۆمان جزا عمر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/١٧ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) و ئاشکرا لەداوای ژمارە ٣٢٦/ك/٢٠٢٠ بریاردرا تاوانبار بکرێت بەپێی مادەی ٤٥٣ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە چوار مانگ بەندکردن.
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ سروەر علی جعفر

***

زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان
ژمارە: ٤٢٥٤/٢/٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٨
بۆ بەڕێز/ بەناز محسن محمد/
بەناونیشانی (ئەندازیاری کارەبا) لەسەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی ئەندازە و پرۆژەکان لەزانکۆمان ئاگادارکردنەوە (اخطار)
بەهۆی دابرانت لەکار لەڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٢٢) لەدەوامی فەرمی و دەست بەکارنەبوونت تاکو ئێستا داوات لێ دەکەین بگەڕێیتەوە سەرکار بۆ ماوەی ٧ حەوت ڕۆژ ئەگەر لەناوەوەی هەڕێم بیت وە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەڕێم بیت بەپێچەوانەوە بەدەست بەردار لەکارەکەت دادەنرێیت بەپێی مادەی ٣٧ لەیاسای خزمەتی شارستانی ژمارە ٢٤ ساڵی ١٩٦٠ ڕاستکراو کۆتایی بەراژەکەت دێت.
پ.د.جوهر فتاح سعید
سەرۆکی زانکۆ بەوەکالەت

***

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٥٩/ك/٢٠٢٠/١
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/١٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هێرش سعدون امین
ئاگادارکردنەوە
ئاماژە بەداوای ١٥٩/ك/٢٠٢٠/١ تۆمەتباری هەڵاتوو (هێرش سعدون امین) شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا دادگا بریاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کات ژمێر (٩)ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٦ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددە (٤٥٣) لە یاسای (سزاکان) بە پێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەڕیوە دەچێت بەگوێرەی ڕێساکان.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٤٣ /ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ٢٩ / ٧ / ٢٠٢٠
ڕاگەهاندن
بو / داوالیکراو : هیهات شبلی ذیاب
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٢٤٣ /ش/٢٠٢٠) ل ڕوژا (٢٠٢٠/٧/١٩) پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وداواکار (نیروز خورشید چلبی) ل ٢٠٢٠/٦/٢٥ و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریتە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامییێت ڕوژانە و تە مافێ نە ڕازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .
دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە: ٥٥٧٤/ش٢٠١٩/٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٥
جارِدان
بۆ/داوالێکراو (صباح حامد حمد)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (عذراء فاضل بدری) داوای ژمارە (٥٥٧٤/ش٢٠١٩/٥)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە، تیایدا داوای (تفریق بسبب الهجر) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعاری موختاری (هەولێر/ گەڕەکی خەبات) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٩/٢٢) بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/پەژار عبدالله نصیف

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٦
جارِدان
داخواز (الهام کریم حسین) پێشنیازی دادگای باری کەسی هەولێری کرد وە داوا دەکات کە بکرێتە (دەسەڵات بەندو سەرکار) لەسەر (وونبوو) بەناوی (صلاح الدین علی حاجی) لەبەرواری (٢٠١٠/٥/٣) بەپیچی فەرمانی دادگای لێکۆڵینەوە لەبنکەی دادگای لێکۆڵینەوەی (دەشتی هەولێر) ژمارە (١٢٦٢) لە (٢٠٢٠/٨/٥) لە بنکەی پۆلیسی(شاوێس) بۆیە بڕیارماندا بە جارِدان بۆ ناڕازی کە ناڕازین لەسەر ئەم بڕیارە بۆیان هەیە مراجعەتی ئەم دادگایە بکەن بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جارِدانە بە پێچەوانەوە دادگا هەڵدەستێ بە دانانی (الهام کریم حسین) بەسەرکار لە سەر وون بوو (صلاح الدین علی حاجی).
دادوەر/ محی الدین عبدالرحمن مصطفی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە: ١٧٢٠/ب٢٠١٩/٢
بەرواری: ٢٠٢٠/٨/١٦
جارِدان
بۆ/داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای گۆڵدن ڕۆك بۆ بازرگانی گشتی سنور دار سەرەڕای کارەکەی) ئەم دادگایە لە دادبینی ڕۆژی (٢٠٢٠/٣/١) بڕیاریدا بە.. پابەندکردنی داوالێکراو بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای گۆڵدن ڕۆك بۆ بازرگانی گشتی سنور دار سەرەڕای کارەکەی) بەدانی بۆ داواکار (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (بانکی الاتحاد العراقی) سەرەڕای کارەکەی بە بڕی پارەی (٢٤٠٢٨٧) دووسەدو چل هەزار و دووسەد و هەشتاو حەفت دولاری ئەمریکی» کە دەکاتە (٢٨٨٥٨٤٦٨٧) دووسەدو هەشتاو هەشت ملیۆن و پێنج سەد و هەشتاو چوار هەزارو شەش سەد و هەشتاو حەفت دینار لە بڕی عمولە و دڕێزکردنەوەی خطابات الضمان ئاماژە پێکراوەکان لە بڕیاری دادگا کە ناکرێت بڕیاری لەسەر بدرێت کە زیاتر لەوەی کە داواکراوە و پابەندکردنی بە سوودی یاسایی لەو بڕە پارەی ئاماژە پێکراوە کە دەکاتە ٥٪ لە بروارى بەرزکردنەوەی داوا لە ٢٠١٩/٧/١٧ تاکو ڕۆژی جێبەجێکردن. لەبەر ئەوەی شوێنی بنکەی سەرەکی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/گەڕەکی بەختیاری) لە ٢٠١٩/٧/٣٠) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی گشتی سنور دار سەرەڕای کارەکەی) ئەم دادگایە لە دادبینی ڕۆژی (٢٠٢٠/٣/١) بڕیاریدا بە.. پابەندکردنی داوالێکراو بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای گۆڵدن ڕۆك بۆ بازرگانی گشتی سنور دار سەرەڕای کارەکەی) بەدانی بۆ داواکار (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (بانکی الاتحاد العراقی) سەرەڕای کارەکەی بە بڕی پارەی (٢٤٠٢٨٧) دووسەدو چل هەزار و دووسەد و هەشتاو حەفت دولاری ئەمریکی» کە دەکاتە (٢٨٨٥٨٤٦٨٧) دووسەدو هەشتاو هەشت ملیۆن و پێنج سەد و هەشتاو چوار هەزارو شەش سەد و هەشتاو حەفت دینار لە بڕی عمولە و دڕێزکردنەوەی خطابات الضمان ئاماژە پێکراوەکان لە بڕیاری دادگا کە ناکرێت بڕیاری لەسەر بدرێت کە زیاتر لەوەی کە داواکراوە و پابەندکردنی بە سوودی یاسایی لەو بڕە پارەی ئاماژە پێکراوە کە دەکاتە ٥٪ لە بروارى بەرزکردنەوەی داوا لە ٢٠١٩/٧/١٧ تاکو ڕۆژی جێبەجێکردن. لەبەر ئەوەی شوێنی بنکەی سەرەکی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/گەڕەکی بەختیاری) لە ٢٠١٩/٧/٣٠) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی گشتی سنور دار سەرەڕای کارەکەی) ئەم دادگایە لە دادبینی ڕۆژی (٢٠٢٠/٣/١) بڕیاریدا بە.. پابەندکردنی داوالێکراو بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای گۆڵدن ڕۆك بۆ بازرگانی گشتی سنور دار سەرەڕای کارەکەی) بەدانی بۆ داواکار (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (بانکی الاتحاد العراقی) سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە (١٧٢٠/ب٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داواکێراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای گۆڵدن ڕۆك بۆ بازرگان



لە 74 همین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دا.



محەمەد عەلی

دەمەوێ لە یادکردنەوەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا تیشك بخەمە سەر چەند خاڵێك لەسەر ڕۆڵی پارتی و جەنابی سەرۆك بارزانی و, بەراوردێکی بکەم لەگەڵ ئیستادا.

پارتی لە دوای ئاوارەبوونی جەنابی بارزانی و بارزانییەکان لە ژێرگوشارو پەلامارەدانی سوپای عیراق بە پشتیوانیی دەوڵەتی (بریتانیا) لە ساڵی 1945 بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

جەنابی بارزانی هەستی بە دابڕانێك کرد لە نێوان شۆڕشگێڕان و جەماوەری خەڵکی کوردستانی عێراق و کەوتە بیرۆکەی دامەزراندنی پارتێکی سیاسیی بۆئەوەی جەماوەر وشیار و بەئاگا بکاتەوە کە کوردایەتی بەردەوام دەبێت و لە ڕێگای ڕێکخستنەکانییەوە, جەماوەر وشیاربکاتەوە و پەیوەندی جەماوەر بەردەوام بێت لەگەڵ شۆڕشی بارزانی.

لە دوای گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ ئەو سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرانەی کە هەڤاڵ وهاوڕێی بوون, بڕیاردرا بە دامەزراندنی پارتێکی سیاس لە کوردستانی عیراق, بارزانی لەگەڵ هەڤاڵانی نەخشەی دروستکردنی پارتیان داناو لە سەر ڕاسپاردەی بارزانی خوالیخۆشبوو مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا پەیوندی بە چەندین کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیرەوە کرد بە مەبەستی دامەزراندنی پارتی.

لە ڕۆژی 16ی ئابی 1946 پارتی لە عێراق دامەزرا و ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە گەڵ ڕەچاوکردنی ڕاسپاردەکان، بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا و پارتی کەوتە پێکهێنانی ئۆرگانەکانی خۆی لە عیراق و لە کوردستان بەتایبەتی بە نهێنی.

جەنابی بارزانی لە ساڵی 1947 لە دوای کۆتاییهێنان بە کۆماری کوردستان لەلایەن ڕژێمی ئێرانی بە خۆی و بە هێزی بارزانییەکان لە دژی هێزەکانی ئێران وەستایەوە, چونکە شای ئێران داوای لە بارزانی کردبوو, کە چەکەکانیان تەسلیم بە ئێران بکەن, بەڵام بارزانی بە ڕاوێژ لەگەڵ جەنابی شێخ ئەحمەدی بارزان بڕیاریان دابوو کە چەك تەسلیم ناکەن و بەرگری دەکەن.

لە چەندین لاوە ئەرتەشی ئێران گەمارۆ و پەلامارى هێزەکانی بارزانی دا بەڵام هێزەکانی بارزانی شکستیان بە هێرشەکانی ڕژێم هێنا. هێزەکانی بارزانی گوشارێکی زۆریان لە سەربوو لە سەر سنورەکانی تورکیاو, عیراقیش ڕێگەی لێ گیرابوو, بارزانی بڕیاریدا بەرەو ڕووباری ئاراس بڕوات لەگەڵ هێزەکەی کە ژمارەیان لە (500) جەنگاوەر زیاتربوو، لە ڕووباری ئاراس پەڕینەوەو چوونە ناو خاکی (ڕووسیا) تاوەکو ساڵی 1958 لەوێ مانەوە.

پارتی لەکوردستان لە بواری ڕێکخستن زۆر بەهێزبوو تاکو سەرکەوتنی شۆڕشی 14 ی تەموزی 1958 بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم ,کە ڕژێمی گۆڕی لە پاشایەتیەوە بۆ کۆماری و, چەندین بڕیاری گرنگی دا کە بە خزمەتی گەلانی عیراق بوو بە کوردیشەوە, یەکێ لە خاڵەکان ڕێگەی بە چەند حزبێکی سیاسی دا کە بەئازادی بنکە و بارەگای خۆیان بکەنەوە و کاری سیاسیی بکەن. ئەو بڕیارە بۆ بەهێزبوونی پارتی هەلومەرجێکی باشی ڕەخساند لە هەموو شار و شارۆچکەکانی عیراق بەتایبەتی لە کوردستان بنکە و بارەگای کردەوە و ڕێکخستنەکانی زۆر گەشەیان کرد.

لە ساڵی 1958 لە سەر ڕەزامەندی عەبدولکەریم قاسم, جەنابی بارزانی و بارزانییەکان بە خێزانەوە گەڕانەوە عیراق و کوردستان , بارزانی سەردانی عەبدولکەریم قاسمی کرد و لە کۆشکی کۆماری پێشوازییەکی گەرمی لێکرا, لە گفتوگۆی بارزانی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم لە سەر کێشەو چارەسەری بۆ کورد, قاسم دانی نا کە دەوڵەتی عیراق لە دوو نەتەوەی کورد و عەرەب پێکهاتووە و دەبێت کورد لە هەموو جومگەکانی دەوڵەت بە شدار بێت بە پێی قەبارە و نفوزی خۆی, بەڵام جەنابی بارزانی فەرمووی کورد داوای دروستبوونی کیانێکی سیاسی دەکات کە ئەویش بریتیە لە خودموختاری, دەبێت حکومەتی عیراقی بە فەرمی دانپێدابنێت, بەڵام عەبدولکەریم لەبەر گوشاری دەوڵەتە عەرەبە شۆڤێنیەکان و بەشێکی زۆر لە هێزو فەرماندە سەربازییەکان داواکاری کوردی قبوڵ نەکرد, بۆیە بارزانی بەغدای جێهێشت و گەڕایەوە بۆ بارزان .

لە دوای کۆبوونەوەی لە گەڵ سەرکردایەتی پارتی و چەندین کەسایەتی سیاسیی و بەشێك لە سەرۆك هۆزەکانی کوردستان بڕیاردرا بە هەڵگیرساندنی شۆڕش(شۆڕشی مەزنی ئەیلوول) لە ساڵی 1961 و لە 11ی ئەیلولی ئەو ساڵە هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکو هێزێکی خاوەن بیروباوەڕ دامەزرا, بە هۆی ئەو ئەفسەرانەی ڕیزی سوپا و پۆلیسی عیراقییان بەجێهێشتبوو و پەیوەندییان بە پارتییەوە کردبوو هێزی پێشمەرگە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و لە شکری ڕێکخراو ئامادەکرا بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرش و پەلامارەدانی سوپای عێراق.

ڕژێمی عێراق کەوتە پەلامارەدانی بەمەبەستی داگیرکردن بە هەموو توانای سەربازی لە ئەرز و لە ئاسمان بەو هەموو داهات و داراییەی لەبەردەستی بوو هێزی پێشمەرگە بە چەکی سووك و بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان کەوتە بەرگری و لە زۆربەی شەڕەکان سەرکەوتنی گەورەی تۆمارکرد و سوپای عیراقی شکستیان دەهێناو پێشمەرگە دەستکەوتی زۆری دەبوو لە چەك و تەقەمەنی و, هێزە شکاوەکەی عیراق ق و, چەندین سەرباز و ئەفسەر دەکوژران. ڕژێمی عیراقی بە فەرمی (4) جار داوای وەستانی شەڕو گفتوگۆیان لە بارزانی کرد, بارزانی هیچ کاتێك بڕوای بە گفتوگۆ و بەڵێنەکانی حکومەتەکانی عێراق نەبوو, بە ڵام گفتوگۆی ڕەتنەکردۆتەوە لەبەرئەوەی کورد شەڕی نەویستووە, بەڵام لەسەری فەرزکرا .

بۆچوونی جەنابی بارزانی وابوو ئەگەر بۆماوەیەکیش بێت, شەڕ وەستان باشە بۆئەوەی جەماوەری خەڵکی گوندنشین بۆماوەیەك لە ژێربۆردومان و پەلاماری ڕژێم پارێزراوبن و بتوانن هاتوچۆی ناو شارەکان بکەن و گەنج ولاوی کورد لە ناو شارەکان لە گرتن و ڕاپێچ کردنیان بۆ زیندانەکان دووربکەونەوە, و هێزی پێشمەرگە پشوویەك بدات و بتوانێ خۆی ڕێکبخاتەوە و باشترخۆی ئامادە بکات بۆ بەرەنگاربوونەوە.

جنابی بارزانی ڕازی نەبوو پێشەکی هیچ شاندێکی پارتی بۆ وتوێژ بڕواتە بەغدا هەموجارێ شاندی حکومەت بە ملکەچی هاتوونەتە کوردستان و گفتوگۆیان لەگەڵ پارتی و جەنابی بارزانی کردووە, بۆنمونە:

-1لەساڵی 1963 شاندی حکومەت بە سەرۆکایەتی تاهیر یەحیا سەرۆك وەزیرانی عێراق هاتە کوردستان.

-2لەساڵی 1966شاندی حکومەت بەسەرۆکایەتی عەبدولرحمان عارف سەرۆك کۆماری عێراق هاتە کوردستان.

-3لە ساڵی 1970لیژنەی ئاشتی بە بەشداری کۆمەڵێك لە سەرۆك هۆزەکان و کەسایەتی عەرەب.

-4لەساڵی 1970 شاندی حکومەت بەسەرۆکایەتی سەدام حسێن جێگری سەرۆك کۆماری عێراق.

لەسەر پێداگری جەنابی بارزانی و فیداکاری هێزی پێشمەرگە و سەرکەوتنەکان لەبەرەکانی شەڕو پشتگیری جەماوەری خۆراگری کوردستان, حکومەتی عیراق ناچارببوو دان بە مافی ڕەوای گەلی کورددا بنێت بە خودموختاری بۆگەلی کورد ئەو ڕێکەوتنە لە هاتنی سدام حسێن بۆلای جەنابی بارزانی ڕێکەوتنی لەسەرکرا لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی و جەنابی بارزانی کەلە یانزەی ئازاری ساڵی 1970 بە فەرمی ڕاگەیاندرا, کە بۆ کورد لە ڕووی میژویی و نەتەوەیی دەستکەوتێکی گەورە بوو.

پێداگری و داکۆکی بارزانی لە سەرمافەکانی گەلی کورد لە بەرابەر ڕژێمەکانی عێراق ئەو هۆکارانە بوون:

- لەسەردەمی شێخ عەبدولسەلام, بارزانی کە دەست بە شۆڕش کراوە ئامانجیان بە دەستهێنانی کیانێکی سیاسی بووە بۆ کورد, جەنابی شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلامستەفا لەسەر هەمان بڕیار و بەرنامە ڕووبەڕووی ڕژێمەکان بوونەتەوە, کە دەبێت کورد خاوەنی کیانێکی سیاسی خۆی بێت.

- لەساڵی 1946 لە کوردستان یەك حزب هەبوو کە ڕێبەرایەتی گەلی کوردی کردووە و, یەك سەرۆك هەبووە,ئەویش مستەفا بارزانی بووە, هەموو کێشە چارەنووسسازەکانی گەلی کورد لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بە سەرۆکایەتی و سەرپەرشتی بارزانی گفتوگۆیان لەسەرکراوە و پارتی بە شاندێك گفتووگۆی کردوە لەگەڵ شاندی عێراقی .

- پشتگیری جەماوەری کوردستان لە پارتی و بارزانی, چونکە جەنابی بارزانی لە گەڕانەوەی بۆ کوردستان دەستپێکردنی شۆڕش چۆن ڕووبەڕووی پەلاماری ڕژێمەکانی عیراق بووەوە ,ڕووبەڕووی زوڵم و ستەمی کۆمەڵایەتی و چینایەتیش بووەوە و, لە کوردستان بارزانی دادپەروەری چەسپاند, کە زۆربەی خەڵکی هەژار و جوتیار و کرێکار تیایدا سوودمەند بوون بۆیە جەماوەر بە هەموو شێوەیەك لەپشتی پارتی و بارزانی دابوون.

- فیداکاری و بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگە بە ڕووی هێزە پەلامارەدەرەکان و تۆمارکردنی شەڕ و داستانەکان .

بەراورد لەگەڵ ئێستادا

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991کورد بەشێوەیەکی دیموکراسی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی دامەزراند, کە ئێستا حکومەتی هەرێم خاوەن سەروەری زۆرە لە بواری سیاسی و پەیوەندی نێودەوڵەتی و هەرێمی و, لە پایتەختی هەرێمی کوردستان زۆربەی وڵاتی زلهێز کونسوڵیە, یان نوێنەرایەتیان هەیە, بەهەمان شێوە حکومەتی هەرێمیش نوێنەرایەتی لە زۆربەی وڵاتان هەیە, لە بواری سەربازی خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە, کە لە شەڕی داعش هەموو وڵاتان سەماندیان, کە پێشمەرگە پاڵەوانی سەدەیە,لەڕووی دارایەوە خاوەنی نەوت و دارایی سەربەخۆیە, کە دەوڵەتانی دەوروبەر چاویان تێبڕیوە.

لەسەردەمی ئێستادا کورد دوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لە هەولێر و سلێمانی هەیە و پێویستی بە ڕێگەپێدانی هیچ وڵاتێك نیە و خەڵکی کوردستان بە ئازادی سەفەر دەکەن, بەڵام بەداخەوە هەندێ گروپ و کەس و لایەن هەن لە ئاستی بەرپرسیاریەتی دەڵێن باشتر وایە کورد واز لەکیانی سیاسی و ئەزموونی کورد بهێنن و ڕووبکەینە بەغدا, چونکە گوایە چارەسەری کورد لە بەغدایە, ئای چ شەرمەزارییەکە بۆ ئەوانەی کە ئەو بۆچوونەیان هەیە!.


ئەم ئەزموون و دەستکەوتەی کورد ئێستا بەدەستی هێناوە بە خوێنی هەزاران شەهید, کە لە بەرەکانی شەڕ یان لە ئەنفال و زیندەبەچاڵ ومانۆڕانی گەلی کوردستان بەدەست هاتووە لە پێناوی ئەم ئەزموونە بووە, بە چی لۆژیك و بۆچوونێك کورد دەستی لێ هەڵبگرێت؟!.. بە پێچەوانەوە دەبێت هەموو حزب ولایەنەکانی کوردستان کۆببنەوە و بڕیار بدەن لە چارەنوسی گەلی کورد یەك ڕاوبۆچونیان هەبێت, کە مافی گەلی کوردی تێدا ڕەچاوبکرێت, کە ئێستا کورد زۆر بەهێزە.

سەرۆکی کۆمار و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق و چەندین وەزیر و ئەندام پەرلەمانی عیراقی هەیە,حکومەتی عیراق لە ئێستادا لە بارودۆخێکی زۆر خراپدایە, ئەوان پێویستیان بە هاوکاری کوردە, دەبێت شاندی کوردی بۆگفتوگۆ بە ئاگاداری و وەرگرتنی ڕای نوێنەری زۆرینەی حزبە سیاسیەکان بڕواتە بەغدا, بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا چەندین کەس و گروپ دەڕۆنە بەغدا و گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت دەکەن کە ئەوانە نوێنەری کوردنین و بەغداش هیچ گرنگیەکیان پێ نادات , ئەوەش بەهۆی فرەحزبی و دورکەوتنەوەی حزبەکانە لە یەکتری و لەبەر نارەزایی شاندی کوردی بۆ بەغدا داخۆ بەغدا شایستە داراییەکانی هەرێم دەنێرێت یان نا, خەریکە مەسەلەی نەتەوەیی و سنوری کوردستان و داگیرکاری گوندەکانی کوردستان لەبیردەچێتەوە.

کورد کە قەوارەی سیاسی خۆی لە بەغدا بچەسپێنێ, ئەو کات بەپێی یاسا لە هەموو سەروەری و داهات و خێروبێری عیراق بەشی خۆی دەبێت و لە ڕووی جوگرافیاش سنووری خۆی دەزانێت.

مەلامستەفای بارزانی, ئەو دەستکەوتانەی ئێستا لە کوردستان هەیە نەیبوو, تەنها عەدالەت و ڕاستگۆیی لەگەڵ گەلەکەی وایکرد ڕژێمی بەغدا دان بەمافی گەلی کورد دابنێت لە ئازاری 1970 لە ئێستاشدا چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستانە و بەدەستی لایەنە سیاسیەکانە و لەدە ستی بەغدادا نیە.

•کارگێڕی لقی11ی پارتی



١٦ ئاب ڕۆژێکی پرسەروەری لە بزاقی ڕزگاریخوازی کورد

شێرکۆ حەبیب

ساڵێکی دیکەی خەبات و سەروەری لە تەمەنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەو قۆناغێکی دیکە هەنگاو دەنێت, بەرەو ئاسۆیەکی ڕووناکتر وتێراونیێکی دیکەی پڕ لە هەستکردن و بەرپرسیارەتی لە پێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکان.

پارتی لە ساتە وەختێکی وەها دامەزرا, کە کوردستان پێویستی بە حزبێکی جەماوەری نەتەوەیی بوو بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی و دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەر و ئازادی بۆ گەلێکی ستەم دیدە, ئەگەرچی پێش ساڵی ١٩٤٦ چەند حزبی سیاسیی و بزوتنەوە کاریان لەپێناوە دەکرد, بەڵام ڕۆڵی سەرکییان نەبوو بۆ لێکنزیککردنەوەی سەرجەم کوردستانیان و هۆکارەکەشی دەگەڕایەوە بۆ جیاوازی ئایدلۆجیەت و ڕاو بۆچوونی جیا جیا.

دامەزراندنی پارتێکی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی باوکی ڕۆحی کورد مستەفا بارزانی نەمر,پێداویستیەکی گرنگ بوو,لەو ڕوانگەشەوە بارزانی نەمر و دڵسۆزانی میللەتەکەمان هەموو هەوڵەکانیان بۆ ئازادی و دابینکردنی مافە ڕەواکان بوو.

پارتی هەر لەسەرەتای دامەزراندنی و لە تێڕوانینی بارزانی نەمر باوەڕی بە یەکەسانی و دادپەروەری و پێکەوە ژیان هەبوو, هەر ئەوەش هۆکار بوو, کە بووە حزبی سەرتاپای پێکهاتەی کوردستان بە جیاوازی ئاین و نەتەوە, کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دروشمەی پارتی بەرزی کردەوە لەگەڵ دید و تێڕوانینی بارزانی نەمر.

دواتر پارتی دیموکراتی کورد بووە بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی تەمەنی دا دووجاری زۆر هەوراز و نشێو بۆوە, بەڵام بە شارەزای و لێهاتووی بارزانی نەمر و سەرکردایەتی پارتی توانرا بەسەر سەرجەم ئەو نەهامەتییانە دا زاڵ بێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باوەڕ و متمانەی خەڵکی زیاتر دەبوو و تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دا بێت پارتی خاوەن پێگەیەکی توکمەی جەماوەرە و ڕەگی لە نێو دڵی میللەت داکوتیوە, ئەمڕۆش پارتی لەسەر هەمان ڕێباز و ڕێچکە بە سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆك بارزانی بە گوڕوتینێکی خرۆش تر خەبات دەکات بۆ دابینکردنی مافەڕەواکانی گەلی کوردستان لە ناوچەیەکی ئارام ودیموکراسی و باوەڕ بە مافی مرۆڤ و یەکسانی.

ساتێك پارتی یادی ٧٤ ساڵەی تەمەنی پر لەسەروەری دەکاتەوە شانازی بە خەبات و تێکۆشانی دەکات, کە توانیویەتی لە حزبێکی ناوچەیی سنوورەکان ببەزێنێ و ببێتە حزبێکی نێودەوڵەتی و بەرێز و شانازییەوە لەسەرتاپای جیهان لە لایەن حزب و ڕێکخراوە دیموکراسیخوازەکان بەگەرمی پێشوازی لێبکرێ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی پڕ لەسەروەری و بۆچوون و دیدەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی کە ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری هەیە لە تەباییی و پێکەوە ژیان و چەسپاندنی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ.

ئەمڕۆ ساتێك پارتی یادی ٧٤ ساڵەی تەمەنی دەکاتەوە, بەداخەوە کوردستان بە بارودۆخێکی هەستیار دا تێدەپەڕێت لە بڵاو بوونەوەی پەتای کۆرۆنا و نالەباری باری دارایی کە لە تاکامی نەنارەدنی بڕە بودجەی دەستووری هەرێم لەلایەن بەغداوە بۆتە مایەی نیگەرانی هاوڵاتیان,لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێم هەموو هەوڵێکی داوە بۆ نەهێشتنی ئەو باردۆخە ئاڵۆزە, بەڵام بەداخەوە هەندێ لایەنی چ کوردستانی یا عەرەبی دژی خواست و ویستی مافەکانی دەستووری کوردستانن.

ئەمڕۆ لە ساڵیادی پڕ لەسەروەری پارتی بەشانازییەوە دەڕوانێتە خەباتی ساڵانی ڕابردووی و سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنێ بۆ سەرجەم شەهیدان و سەروەریان بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەردەم لەیاد, کە بە خەباتی ئەوان و سەرجەم پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانیان گەیاندووەتە ئەمڕۆ, بەڵکو بە هەوڵ و هیمەتی جەنابی سەرۆك بارزانی لە سەربەخۆی و دەوڵەتی کوردستان چەند هەنگاوێك ما بوو, ئەگەر خیانەت وخاك فرۆشی نەبووایە.

ئەمڕۆ پارتی لە ساڵیادی بە شانازییەوە دەڕوانێتە پەیوەندییەکانی دەرکی کە بەڕێز و شایستە لەسەرتاپای جیهان پێشوازی لێدەکرێت, لەسەرئاستی ناوخۆ هەردەم لەگەڵ تەبایی و یەکڕیزی نێو ماڵی کوردستان دایە, هەردەم بەرژەوەندی گشتی لەسەرووی بەرژەوەندییەکان دایە, بەڵکو لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەردەم لە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکان بووە بە ڕێگای دیالۆگ و دانوستاندن, هیچ کاتێك لەگەڵ بەکار هێنای تووند و تیژی نەبووە, تەنانەت لە ساڵی ١٩٦١ کە پەنای بردە بەرچەك بۆ بەرگریکردن بوو لە کوردستان و میللەتەکەی و توانی چۆك بە ڕژێمی عیراق دا بدات و ڕێککەوتنامەی ١١ئاداری ساڵی ١٩٧٠ واژوو بکات.

ئەمڕۆ لە ساڵیادی دامەزراندنی پارتی هەموو ئەگەرەکان دێنە بەرخسێنێن بۆ تەباییی و یەك ڕیزی نێوماڵی کوردستان و یەك گوتار و هەڵوێست بەرامبەر گرفتەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەند و یەك هەڵوێست بەرامبەر نەیاران.

بەرز و گەشاوە بێت ئاڵای کوردستان و پارتی و نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدان سەروەریان بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەردەم لە یاد.

لەیادی 16ی ئاب دا

سڵاو دەنێرین بۆ سەرجەم چین و تۆێژەکانی گەلە خۆڕاگرەکەمان کە لەهیچ بارودۆخێکدا سەریان بۆ دوژمن شۆڕ نەکرد



کاردانەوەی لایەنەکانی فەڵەستین بەرامبەر ڕێککەوتننامەی نێوان ئیسرائیل و ئیمارات

دەسەڵاتداریتی فەڵەستین و هەریەك لە لایەنەکانی فەڵەستین فەتح، حەماس، جیهادی ئیسلامی و بەرەی ڕزگاری گەلی فەڵەستین ڕێککەوتننامەی ئاشایکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و ئیماراتیان بە ناپاکی لەقەڵەم دا. دەسەڵاتداریتی فەڵەستین بە توندی ئیدانەی ئەم ڕێککەوتننامەیەی کرد و ڕەتی کردەوە. وەك کاردانەوەش باڵیۆزی خۆی لە ئیمارات کێشایەوە. ئەندامی دەستەی کارگێڕی بەرەی ڕزگاری گەلی فەڵەستین، حەنان عەشراوی لە هەڵمەتی فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بە توندی کاردانەوەی خۆی نیشان دا بەرامبەر گوتەکانی بەرپرسانی ئیمارات کە رایانگەیاندبوو «بۆ پێدانی شانس بە دامەزراندنی دوو دەوڵەت لە فەڵەستین و ئیسرائیل» گەیشتوونەتە ڕێککەوتن و نووسیوویەتی: «تکایە چاکەمان لەگەڵ مەکە. ئێمە گەڵای هەنجیری کەس نین. لەوانەیە تۆ (شازادەی جێنشینی ئەبوزەبی، محەمەد بن زاید) ئازاری داگیرکاریت نەچەشتبێت، خانووت نەڕووخێنداوە و ئازیزانت نەکوژراون و لەلایەن دۆستەکانتەوە نەفڕشراوی». لەلایەی خۆیەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی فەڵەستین (فەتح)، عەباس زەکی ڕێککەوتننامەکەی بە دژایەتی ئیمارات بۆ گەلی فەڵەستین ناوبرد و بە وازهێنان لە ئەرکی نیشتمانی و مرۆڤیی و ئایینی لەقەڵەمی دا. هاوکات گوتەبێژی بزووتنەوەی حەماس،عەبدوللەتیف کانو بە پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاند کە ڕێککەوتننامەیەکی ترسناک و وەك خەنجەر لە پشتدانی گەلی فەڵەستینە.

لەلایەکی دیکەوە گوتەبێژی بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی، داود شیهاب ڕێککەوتننامەکەی بە چۆکدادانی ئیمارات بۆ ئیسرائیل لەقەڵەم دا و گوتی: «ئەم هەنگاوە نەك شەرمپێکدادانەکان ڕانەگرێت، بەڵکو حکوومەتی داگیرکەر دەکاتە تیرۆریستتر». هەروەها سەرۆکی بلۆکی لیستی هاوبەشی عەرەبی، ئەیمەن عەودە کە لیستەکەی نوێنەرایەتی فەڵەستینییەکانی ئیسرائیل دەکات ئیدانەی ڕێککەوتننامەکەی کرد و ڕایگەیاند کە تاکو مافە زەوتکراوەکان بۆ گەلی فەڵەستین نەگەڕێندرێتەوە نە ئاشتی بەدی دێ و نە پەیوەندییەکانیش ئاسایی دەبنەوە.

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد، ترەمپ ڕایگەیاند کە ئیسرائیل و ئیمارات گەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ «ئاشایکردنەوەی تەواوی پەیوەندییەکانیان». ترەمپ لە هەڤماری فەرمی خۆی لە تویتەر نووسیبووی: «ڕێککەوتننامەی مێژوویی ئاشتی لەنێوان ئیسرائیلی دۆستی ناوازە و باشمان لەگەڵ ئیمارات، بەڕەوپێشچوونێکی مەزنە». لای خۆیشیەوە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهۆ لە هەڤماری فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بە شێرکردنی تویتەکەی ترەمپ لەسەری نووسیبوو «ڕۆژێکی مێژوویی». ئاژانسی هەواڵی فەرمی ئیماراتیش WAM باڵاوی کردبۆوە کە هەردوو وڵات ڕێککەوتوون بۆ دیاریکردنی «نەخشەڕێگایەکی هاوبەش» بۆ دروستکردنی پەیوەندیی نێوانیان و لە داهاتوودا بەرپرسە باڵاکانی هەردوو وڵات بەمەبەستی واژووکردنی چەند ڕێککەوتننامەیەك لە بواری جیاوازدا کۆدەبنەوە.

ئیمارات بووە سێیەمین وڵاتی عەرەبی کە ڕێککەوتننامەی ئاشایکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل واژوو کرد. پێشتریش لە 1979دا میسر و لە 1994یشدا ئوردن ڕێککەوتننامەی ئاشایکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل واژوو کردبوو.

ئیمارات لە ئێران نارازییە

وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بە لێدوانەکانی سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی لەبارەی ڕێککەوتنی ئاشایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تەلئەبیب و ئەبوزەبی، ئیمارات کاربەڕێکەری ئێرانی لە وڵاتەکەی بانگهێشتی وەزارەتی دەرەوە کرد.بە پێی ئاژانسی فەرمی هەواڵی ئیمارات، WAM، وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر هۆشداربیەکانی حەسەن ڕوحانی بۆ ئیمارات لەبارەی «ڕەخساندنی بوار بۆ ئیسرائیل لە ناوچەکەدا»، کاربەڕێکەری ئێرانی لە ئەبوزەبی بانگهێشتی وەزارەتی دەرەوە ئەو وڵاتە کرا.جێگری کاروباری سیاسیی لە وەزارەتی دەرەوەی ئیمارات، خەلیفە شاهین خەلیفە مەرار، یاداشتی نارەزایەتی دایە کاربەڕێکەرە ئێرانییەکە. لە هەواڵەکەدا ئاماژە بەوەکراوە، ئەو یاداشتە بە هۆی هەڕەشەکانی ڕوحانی لەبەر بریارەکانی ئیمارات دراوە و، ئەو هەڕەشەیەش لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئێران، پارێزەرانی شۆڕش و بەرپرسانی دیکەی ئێرانەوە کراوە.لە یاداشتەکەدا باس لەوەکراوە کە ئەو هەڕەشانە جێگەی قبوڵکردن نییەن و شەڕ پێفرۆشتنە، لە هەمان کاتدا کاریگەریی مەترسیداریان دەبێت لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەی کەنداو.سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی، دوێنێ سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئاشایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئیمارات ڕایگەیاندبوو: «هۆشیاریی دەدەینە ئەوانە، بوار بۆ ئیسرائیل مەڕەخسێنن لە ناوچەکەدا. بە پێچەوانەوە بەرپەرچدانەوەیەکی جیاواز دەبینن. ئاگادارتان دەکەمەوە، گوێ لە ئاگادارییەکان دەگرن و لە ڕێگەی هەڵە دەگەڕێنەوە».



چاوەڕوانییەکانی یۆنان- قوبرسی ڕومی لە یەکێتی ئەورووپا بێ وەڵام مایەوە

لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا، هیچ بڕیارێك لەبارەی پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی دەرنەکرا و ڕاشگەیەندرا کە یەکێتی ئەورووپا سزا بەسەر بیلاروسیا دەسەپێنێت.ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی، ڕووبەڕووبونەوەی پۆلیس لە بەرامبەر خۆپیشاندەرانی بیلاروسیا لە دوای هەڵبژاردنەوەکانی ئەو وڵاتە، تەقینەوەکەی بەیروت و پرسی ڤێنیزوێلا بە سەرکردایەتی نوێنەری باڵای پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا، جۆزێپ بۆرێل لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا. بەپێی ئەو زانیارییانەی لەسەرچاوە دیپلۆماتییەکانی یەکێتی ئەورووپا بەدەستکەوتووە، بانگهێشتەکانی یۆنان و ئیدارەی ڕوومی قوبرسی باشوور لەبارەی ئیدانەکردنی هەنگاوەکانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی بێ وەڵام مایەوە. هاوکات ئەڵمانیا و چەندین وڵاتی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا پشتیوانیان لەم بانگهێشتە نەکرد. بۆرێل لە دوای کۆبوونەوەکە لە هەڤماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ڕایگەیاند کە ئەوان لەگەڵ یۆنان و ئیدارەی ڕومی قوبرسی باشوور هاریکارن. بۆرێل بانگهێشتی تورکیای کرد بۆبەستنی دیالۆگ و کەمکردنەوەی گرژییەکان. لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە ئەنجامدرا، بە کۆبوونەوەیەکی نافەرمی هەژمار دەکرێت و لە دوای کۆبوونەوەکە هیچ بڕیارێکی هاوبەش دەرناکرێت. تەنها وەزیران دەتوانن ڕێنمایی بە گرووپەکانی کارکردن بدەن بۆ ئامادەکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەکان.

پرسی سەپاندنی سزا بەسەر بیلاروسیا

نوێنەری باڵای یەکێتی ئەورووپا، بۆرێل ڕایگەیاند کە سزا بەسەر بیلاروسیا دەسەپێنن. ڕاشیگەیاند کە ئەوان ئەو ئەنجامەی هەڵبژاردن قبوڵ ناکەن کە تێدا سەرکۆماری ئێستای بیلاروسیا، ئەلێکساندەر لوکاشێنکۆ سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. گوتیشی: «کارەکان دەستپێکراون بۆ سەپاندنی سزا بەسەر ئەو کەسانەی کە بەرپرسن لە گۆڕینی ئەنجامەکان و بەکارهێنانی تووندوتیژی». لە دوای ئەوەی ڕاگەیەندرا کە لە هەڵبژاردنەکانی 9 ی ئابی سەرۆکایەتی کۆماری بیلاروسیا، لوکاشێنکۆ سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، خۆپیشاندان لەو وڵاتە دەستپێکردبوو. خۆپیشاندانەکان بە شێوەیەکی بێ مۆڵەت لە شەوی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان دەستپێکرد و تیایدا کەسێك گیانی لەدەستدا و سەدان کەسیش بریندارببوون. هاوکات شەش هەزار کەسیش دەستگیرکرابوون. لەلایەکی دیکەش ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە بە بانگهێشەی «فێڵکردن لە هەڵبژاردنەکان» ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ڕەتکردەوە و تانەی پێشکەش بە دادگای باڵا کرد.

مانشێت

ئۆبزێرڤەر:



ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا ڕایگەیاند وڵاتەکەی گۆێ بە هەڕەشە نادات و لە دەریای سپی ناوەڕاست بەردەوام دەبێ لە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نەوت و غاز.

سکای نیوز:



دوای ڕووسیا ، کۆمپانیای کانسینۆ بیۆلۆجیکس مۆڵەتی خستنەڕووی یەکەم ڤاکسینی دژی ڤایرۆسی کورۆنای لە حکومەتی چین وەرگرت.

یۆرۆ نیوز:




هێرشێکی بزووتنەوەی شەبابی سۆمالی لە مەقادیشۆی پایتەخت بۆ سەر هۆتێلێك کوژرانی دوازدە کەسی لێ کەوتەوە.

ئەی ئیف پی:




بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا ،سەرۆکوەزیرانی نیوزلەندا بڕیاری دا هەڵبژاردنی وڵاتەکەی بۆ 17 ی ئۆکتۆبەری داهاتوو دواخست.

ڕۆیتەرز:



ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا داوای لە یەکێتی ئەورووپا کرد یارمەتی ئەو خۆپیشاندەرانە بدات کە لە دژی لۆکاشینکۆی سەرۆکی ڕووسیای سپی ناڕەزایی دەردەبڕن.

کەنالی ئار تی:



لە نزیك شاری ئۆستن لە ویلایەتی تێکساسی ئەمەریکا چەکدارێك تەقەی لە پۆلیس کرد و سێ کەسی بریندار کرد.



کاریکاتێر (وەرگیراوە)



بێرمە سارد لە مانگی 6





بۆ سەر گۆمەکان (بێرمەکان) دەکەن، ئەو دیمەن و گۆمانەش زیاتر لە زوومی کامیرەی ئەو گروپ و ئاشقانەی سروشت ناسراون.

هەبوونی نزمترین پلەی گەرما لە هاوین لەسەر شاخ و لوتکەکانی ناوچەکە سەرنجی زۆر گەشتیاران رادەکێشن و ناوچەکە پڕ لە گەشتیار دەکەن. ئەم هۆکار و بنەمایانە ناوچەکەیان کردۆتە زەمینەیەکی لەباری گەشتیاری و بوونەتە مایەی راکێشانی گەشتیار و هاوولاتیان، هەروەها ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گروپی شاخەوی لەهەر چوار وەرز روو لە لوتکەی چیای هەڵگۆرد و سەکران و کۆدۆ گۆمی بێکۆدیان دەکەن، کە ژمارەیەکیان گەشتیاری بیانین، بەمەبەستی سەرکێشی و یاری خلیسکانێی بەفر دەچن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش هیچ پرۆژەیەکی گەورە و ستراتیژی گەشتیاری لەلایەن حکومەت و لەلایەن کەرتی تایبەت لە ناوچەکە بوونی نییە، ئەوەی هەیە چەند گوندێکی گەشتیاری و کۆمەڵە کەپرێکی گەشتیارین لە هەندێك شوێن و دۆڵ و نزمایی ناوچەکە، بەڵام سەر بەرزاییەکان بێ پرۆژە و بێ خزمەتگوزارین، کەچی لەبارترین شوێنی گەشتیارین بۆ هاوین و بۆ زستان.

بەشێك لە وێنەکان و زانیارییەکان:

وەلی قادر چۆمانی

گۆماوە دەگمەنەکانی چیای هەڵگۆرد و ئایندەی گەشتوگوزار



نادر روستی

لوتکە چیای هەڵگۆرد لە زنجیرە چیای حەسارەروست بەرزترین چیای هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەیە، بەرزیەکەی بە 3607م تۆمار کراوە، لە دوا بەدواداچوونداً بە پێوەری ئامێری GPSی سەردەم دەرکەوت کە 3610م بەرزە، زۆرترین بەفری لێ دەبارێت و نزمترین پلەی گەرما لە هاوین و زستان لێی تۆمار دەکرێت، زۆرترین شاخەوان و هاوولاتی گەشتی بۆ دەکەن، هەندێکیان بەشەو لە قەدپاڵ و لوتکەکەی دەمێنەوە.

لوتکە چیای هەڵگۆرد بە دووری 175کم دەکەوێتە بەشی باکووری پارێزگای هەولێر، بەشی رۆژهەڵات و باشور و رۆژئاوای چیای هەڵگۆرد دەکەوێتە قەزای چۆمان، بەشی باکووری دەکەوێتە سنووری ناحیەی سیدەکان لە قەزای سۆران، لە دامێنی چیاکە لە رۆژهەڵات چەند گوندێك هەیە، کە نزیکترینیان لە رۆژهەڵات گوندەژۆرە، لە باشور گوندی ناوەندە و وەردە و دێڵزەن، لە رۆژئاوا گوندەکانی شلان و گرتك و روست. لە چەند لایەکەوە گەشتیار و شاخەوانەکان دەتوانن بۆ سەر لوتکەی هەڵگۆرد سەرکەون، لە دیووی گوندە ژۆر، گوندی ناوەندە، دۆڵی روست، بیرمەسارد لە سنووری سیدەکان، رێگا نزیکەکان لە دیوی گوندی ناوەندە و دۆڵی روستە. لە وەرزی زستان زۆرترین بەفری لێدەباریت و تاکو هاوین لە هەندێك شوێن بەفر و کەویە بەفر دەمێنێتەوە، بەتایبەت لە دیوی سنووری سیدەکان، ئەمەش وایکردووە، کە لە هاوین نزمترین پلەی گەرما لە رۆژدا لە 15 بۆ 20 پلە تێنەپەڕێت، لە زستانیش نزمێتەوە بۆ 25 پلەی خوار سفر. لە بەرزایی و لەدامێنی چیای هەڵگۆرد ژمارەیەك بێرم و گۆماوی سەرنجڕاکێش و دیمەن جوان و سازگار هەیە، زۆربەی گۆمەکان دەکەونە بەشی رۆژهەڵات و باکور و باکوری رۆژئاوای چیای هەڵگۆرد. بەتایبەت گۆمەکانی: (چلدار، سەرنشێو، مراوی، داوداو بەردەقوچ، ئیشك، بنلێس، مراد)، لە دیوی سیدەکان چەند گۆمێك (بێرم) دەکەوێتە دامێنی چیای هەڵگۆرد بەتایبەت (بێرمە گەورە، بیرمە ورگ، بێرمە سارد، بێرمە حەکیم). گەورەترین گۆم لە مانەی ناوم هێنان، بێرمە گەورە، کە مەزندە دەکرێ پانتایەکەی 40م بە 18م بێت. قوواڵترین گۆمیش، گۆمی چلدارە کە مەزندە دەکرێ 9 بۆ 15م قووڵ بیت. لە رووی جوانییەوە، جوانترین دیمەن بە تایبەت لە بەهار بێرمە سارەدە، هەروەها ساردترین و سافترین گۆمە. رازاوەترین گۆمیش بە سەوزایی و گوڵ و گوڵزار، گۆمی چلدارە. بەهۆی جوانی بێوێنەیان و تێکەڵبوونیان بە دیمەنی گوڵ و سەوزایی و بەفر و قەدوبااڵی هەڵگۆرد و دەرکەوتنی دەیان جۆر گژوگیا و گوڵی جۆراوجۆر لە دەوروبەریان لە وەرزی بەهار ناوچەکە دەکەنە باخچەیەکی سروشتی رازاوەی سەرنج راکێش. هەندێك لە گوڵەکان پانتایی فراوان دادەپۆشن و تابلۆیەکی هونەری ڕەنگین دەخەملێنن، چەندان جۆر باڵندەی جۆراوجۆر و خشۆکی جۆراوجۆر لەو ناوچەیە دەبینرێن، لە هەندێك شوێن گوێت لە ئاوازی باڵندەکان دەبێت، هەندێك جۆری ئاژەڵی کێوێش لە ناوچەکە دەژین. لە ناوەڕاستی وەرزی بەهار ژمارەیەکی زۆر ڕەوەند بۆ بەخێوکردنی مەروماڵاتیش ڕوو لەو شوێنە دەکەن، لە هەندێك شوێن ڕەشماڵ بەکۆمەڵ هەڵدەدەن و زۆنی ڕەوەندەکان دروست دەکەن، زۆرجار مەڕومااڵت و ڕەوە ئەسپ و مێگەل دەبینرێن. بەردەوام لە چوار وەرزی ساڵیش گروپی شاخەوانەکان بۆ قەدپاڵ و لوتکەی هەڵگۆرد هەڵدەکشێن، گەنجان و ئاشقانی سروشت لە دەڤەرەکە گەشتی هەفتانە و ڕۆژانە

بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا پلانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری هەرێم وەستاوە

هەرچەندە لە ڕووی پاڵپشتی ماددی لە ماوەی ڕابردوو بودجەیەکی دیاریکراو بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە تەرخان نەکراوە، بەڵام وەك سیاسەتی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەرتی گەشتیاری وەك یەکێك لە سەرچاوەکانی داهات بۆ وڵات دیار کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدراوە کار ئاسانی بۆ چالاکی و جوڵەی گەشتیاری بکرێت، لە کابینەی ئێستاشدا ئەم ڕاستە دووپات کراوەتەوە، لە سەرەتای ساڵی 2020 پلان هەبوو کە دەستەی گشتی گەشتوگوزار بە پاڵپشتی وەزارەتی شارەوانی و ئەنجومەنی وەزیران کۆمەڵێك پڕۆژە بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە و بڕیك بودجەش بۆ پڕۆژەکان و چاڵاکییەکان تەرخان بکرێ و هەڵی کار بۆ هەزاران کەس لە کەرتی گەشتیاری دابین بکرێ، بەڵام ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئەو دۆخەی ئێستا هەیە، بووە ڕێگر بۆ پێشوەبردنی کەرتی گەشتیاری. ڕاگەیاندنی 227 پڕۆژەی وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاری لە ساڵی 2020 گەواهیدەر و ئاماژەی گرنگن بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری لەم کابینەیەدا، بەڵام نەك نەچوونەتە بواری جێبەجێکردن، بەڵکو دۆخەکە سەد لەسەد پێچەوانە بۆتەوە، ئەمەش نیگەرانیەکی زۆری لەلایەن خاوەن سەرمایەکان و خاوەن پڕۆژەکان و بنکە گەشتیارییەکان دروست کردووە، بەتایبەت دوای ئەوەی کە ماوەی داخستنی بنکە و شوێنە گەشتیارییەکان بۆ ماوەیەکی درێژە داخراون و زیانی زۆر بە خاوەن شوێنەکان کەوتووە و هەزار کرێکار و کارمەند بێکار بوونە.

ئا: لاپەری گەشتوگوزار

گوندی سەکرانی گەشتیاری

هاوینەهەوارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە بۆژاونەتەوە

سەرەڕای بەردەوام بوونی هەڕەشەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر هاووڵاتیانی سنووری پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە، لە جەژنی قوربانەوە تاکو ئێستا شوێنە گەشتیارییەکان بەڕووی هاووڵاتیان و گەشتیاران کراونەتەوە، ئەمەش وایکردووە کە گەشتیارێکی زۆر لە ناوخۆی سلێمانی و لە دەرەوەی پارێزگای سلێمانی ڕوو لە ناوچە گەشتیارییەکان بکەن، ئەم دەرفەتە هەناسەیەکی بەبەر شوێنەکانی گەشتیاری کردۆتەوە، سەرچاوەیەك بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند، جگە لە گەشتیاری ناو هەرێم، گەشتیار لە شارەکانی خوار و ناوەڕاستی عێراقەوە بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بەردەوام دێن، تەنیا گروپی گەشتیاری نایەت.

زێدان پەتای بەرشلۆنەیە

لەوەتەی راهێنەری فەرەنسی، زینەدین زێدان، لە ساڵی 2016 ەوە بووەتە راهێنەری ریال مەدرید، تاکو ئێستا 11 نازناوی لەگەڵ یانەکەدا بەدەستهێناوە، بەرامبەر بە 8 نازناو بۆ کەتەلۆنییەکان. زێدان لە ماوەی چوار ساڵی بوونی بە راهێنەری ریال مەدریددا، بووەتە یەکێ لە راهێنەرە بلیمەت و بە تواناکانی جیهان، زێدان لە رزگارکردن و سەرکەوتنەکاندا پسپۆرە، ریال لەگەڵ ئەودا خۆی لە چەندین درامای مێژوویی قورتار کردووە، کە خەریکبوو بەرامبەر بەرشلۆنەدا روو بدەن، لە مانگی کانونی دووەمی 2016ەوە، تیپەکە 11 نازناوی لەگەڵ زێدان بەدەستهێناوە، بەرامبەر 8 نازناو بۆ بەرشلۆنە. کە زێدان دەرکەوت، خەڵکانێك بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە لە سەردەمی مێسیدا دەژیان، بەڵام ئەو لایەنەیان لە کۆی نازناوەکان (11-8) لە کورەکەی مارسیلیا نەبینی. بەرشلۆنە 3 نازناوی لیگا، 3 جامی شا و 2 جامی سوپەری ئیسپانیای بەدەستهێناوە، بەڵام لە ساڵی 2015ەوە، مالّئاواییان لە نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، جامی سوپەری ئەورووپا و مۆندیالی یانەکاندا کردووە، دواییش نازەکانی یانەکە لەوانە لە مانگەکانی ئاب و کانونی یەکەمی 2015 بوو، نزیکەی پێنج مانگ بەر لە دەرکەوتنی زیزۆ، ئەمەش نازناوی هەردوو یانە لە سەرەتای ساڵی 2016 تاکو ئێستا دەردەخات. زێدەباری ئەمەش زێدان، کە هەر نازناوێکی بە 19 یاری بەدەستهێناوە، خاوەن هاوسەنگییەکی ئەرێنییە لە یارییەکانی کلاسیکۆدا، زێدان لە 9 یاری کلاسیکۆدا، خاوەنی 4 بردنەوە بە رێژەی 44.44%، دووانیان بە دەستهێنانی جامی سوپەری ئیسپانیای ساڵی2017 بوو، لەگەڵ 3 یەکسانبوون بە رێژەی 33.33% و 2 دۆڕان بە رێژەی 22.22%. بەڵام ئەو ئامارانە لە کاتی وازهێنانی زیدان جیاوازە، لە ماوەیەدا 4 یاری کلاسیکۆ کراوە، ریال 3 دۆڕان و یەکسانبوونێکی هەیە، 8 گۆڵی لێبووە و تەنیا 2 گۆڵی تۆمار کردووە، بەڵام ئێستاکە فیلمەکە گۆڕاوە، چونکە زێدان رێوشوێنی تۆندی بەرامبەر بەرشلۆنە گرتووەتە بەر، هەر بۆیە زیزۆ بە پەتای بەرشلۆنە دادەنرێت.

رەمزی میرەکانی

رۆنالّدۆ یاریزانێکی مێرەنگی دەوێت

کریستیانۆ رۆنالّدۆ قسەی خۆی کردووە لە دەستنیشان کردنی یاریزانێك بۆ هێڵی پێشەوەی یوڤانتۆس، و ئەوەشی لە رێگەی داوایەکەوە گەیاندۆتە ئیدارەی خانمە پیرەکە.

بە گوێرەی زانیارییەکانی ئەلفرێدۆ پێدولا، رۆژنامەنووسی ناسراوی ئیتالّیا لە لاگازێتا دێلۆ سپۆرت، رۆنالّدۆ داوای لە یوڤی کردووە کەریم بنزیمەی هاوتیمی پێشووتری لە یانەی ریاڵ مەدرید بگوازنەوە تۆرینۆ. ئەوەش ڕوون کراوەتەوە کە دەشێت پاولۆ دیبالا لە مامەڵەکەدا وەك ئالوگۆڕی بەکار بهێنرێت کاتێك ڕیاڵ پێشتر نیازی گواستنەوەی لە ئەستیرە ئەرجەنتینیەکەی هەبووە. بە ڕۆشتنی گۆنزالۆ هیگواین لەم هاوینەدا، یوڤی تەمای لە جێگرەوەی ناوبراو گرتووە کە خۆی دەبینێتەوە لە هەریەکە لە ئیدین دزیکۆ لە ڕۆما، ئەڤارۆ مۆراتا لە ئەتلەتیکۆ مەدرید و دوڤان زاپاتا لە یانەی ئەتلەتا.

کاردانەوەی ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا دوای دۆڕانەکەی بەرشلۆنە

دوای ئەوەی یانەی بەرشلۆنە لە قۆناغی هەشتی چامپیۆنزلیگ بە 8 گۆڵ بەرامبەر 2 گۆڵ بە بایرن میونشن دۆڕا و لە پاڵەوانییەتییەکە کرایە دەرەوە، ڕۆژنامەکانی نزیك لە یانەکە و دژەکانیش بەم شێوەیە کاردانەوەیان نواندووە: ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی بە مانشێتێکی گەورە نووسیویەتی:" شەرمەزاریەکی مێژووی بۆ بەرشلۆنە، ئەو شکستە دەرگا بەرووی کێشەی گەورەی یانەکە دەکاتەوە" ڕۆژنامەی مۆندۆدیپۆرتیڤۆ نووسیویەتی:" ئەوەی ڕوویدا کۆتایی بازنەیەکی شەرمەزارکەربوو" وتەی پیکێ وەك نموونە وەردەگرێ و دەڵێت" ئەگەر ئێستا کاتی گۆڕانکاری بێت من پێش هەمووان یانەکە جێدەهێڵم و بەرپرسیارەتی لەسەر هەمووانە". ڕۆژنامەی مارکای نزیك لە ریاڵ مەدرید تەنها بە وشەیەك نووسیویەتی:" شەرم " وەك پیکێ دوای یاریەکە وتی شەرم باشترین پێناسەیە. ئاسی ئیسپانیش بە مانشێتێکی گەورە لەبارەی یاریەکە نووسیویەتی:" کارەساتێکی مێژووی بەرامبەر بایرن میونشن".

دوو یانەی ئەڵمانی و دووی فەرەنسی شەڕیانە

دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی هەشتی چامپیۆنزلیگ، و دۆڕانی هەریەك لە ئەتەلانتا و ئەتلەتیکۆ مەدرید و مانسیتی و بەرشلۆنە، کە زۆربەی چاودێران بە قۆناغی سەیروسەمەرە ناوی دەبەن، چوار یانە یاری پێشکۆتایی ئەنجامدەدەن. لە یاری پیشکۆتایی دوو یانەی ئەڵمانی و دوو یانەی فەرەنسی شەڕ لەپێناو گەیشتن بە یاری کۆتایی دەکەن، لایپزیك بەرامبەر پاریس سانجێرمان، و بایرن میونشن بەرامبەر لیۆن یاری دەکەن. لە ڕۆژی سێشەممە کاتژمێر 10 بەکاتی هەولێر، یاریگای نور لە لشبۆنە میواندداری یاری نێوان پاریس سانجێرمان و لایپزیك دەکات. ڕۆژی چوارشەممە لەهەمان کاتدا کاتژمێر 10، لە یاریگای خوسێ ڤالادی هەردوو یانەی لیۆنی فەرەنسی و بایرن میونشن ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. بڕیاریش وایە ڕۆژی پەکشەممە 2020/8/23 لە لشبۆنە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ بەڕیوەبچێت.





محەمەد عوسمان

کەسایەتی دیاری وەرزشی کوردستان کۆچی دوایی کرد

دوای ململانێی لەگەڵ نەخۆشی محەمەد عوسمان ڕۆژی یەکشەممە 2020/8/16 لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد، خوالێخۆشبوو ساڵی 1947 لە یەکێك لە گوندەکانی ناوچەی کەندیناوە (سەید عوبێد) لە دایکبووە، لە ژیانی وەرزشییدا وێڕای یاریزانی، چەندین پلە و پۆستی وەرگرتووە و بۆ ماوەیەك سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بوو ە، هەروەها بۆ ماوەیەکی زۆریش وەك ڕاهێنەری هەردوو هەڵبژاردەی هەولێر و یانەی هەولێر کاری کردووە و چەندین یاریزانی بە توانا و لێهاتوو لەسەر دەستی ناوبراو پێگەیشتوون، لە ساڵی 2018 نووسەر و ڕۆژنامەنووس یونس حەمەد کتێبیکی بە ناوی (چیایەك بۆ وەرزش) بە چاپگەیاند و کتێبەکە باس لە مێژووی وەرزشی هەر لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم تا 2018 دەکات، شایانی باسە محمەد عوسمان بۆ یەکەمجار وەك کوردێکی شاری هەولێر بەشداری لە خولێکی تۆپی پێ لە وڵاتی تونس کرد لە ساڵی 1977.



پرسەنامەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش بۆ خانەوادەی محەمەد عوسمان

بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزشەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی خانەوادەی خوالێخۆشبوو (محەمەد عوسمان) وەزشوانی ناودار و دێرینی هەرێمی کوردستان دەکەین، کەبەنەخۆشی کۆچی دوایی کرد، داواکارین لە خوای گەورە بە بەهەشتی شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە بنەماڵەکەیان ببەخشێت.

إنا لله وإنا إليه راجعون

د. شاکر ئەحمەد سمۆ

بەڕێوەبەری گشتی وەرزش

خەبات

ماسك بەستن

XEBAT

Tue.18 Aug. 2020 No.:(5989)

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq

www.xebat.net info@xebat.net

Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

لە یادی (74)ەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتیماندا


خوشک وبرایانی ئێزدی و ئاین و مەزهەبەکانی تر لە کوردستان دڵنیادەکەینەوە کە پارتی و ڕێباز بارزانی وەکو هەمیشە پارێزگارییان لێدەکات



١٦ی ئابی ١٩٤٦ - ١٦ی ئابی ٢٠٢٠

74

ـمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان





بە قسەی مومتاز حەیدەری بکەن

ڕۆژێک بە ڕەسمی بۆ جەژنی کتێب دیاری بکرێت

دڵشاد مستەفا وەسانی


جێی داخە، لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ـەوە، هەندێ بابەتی گرنگ و پەیوەندیدار بە ئێستا و دواڕۆژی کۆمەڵگەی کوردستان، لەو ئاستەدا نەبووە کە چاوەڕوان دەکرا، دیارترینی ئەو بابەتانەش کتێبە، کە دەبوو، لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین، بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمە، پلانی گرنگپێدانی، لە پلانە لەپێشەکانی حکوومەت بێت، چونکە کتێب یەکێک لە ئامرازە هەرە کاریگەرەکانی نەهێشتنی ئاسەواری داگیرکارییە. ئێستا دوای ٢٩ ساڵ لە دەسەڵاتی خۆمان، بە ئاشکرا کاریگەریی پاشەکشەی ڕۆڵی کتێب، بە بواری جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە دەبیندرێت. سەرەڕای ئەوەی پلانێکی ستراتیژی نەبوو، ئەو قەیرانە تاقەتپڕۆکێنانەی، لەم چەند ساڵەی دواییدا، بەرۆکی کوردستانیان گرت، هێندەی دی بوونە مایەی کۆسپ و تەگەرە بۆ کتێب.

لە نێو ئەو بارودۆخە ناهەمواردا، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیاری گەلەکەمان مامۆستا موممتاز حەیدەری، یەکەم کەس بوو، لە ڕێی کەرنەڤاڵی جەژنی کتێبەوە، بۆ گەڕاندنەوەی بەها بۆ کتێب و بڵاوکردنەوەی کولتووری خوێندنەوە هاتە مەیدان.

مومتاز حەیدەری ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٢٦ لە ناوەندی ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، لە ڕێورەسمێکی شایستەدا، ناساندنی شەش کتێبی گرنگی لەبارەی خەباتی سیاسی، نەتەوەیی، نیشتمانی و کلتووریی حەیدەری زادەکان، بە کەرنەڤاڵی جەژنی کتێب ناودێر کرد. دوای شەش مانگ لەو کەرنەڤاڵە، کتێبێکی قەبارە گەورە و ٢٨٤ لاپەڕەیی و ڕەنگاوڕەنگی بەناوی (جەژنی کتێب: جەژنی ژیان) چاپکرد، کە ئەلبوومێکی جملک: هونەری-کلتووریییە.

لەم کتێبەدا، چگە لەوەی، تەواوی بۆنە و کەرنەڤاڵی جەژنی کتێب بە وێنە و بابەتەوە دیکۆمێنت کراوە، چەند بابەتێکیش کە بە قەڵەمی مومتاز حەیدەری نووسراوە لەخۆ دەگرێت. بەرگی یەکەمی کتێبەکە، بە وێنەی سێ شەهیدی قۆناغە جیاوازەکانی کوردستان ڕازاوەتەوە، کە بە شەهیدانی هزری کوردیی ناساندوون، بریتین لە جەمال عیرفان، عەبدولخالق مەعروف وئەبوبەکر عەلی.

کتێبەکە بە بابەتێک بەناوی (جەژنی کتێب لە باوەشی نەمریی ژنە هەڵکەوتووەکانی کوردستاندا) دەست پێدەکات، کە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی ئافرەت، مومتاز حەیدەری ئەم بەرهەمەی پێشکەش بە ئافرەت کردووە، لە دوا پەرەگرافی بابەتەکەدا نووسیویەتی:»ژۆر بەکورتی، دەمەوێ وەک ڕێزلێنانێک لەمەڕ گەورەیی ئەو ژنانەی کە بەشێکی مێژووی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، ئابووری، خوێندەواری، ڕۆشنبیری، خەباتی سیاسی و نەتەوەکەیان دروست کردووە، ئەم بەرهەمە هونەری، بەڵگەنامەیی، کلتووری، نموونەیی، کە لە سیما و سیفەتی جوانی ڕەوشتی بەرزی ژن دەکات، بەوپەڕی شانازی و سوپاسەوە پێشکێشیان بکەم». لە دوای ئەم بابەتە، دوو لاپەڕەی لە ژێر ناوی (مشتێ نموونەی خەروارێکی مەزن) بۆ وێنەی ٤٠ ئافرەتی ناوداری کوردستان تەرخان کردووە.



دوو لاپەڕەی دواتر لە ژێر ناوی (خودانی هزری کوردان کێن؟) بۆ وێنەی ٦٠ کەڵەپیاوی ناوداری کوردستان، ئەوانەی بەردی بناغەی فەرهەنگی کوردییان داناوە تەرخان کراوە، لەژێر ئەم مانشێتەدا، مامۆستا مومتاز نووسیویەتی:»دینگە پتەوەکانی باڵەخانەی کتێبی کوردی- دەستنووس و چاپکراو- چاپەمەنییەکانی هەمەچەشن: زانستی ئایینی، ئەدەبی نەتەوەیی، ڕۆژنامەنووسی پێشەنگ، کلتووری ڕۆشنگەری، هزری سیاسی، نیشتمانی و مرۆڤپەروەری و ..هتد.».

حەیدەری، جگە لەوەی کە جەژنی کتێب بە جەژنی ژیان دادەنێت، ناوزەند بکرێت، جا لەو ڕۆژەدا لەسەر ئاستی کوردستان، ژمارەیەک چالاکی هەمەچەشنی کولتووری نموونەیی، کۆڕ و فیستیڤاڵی ڕۆشنبیری، سیمیناری فکری، لەمەڕ گەورەیی کتێب جێبەجێ بکرێت.

جێی ئاماژەیە، دەبێت لیژنەیەکی باڵای کارامە بەو شێوەیەی خوارەوە دروست بکرێت:

نوێنەرانی: وەزارەتی ڕۆشنبیری، خوێندنی باڵا، پەروەردە، نوێنەری زانکۆکانی کوردستان، یەکێتی نووسەرانی کورد- مەڵبەندی گشتی و لقەکانی نووسەران بە کەرکووک و خانەقینەوە..هتد، لەگەڵ لیژنەیەکی ڕاوێژکار لە نوێنەرانی ژمارەیەک دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ناسراو بۆ پێدانی زانیاری لەمەڕ کتێبە چاپکراوەکان.

هەڵبەت کارێکی سەرەکی لیژنەی باڵا ئەوەیە ڕێز لە ژمارەیەک خاوەن قەڵەمی بەڕشت و گەورە بگیرێت، بۆ نموونە:

ساڵانە ٣٠ خاوەن قەڵەمی هەمەڕەنگ بە هەردوو ڕەگەزییەوە ڕێزیان لێ بگیرێ:

- خاوەن ١٠ قەڵەمی کۆچکردوو یان شەهید.

- خاوەن ١٠ قەڵەمی زیندوو.

- خاوەن ١٠ قەڵەمی گەنج.

من پێموایە ئەگەر ئەم پێشنیازە، جێبەجێ بکرێت، بە نیشانەیەکی مەزنی پڕشنگداری کلتووری دەژمێردرێت، بگرە هاوکات- بەدڵنیاییەوە- دەبێتە ئامرازێکی کاریگەری دیکە، لەمەڕ پێشکەوتنی کتێبی کوردی..هتد. لە ناخی ناخەوە- هەر هەموومان- دەخوازین بەخۆشی و سەرفرازی نەتەوە و نیشتمان ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٢٦ بەیەک بگەین».

پێویستە پشتگیری لەم پێشنیازە بکرێت، لە جەژنێک، کە مامۆستا مومتاز پێشنیازی کردووە و لە شوباتی ٢٠٢٠ یەکەم کەرنەڤاڵی بۆ کردووە، ببێتە جەژنێکی ڕەسمیی ساڵانەی سەرتاسەری کوردستان.

ئاری ئاغۆک جەرگی لۆ هەولێر ژان دەکات

لەم ڕۆژانە شاعیر و نووسەر ئاری ئاغۆک بەرهەمە شیعرێکی خۆی بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ بڵاوکردەوە بەناونیشانی (جەرگم لۆت ژان دەکا هەولێر) کە ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمە ئەدەبیە گوزارشتە لە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و مەرگی تازیزان و مات و حەزینی شاری هەولێر. دەربارەی ناوەڕۆک و بیرۆکەی ئەم بەرهەمە شاعیر ئاری ئاغۆک گوتی: دوای ئەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەرجەم جیهان بڵاوبۆوە ,ئەوا شارەکەشمان بێ بەش نەبوو لەم پەتایە ,ویرای تەندروستیی خراپ و شڵەژانی دەروونی لەلایەن کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی ,ئەوا ئەدیب و نووسەر و هونەرمەندان زیاتر کاریگەریان لەسەرە بۆ دەربڕینی هەستەکان,بۆیە بەندەش وەک تاکێکی کۆمەڵگە, وەک خەمێکی گشتی و وەک کورپ ئەو شارە ئەو تێکستەم بۆ خەمستانی هەولێر نووسی ,دواتر تۆمارمان کرد و بڵاوکرایەوە کە لە وێنەگرتنی ,(هێرش حامد شوانی و یوسف ئەکرەم) ,شوێنی جوگرافی وێنەگرتن شاری هەولێرە ,مۆنتاژ و دەرهێنانی یوسف ئەکرەمە. شیاوی باسە ئاری ئاغۆک خاوەن چەندین کتێبی شیعری و ئەدەبی و هونەرییە، ئەم بەرهەمەشی گوزارشتە لە خۆشەویستی و گەورەیی و جوانی شاری هەولێر.

لە کۆپلەشیعرێک دا ئاری ئاغۆک دەڵێ :

هەولێر خۆزگە وەهام نەدیتبای
لەدەختی بەرداری مێژووی جوانیت
هەر سەعاتەو گەڵای تازیزێکت هەڵدەوەرێ!
خودایە ئەو پەتایە چی بوو بۆ وڵات ؟
خودایە مزگەوتەکات لۆ وایان لێهات ؟



گەڕەکی شۆڕجە وەک کتێبێکی دیکیۆمێنتاری کەوتە بەر دیدی خوێنەران

گەڕەکی شۆرجە لێکۆلینەوەیەکی ئیتنۆگرافی،مێژووی، بایۆگرافییە. نوسەری ئەم کتێبە هۆشیار بەکر عەزیز و دکتۆر جەبار قادر پێداچوونەوەی بە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا کردووە. گەڕەکی شۆرجە لێکۆلینەوەیەکی ئیتنۆگرافی،مێژووی، بایۆگرافییە.لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین بە قەبارەی مام ناوەندی لە ساڵی ٢٠٢٠ چاپ و بڵاوکراوەتەوە. نووسەر لەناوەڕۆکی ئەم کتێبەدا وەک لەپێشەکییدا ئاماژەی بۆ کردووە، چیرۆکی پڕ لە ئازارو ستەم و نەهامەتی لە هەمان کاتدا کورداییەتی و بەرگری و قارەمانییەتی گەرەکێکی ڕەسەنی شاری کەرکوکە کە دانیشتوانی کوردن، نووسەر بە شێوەی پانۆرامای چیرۆک ئامێز وردەکاری ژیانی ڕۆژانەی ئەو گەرەکە ڕەسەنە تۆمار دەکات. بەچاوی ڕەخنەشەوە لە پرسی یاداشت کردنەوە دەڕوانێ و پێ وایە کە کورد هەژارە لە مەسەلەی بە ئەرشیف کردن و تۆمارو دیکۆمێنتاری مێژووی، هاوکات جەختی لەسەر گیانی کوردپەروەری و شۆرشگێڕی گەرەکی شۆرجە کردۆتەوە، نووسەر لەسەر زمانی کەسە بەتەمەن و خوێندەوارەکان بەرجەستەی واقیعی ژیان و هەڵسوکەوت و داب و نەریت و مۆراڵی دانیشتوانی ئەو گەرەکەی شاری کەرکوک و بە بەڵگەو دیکیۆمێنت باسەکەی بەپێز دەکات .

